زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا
# (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر
لە کۆمەڵناسی

لە لایەن
**فاطمة مراد ملا**
بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی – زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2009

**بە سەرپەرشتیاری**
**پ.د.طاهر حسو زیباری**

أربیل- کوردستان
کانوونی یەکەمی 2015

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا). هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو

قوتابی: فاطمة مراد ملا

بەروار: 1 / 11/ 2015

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوەو نوسراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی کۆمەڵناسی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تاوتوێکردن بکرێت.

ناو: پ. د. طاهر حەسۆ زێباری واژوو

بەروار: 1 / 11/ 2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو

ناو: ئارام ابراهیم حسین

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بەروار: 1 / 11/ 2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێویستییەکان جێبەجێ کراوە, بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بالاّ لە کۆلیژ

واژوو

ناو: احمد میرزا میرزا

بەروار: 2 / 11/ 2015

## بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردن

ئێمە وەکو لێژنەی تاوتوێکردن، ئەو ماستەر نامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا) خوێندەوەو قوتابییەکەمان کە ناوی (فاطمة مراد ملا) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی هەڵسەنگاند. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی کۆمەڵناسی تێدایە.

واژوو
ناو: پ. ی. د. محمد حسین محمد شوانی
ئەندام
بەروار:20 / 2015/12

واژوو
ناو: د. میدیا ابراهیم فتاح
ئەندام
بەروار: 2015/12/20

واژوو
ناو: طاهر حەسۆ زێباری
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار:20 / 2015/12

واژوو
ناو: پ. ی. د. عبدالحمید علی سعید بەرزنجی
سەرۆکی لیژنە
بەروار: 2015/12/20

واژوو
ناو: پ. ی. د. محمد عبدالله کاکەسور
ڕاگری کۆلیژی ئەدەبیات
بەروار: / /

پێشکەشە بە :

- رۆحی پاك و بێگەردی برایەکانم:
  - شەهید ڕەشاد مراد مەلا
  - شەهید دکتۆر ڕەشید مراد مەلا
- خوشکم
  - صبیحە خان
- هاوڕێ و هاوسەری خۆشەویستم
  - هاشم
- هەردوو برازا خۆشەویستەکانم
  - خەندە
  - کۆچەر
- هەردوو کوڕە جوانەکانم
  - هێسا
  - نڤار

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ (پڕۆفیسۆر دکتۆر طاهر حسو زیباری) کە ئەرکی سەرپەرشتنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.

سوپاسی تایبەتیم بۆ مامۆستایان (د. صباح أحمد نجار) و (د. سلیم بطرس) و ( د. مراد حکیم) کە بەسەرنج و تێبینییەکانیان سودی زۆریان پێگەیاندم.

سوپاسی بێ پایانم بۆ هەموو مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی کە وانەیان پێداوم.

سوپاسی تایبەتیم بۆ (دکتۆر ئومێد شوانی)

سوپاس بۆ خوشکی دڵسۆزم (صبیحە ).

سوپاس بۆ هاوسەری بەڕێزم (هاشم).

زۆر سوپاس بۆ هاوکاری و ماندوو بوونی هاوڕێیان (مامۆستا شوقی عثمان ) (شفیقة حسن ) (مامۆستا کرێکار عبدالرحمن و مامۆستا بەشدار عبدالرحمن).

سوپاس بۆ ( د. صافیة محمد ) و ( د. پەخشان سابیر حەمەد ).

سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی کۆلیژی ئەدەبیات بە تایبەتی ( کاك نەژاد).

سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی بەشی کۆمەڵناسی.

سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی.

سوپاس بۆ خوشکەزا خۆشەویستەکانم ( کاوە، ڕوخسار، تەلار، هێرۆ).

توێژەر


هەولێرنامەی کتێب

## پوختەی نامەکە

ئەم گۆڕانکاریانەی کە لەم چەند ساڵەی دوای لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە ڕوویانداوە، بۆتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی.... . خێزانیش وەك یەکەیەکی بچووکی بنیادی کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانکارییانە بێبەش نەبووە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر پێگەی ژن. بەرزی پێگەی ژن پەیوەندییەکی زۆری بە دروستی خێزان و بەرهەمهێنانی تاکی تەندروست هەیە. لەبەرئەوەی ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان لەخێزانی کوردیدا بە پلەی یەکەم، دەکەوێتە سەر شانی ژن. بۆیە توێژینەوە لەم بابەتە گرنگی تایبەتی هەیە.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە :**

1- دەستنیشانکردنی پێگەی ژن لە گەڕەکە هەژار و مامناوەند و دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر.

2- دەستنیشانکردنی بەڵگەی جیاوازی پێگەی ژن بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، تەمەن، پیشە، پلەی خوێندەواری ).

3- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلایەتی بە پێگەی ژن لەناو خێزان.

4- زانینی پەیوەندی نێوان کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ وپێگەکەی لەناو خێزان.

5- زانینی پەیوەندی نێوان بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسی و پێگەکەی لەناو خێزان.

6- زانینی پەیوەندی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی بە پێگەی ژن لەناو خێزان.

بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجانە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەکە, فۆڕمێکی ڕاپرسیمان دروست کرد لە (60) پرسیار پێکهاتبوو, بۆ دڵنیابوون لە شیاوی فۆڕمەکە لە ڕووی زانستییەوە، لەلایەن پسپۆڕانەوە هەڵسەنگێنرا. دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکە، ئەو پرسیارانەی کە پێویستییان بە دەسکاری هەبوو دووبارە داڕێژرانەوە و ئەوانەی بە بۆچوونی پسپۆڕان زیاد بوون لادران. لەکۆتاییدا ژمارەی پرسیارەکان بوو بە (45) پرسیار. ڕێژەی ڕاستی فۆڕمەکە بریتی بوو لە (93,66). پاشان پرۆسەی جێگیرکردنی فۆڕمەکەمان ئەنجامدا، لە ڕێگەی پرۆسەی دووبارە تاقیکردنەوە (Test-Retest) کە ڕێژەکەی بریتی بوو لە (89.5) و تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbache Alpha) ڕێژەکەی بریتی بوو لە (0,911).

دوواتر لە ڕێگەی جۆری نموونەی هەڕەمەکی چینایەتییەوە (400) خێزان لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر لەسەر بنەمای (هەژار, ناوەند, دەوڵەمەند) بە نموونە وەرگیران ئەندامانی نموونەکە لە هەردوو ڕەگەز پێکهاتبوون.

بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەریەك لە ( ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونە، تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ، شیکردنەوەی جیاکاری فرە گۆڕاوەکان "التباین") بۆ ئەم مەبەستەش گەڕاینەوە بۆ هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS).

**لە کۆتاییدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:**

1- لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەی لە کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (1991) و بەتایبەتی لەدوای ساڵی (2003ز) ی ڕوویانداوە، بۆتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ سەر چینی جیاواز، ئەوانیش چینەکانی دەوڵەمەند، ناوەند و هەژار.پێگەی ژن لە چینی دەوڵەمەند و ناوەند بەرزترە لە ژنانی چینی هەژار.

2- جیاوازی هەیە لە بەرزبوونەوەی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر، لە گەڕەکە دەوڵەمەندو ناوەندەکان نزیکەی وەکو یەکە، لە گەڕەکە هەژارنشینەکان پێگەی ژن کەمتر بەرز بۆتەوە.

3- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە بۆ پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن. بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوی پیشە و پلەی خوێندەواری .

4- کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغی گواستنەوە دایە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی، دەرەبەگایەتی و داخراوەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوەو سەرمایەدارییەوە. لە قۆناغی سەرمایەداریدا بەهۆی پێشکەوتنی لە ڕادەبەدەری تەکنۆلۆجیاو فراوانبوونی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان و زۆربوونی پیشەسازی و کارگە و کارخانەکان، پێویستی کۆمەڵگە بۆ هێزی بازوو و مەچەکی پیاو کەمتر دەبێتەوە, سەرەنجام پێگەی ژن و پیاو تا ئاستێکی باش هاوسەنگ دەبێت.

5- دابەشکردنی کار شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، ئەو شێوە تەقلیدی و باوەی جاران ژن ئیشی ماڵەوەو پیاو ئیشی دەرەوە بکات، نەماوە. بەمەش ژن پێگەی بەرزتر بۆتەوە.

6- لە کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (1991) ڕێکخراوی پیشەیی و حزبی زۆر دامەزراون، بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی بانگەشەی یەکسانی ژن و پیاو دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش ڕێژەی بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسیدا زۆر کەمە، ئەگەرچی خەڵکیش درکی بەو ڕاستییە کردووە کە ژنیش دەتوانێت کاروباری سیاسی هەڵسوڕێنێت، بەڵام هێشتا زۆر ئاسایی نیە ببێتە ئەندامی حزبێك یان ڕێکخراوێکی پیشەیی، لەبەرامبەردا ژنان ئازادییەکی تەواویان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پەرلەمان و حکومەتدا هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

7- له کوردستان خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی وەکو پێداویستییەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچ بۆ پرۆسەی خوێندن نەماوە. کچان هەر بۆ مەبەستی خوێندەوار بوون لەبەر خوێندن دانانرێن، بەڵکو بۆ ئەوەیە خوێندنەکە تەواو بکەن و بڕوانامە وەربگرن. خوێندنی کچان بۆتە جێی شانازی بنەماڵە و خێزانەکانیان و گرنگی پێدانی زیاتر بە ڕاوبۆچوونەکانیان.

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ii | بەڵێننامە |
| iii | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| iv | بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن |
| v | پێشکەشە |
| vi | سوپاس و پێزانین |
| xi-vii | پوختەی نامەکە |
| xii-x | پێرستی بابەتەکان |
| xiii | پێرستی خشتەکان |
| 2-1 | پێشەکی |
| 65-3 | **دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** |
| 14 -3 | **بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان** |
| 3 | یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە |
| 3 | 1- گرفتی توێژینەوەکە |
| 4 | 2- گرنگی توێژینەوەکە |
| 4 | 3- ئامانجی توێژینەوەکە |
| 4 | دووەم/ دیاریکردنی چەمکە زانستییەکانی توێژینەوەکە |
| 5 | 1- گۆڕانی کۆمەڵایەتی |
| 8 | 2- پێگەی کۆمەڵایەتی |
| 10 | 3- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 12 | 4- خێزان |
| 36-15 | **بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە** |
| 15 | یەکەم/ توێژینەوە هاوشێوەکان |
| 15 | 1- توێژینەوە کوردستانیەکان |
| 20 | 2- توێژینەوە عەرەبییەکان |
| 24 | 3- توێژینەوە بیانیەکان |
| 25 | 4- تاوتوێکردنی توێژینەوەکان |
| 26 | دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە |
| 27 | چەمکی فێمینیزم |


هەواڵنامەی کتێب

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم | 29 |
| ئاراستە هزرییەکانی فێمینیزم | 32 |
| 1- قوتابخانەی فێمینیزمی لیبرالی | 32 |
| 2- قوتابخانەی فێمینیزمی رادیکاڵی | 33 |
| 3- قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسی | 34 |
| 4- قوتابخانەی فێمینیزمی سۆشیالیستی | 35 |
| 5- قوتابخانەی فێمینیزمی پۆست مۆدێرن | 36 |
| **بەشی سێیەم/ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزاندا** | 47-37 |
| یەکەم/ پەرەسەندنی خێزان | 37 |
| دووەم/ پێگەی ژن لە خێزانی کۆن (نەریتی) | 40 |
| سێیەم/ پێگەی ژن لە خێزانی نوێ (مۆدێرن) | 42 |
| چوارەم/ پرۆسەی وەرچەرخان لە کوردستان | 44 |
| **بەشی چوارەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە مێژوودا** | 65-48 |
| یەکەم/ پێگەی ژن لە فولکلۆری کوردی | 48 |
| 1- پێگەی ژن لە ئەفسانە | 49 |
| 2- پێگەی ژن لە پەندی پێشینان | 52 |
| دووەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد | 54 |
| 1- ژنی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسان | 55 |
| 2- ئەرك و پیشەی ژنی کورد | 58 |
| 3- ژنی کورد و خوێندن | 60 |
| 4- خەباتی ژنی کورد | 63 |
| **دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | 106-66 |
| **بەشی پێنجەم/ ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە** | 66 |
| یەکەم/ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | 66 |
| دووەم/ میتۆدی توێژینەوەکە | 68 |
| سێیەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 70 |
| چوارەم/ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | 73 |
| پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە | 74 |
| **بەشی شەشەم/ خستنە ڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە** | 104-76 |
| یەکەم/ خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوەکە | 76 |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 82 | دووەم/ خستنەڕووی زانیارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە |
| 84 | 1- پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 89 | 2- جیاوازی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر |
| 88 | 3- بەڵگەی جیاوازی پێگەی ژن لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە |
| 90 | 4- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە پێگەی ژن |
| 97 | 5- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ |
| 99 | 6- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسی |
| 101 | 7- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و خوێندنی ژن |
| 105 | دەرئەنجامەکان |
| 106 | ڕاسپاردەکان |
| R107 | سەرچاوەکان |
| A129-A117 | پاشکۆکان |
| C-A | پوختە بە زمانی ئینگلیزی |


هەواڵنامەی کتێب

## پێرستی خشتەکان


| ژ.لاپەرە | ناونیشانی خشتەکان | ژ |
|---|---|---|
| 68 | دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەسەر گەڕەکەکانی شاری هەولێر ڕووندەکاتە | 1 |
| 76 | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 2 |
| 77 | تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 3 |
| 78 | پیشەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 4 |
| 79 | پلەی خوێندەواری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 5 |
| 80 | باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 6 |
| 81 | باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 7 |
| 81 | شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 8 |
| 83 | پەیوەندیە ناوخۆیەکانی تەوەرەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە | 9 |
| 83 | پەیوەندی تەوەرەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕووندەکاتەوە | 10 |
| 85 | جیاوازی پێگەی ژن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە | 11 |
| 85 | جیاوازی بڕگەکانی تەوەری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە | 12 |
| 86 | جیاوازی بڕگەکانی تەوەری کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە | 13 |
| 87 | جیاوازی بڕگەکانی تەوەری سیاسی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە | 14 |
| 87 | جیاوازی بڕگەکانی تەوەری خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە | 15 |
| 88 | ڕوونکردنەوەی جیاوازی بۆچوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەستکردن بەپێگەی ژن بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز | 16 |
| 89 | بەڵگەی جیاوازی لە تەوەرەکانی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندەواری. | 17 |
| 91 | پەیوەندی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە پێگەی ژن ڕووندەکاتەوە. | 18 |
| 98 | پەیوەندی پێگەی ژن بە کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ ڕووندەکاتەوە. | 19 |
| 100 | بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسیدا ڕووندەکاتەوە. | 20 |
| 103 | پەیوەندی خوێندن بە پێگەی ژن ڕووندەکاتەوە | 21 |

# پێشەکی

# پێشەکی

پێگە و ڕۆڵی ژن لە خێزاندا، لە دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتییەوە شان بە شانی پیاو دەست پێدەکات و ڕۆڵێکی کاراو گرنگی لە هەموو بوارەکاندا گێڕاوە. بەتایبەت لە بواری ئابووریدا کە ئەو کات خۆی لە پەیداکردنی خواردن و تێرکردنی سکی برسی ئەندامانی خێزان دەبینیەوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەهۆی گۆڕانی سەردەمەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ڕۆڵ و پێگەی ژن لەناو خێزاندا دەگۆڕێت و ژن لەبەرامبەر ئەو گۆڕانە نوێیانەدا دەستە وەستان ناوەستێت و بە بیرو هەگبەی نوێی، خۆی لە بەردەم شەپۆلی ئەم گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگە ڕادەگرێت و دواتر خۆی دەگونجێنێت و تا دەگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت بە شێوازێکی تەندورست پێشوازی لە گۆڕانکارییە نوێکان بکات.

پرسی ژن پرسێکی جیهانییە، لە هەر کۆمەڵگەیەك بەشێوەی جیاواز و ڕادەی جیاواز خۆی نواندووە. لەیەك کۆمەڵگەشدا لەناو چینێکی یاخود توێژێکی کۆمەڵگە بۆ یەکێکی دیکە, لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێ. لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکانی دنیادا، نە لەڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و زانستییەوە. ژن هاو پێگەی پیاو نیە. لەوانەیە هەندێك پێیان وابێت ژنانی ڕۆژئاوا بە سەرجەم مافەکانیان گەیشتوون، سووکایەتیان پێ ناکرێت، ناکوژرێن و جیاوازیان پێ ناکرێت. بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی گشتگیر و تاکڕەو، هیچ جۆرە فیکر و فەلسەفەیەك لە کۆمۆنیستەکان، ئایینەکان, لیبرالەکان، کۆنەخوازەکان، ناسیۆنالیستەکان، ئەوانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن، جیهانی بوون و شۆڕشی زانیاریش نەیانتوانیوە سەرجەم مافەکانی ژن دەسەبەر بکەن، چەوساندنەوەکانی لە بنەڕەتەوە ڕیشەکێش بکەن و کێشەکانی چارەسەر بکەن.

ئەمڕۆ لە دنیای هاوچەرخدا داخوازی ئازادبوونی ژنان لە بەرزبوونەوە دایە, چیتر بیرۆکەی کۆیلە بوونی ژنان پەسەند ناکرێت, چونکە ئەمڕۆ ژنان بە ئامادە بوونیان دەتوانن شوناسی ونبووی خۆیان وەکو مرۆڤ بەدەست بێننەوە.

توێژینەوەی ئێمەش کە تایبەتە بە ((گۆڕرانە کۆمەڵایەتییەکان لەخێزانی کوردیدا و پەیوەندی بە پێگەی ژن )). ئەرکێکی گرنگ و قورسمان دەکەوێتە سەر شان بۆ ئەوەی بتوانین بە بیرێکی هاوسەنگ و دادوەرانە ڕۆڵ و پێگەی ژنی کورد لەو مەیدانەدا باس بکەین و ڕاستی ڕۆڵی ژن بەدیاربخەین , چونکە دەبینین ژنانی کورد پێشڕەوی هەموو ژنانی جیهان دەکەن بۆ بەرەنگار بوونەوەی دڕندەترین هێزی مێژوو، ئەمەش پاڵی بە توێژەر نا تاوەکو نموونەی ژنی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بکاتە سەر مەشقی پێشکەوتن و ئازادی ژنانی جیهان و ئەوە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە دەربخات کە ژنی کورد کاری تەنها وەچە نانەوە و منداڵ بەخێوکردن نیە، بەڵکو

لەپاڵ هەموو ئەو کار و ڕۆڵانەی دیکەی کە هەیبووە ئەرکی بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیشی جێبەجێکردووە.

دەبینین ژنانی کورد لەسەرەتادا دووچاری چەندین گیروگرفت دەبوونەوە ئەویش بەهۆی سروشتی کۆمەڵگە و خراپ مامەڵە کردنیان لەگەڵ ژنان بەمە پێگە و ڕۆڵی ژن لاواز ببوو . وایکردبوو ژن بە مرۆڤێکی بێ دەسەلآت و نەزان وێنا بکرێت , بەلآم بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگە و هاتنی سەدەی نوێ کە بەسەدەی ژن ناسراوە . هەموو ئەوگۆڕانکارییە کۆمەلآیەتی و ئابووری و سیاسیانە پێگە و ڕۆڵی ژن بەرز دەکەنەوە و ژن ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی پێدەبەخشرێت لە خێزاندا .

سەردەمی نوێ کە سەردەمی تەکنەلۆژیا و کورتکردنەوەی دووری نێوان کیشوەر و وڵاتەکانە، کێشە و گیروگرفتی نوێ ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە، باری گرانی ئەو کێشە و کۆسپانە دەکەونە ئەستۆی ژن، ئەمەوا دەکات ئەزموون و شارەزایی ژن زۆر دەبێت و دەیکاتە دایك و هاوڕێیەکی بەسۆزی منداڵەکانی و بەردەوام ئەوە دەخوازێت کە منداڵەکانی کەسانێکی سەرکەوتوویان لێدەربچێت . لەم پرۆسەیەشدا ژنانی نەخوێندەوار پشکی شێریان بەردەکەوێت لە دروست بوونی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمیان بۆ مامەڵە کردن لە بەرامبەر ئەو گۆڕانە نوێیانەی کەجیهانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بە بیرێکی سادەی کوردەواریانە و ڕووخسارێکی مۆدێرنانە هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن .

ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و چوار بەش دەگرێتە خۆ کە بەم شێوەیە ڕێکخراوە، بەشی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە کە بریتین لە گرفت، گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە کە، توێژینەوە هاوشێوەکان و تیۆری توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت. بەشی سێیەم تایبەتە بە گۆڕانی کۆمەلآیەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لەناو خێزاندا. بەشی چوارەم تایبەتە بە پێگەی ژنی کورد لە مێژوودا کە تیایدا باسی پێگەی ژن لە فولکلۆر و ڕەوشی کۆمەلآیەتی ژنی کورد لە مێژوودا کراوە.

دەروازەی دووەم کە تایبەتە بە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە, بەشی پێنجەم تایبەتە بە ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە, باس لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و میتۆدی توێژینەوەکە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەکە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارییەکان و بوارەکانی توێژینەوەکە دەکات. بەشی شەشەم تایبەتە بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان و زانیارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە. لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان، هەروەها لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان خراوەتە ڕوو.

هەولێرنامەی کتێب

# دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

1- گرفتی توێژینەوەکە

2- گرنگی توێژینەوەکە

3- ئاما نجی توێژینەوەکە

### دووەم/ دیاریکردنی چەمکە زانستییەکانی توێژینەوەکە

1- گۆڕانی کۆمەلآیەتی

2- پێگەی کۆمەلآیەتی

3- ڕۆڵی کۆمەلآیەتی

4- خێزان

## بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی چەمکەکان

ئەم بەشە تایبەتە بە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە کە بریتین لە گرفت ، گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە. لەگەڵ دیاریکردنی چەمکەکان.

### یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

#### 1- گرفتی توێژینەوەکە

دیاریکردنی کێشەو گرفتی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکییە لەهەر توێژینەوەیەکی زانستی، بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بەوەی کە سەرەتاو دەسپێکی هەنگاوەکانی دیکەی توێژینەوەکەی بەدوادادێت.

بابەتی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەداو بەتایبەتی لەناو خێزان جێگەی بایەخەو گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، چونکە خێزان وەك کۆمەڵناسان ئاماژەی بۆ دەکەن سەرەکیترین یەکەی کۆمەلأیەتییە کە بنیادی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، بەوەی سەرەتاکانی ژیانی تاك و پرۆسەی بەکۆمەلأیەتیبوون لەوێوە سەرچاوە دەگرن.

لەناو خێزاندا ژن ڕۆڵی کارا دەگێرێت بەتایبەتی خێزانی کوردی، بەوپێیەی کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییەو لەقۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن. پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووتر پەیوەندییەکی زۆری بەدروستی و ڕێکوپێکی خێزانەوە هەیە، ژنیش لەناو خێزاندا بەپێی ئەو ئەرکانەی بۆی دیاریکراوە لە ڕێگەی دابونەریتەکان و بەتایبەتیش ئایین، ڕۆڵی بەرچاوی لە کۆنترۆلکردنی خێزان لەلایەنی کۆمەلأیەتی، دەروونی، پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەکان هەیە.

جگە لەمەش لە ئێستادا ژنان بەشداری پێکهێنانی ئابووری خێزان دەکەن، لەڕێگەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی توانیویانە لە دامودەزگاکان دابمەزرێن و پلەو پۆستی حکومی وەربگرن و تەنانەت لە کەرتی تایبەتیش کار بکەن و کاروباری سیاسیش ئەنجام بدەن، ئەم ڕۆل و ئەرکانەی ژنیش بێگومان پەیوەستە بە پێگەکەی لەناو خێزاندا.

ئەم گۆڕانکاریانەی لەم چەند ساڵەی دوای ڕوویانداوە، بۆتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمەکانی کۆمەلأیەتی، ئابوری، سیاسی ...، خێزانیش وەك بەشێکی بچووکی بنیادی کۆمەلأیەتی لەم گۆڕانکارییانە بێبەش نەبووە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر پێگەی ژن.

پرسی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشانکردنی پێگەی ژنە لەناو خێزان. ئێمە لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین بەو ئەنجامانە بگەین کە ئەم گۆڕانکارییانە تا چ ئاستێك کاریگەری هەیە لەسەر پێگەی ژن لەناو خێزاندا؟ ئایا بۆتە هۆی بەرزبونەوەی پێگەکەی یان بە پێچەوانەوە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەگەرچی لە کوردستان لەسەر پرسی ژنان زۆر گوتراوە و زۆریشی لەسەر نوسراوە، بەلاَم بەبڕوای ئێمە ئەم بابەتە هێشتا زیندووەو هەر بەزیندوویش دەمێنێتەوە، چونکە تایبەتە بەتوێژێکی هەستیاری کۆمەڵ، بەتایبەتیش پێگەی ئەم توێژە لەناو خێزان. لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئاگاداری توێژەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تێرو تەسەل لەسەر بابەتەکە کەمن. ئەمە وای لە ئێمە کرد ئەم بابەتە هەڵبژێرین، بۆئەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی زانستی و لەچوارچێوەی تیۆری گونجاو، دیاردەکە شیبکەینەوەو ڕاڤەی بکەین، بەمەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو و خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێك سەبارەت بە دیاردەکە. هاوکات ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری کۆمەڵناسی خێزان، ئەم لقە زانستییە لەناو کۆمەڵناسیدا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی تاکەکانەوە هەیە، بەوەی چەندین پەیوەندی و کارلێکی کۆمەلاَیەتی لەنێو خێزاندا ڕوودەدەن کە ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەبێت.

## 2- ئامانجی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە توێژەر لەمیانەی توێژینەوەکەیدا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات. ئەم توێژینەوەیەش چەند ئامانجێکی هەیە، ئامانجەکانیش بریتین لە:

ا- دەستنیشانکردنی پێگەی ژن لە گەڕەکە هەژار و مامناوەند و دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر.

ب- دەستنیشانکردنی بەڵگەی جیاوازی پێگەی ژن بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، تەمەن، پیشە، پلەی خوێندەواری).

ت- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلاَیەتی و پێگەی ژن لەناو خێزان.

پ- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلاَیەتی وکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ.

ج- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلاَیەتی وبەشداریکردنی ژن لەکاری سیاسی.

ح- زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلاَیەتی وخوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی بە پێگەی ژن لەناو خێزان.

## دووەم/ دیاریکردنی چەمکە زانستییەکانی توێژینەوەکە

یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، دەستنیشانکردنی چەمکەکانە، کەوا لەتوێژەر دەکات هەر لەدەستپێکی کارەکەیدا هەوڵبدات بۆ دیاریکردنی ئەو چەمکانەی دەکەوێتە نێو چوارچێوەی بابەتەکەی. گرنگی و بایەخی چەمك لە دوو لاوە خۆی

دەنوێنێ، لەلایەك گرنگە بۆ زاناكان، چونكە زمانێكی هاوبەش لەنێوان پسپۆڕانی هەر زانستێك بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا، لەلایەكی دیكەوە یارمەتی خوێنەر دەدات بابەتەكەی لەلا ڕوونتر بێت و ئارەزووی بۆ خوێندنەوەی بابەتەكە زیاتر بێت. ئەم توێژینەوەیەش چوار چەمكی لەخۆ گرتووە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

## 1-گۆڕانی كۆمەڵایەتی (Social Change)

گۆڕان ڕاستییەكە بوونی هەیە، بگرە پێویستیەكی گرنگی كۆمەڵگە مرۆییەكانە بۆ بەردەوام بوون و گەشەسەندنی كۆمەڵگە. دیاردەی گۆڕان تازە نییە، بەڵكو لەكۆنەوە بوونی هەیە، هەر بۆیە (هیراكلیتس) ی فەیلەسوفی یۆنانی بە نیشاندانی بیرۆكەیەك ئاماژە بەوە دەدات كە دەڵێ: "مرۆڤ ناتوانێ دووجار پێ بخاتە ئاوێكەوە". واتە ڕووبارەكە هەمان ڕووبارە بەڵام ئاوەكە گۆڕاوە.[1]

(ئیبن خەلدوون) یەكەم زانای كۆمەڵناسییە تیۆری گۆڕانی كۆمەڵایەتی داهێناوە، خۆی لە سەدەی پانزەهەمی زایینیدا ژیاوە و بەر لەهەمووان دەستی داوەتە شیكردنەوە و ڕوونكردنەوەی بنەما و پرەنسیپ و گرنگی ئەو تیۆرە لە ڕاڤەكردنی قۆناغەكانی شارستانیەت كە كۆمەڵگەكان پێیدا تێپەڕدەبن. تیۆرەكەی ئیبن خەلدوون لەسەر بنەمای ململانێی نێوان كۆچەرییەكان و شارنشینەكان هەڵچنراوە، بە بۆچوونی ئەو، ئەم دوو لایەنە بنەمای گۆڕانن، كاتێك كۆچەرییەكان دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرن و سوود لە دەستكەوتەكانی شارستانیەت وەردەگرن و دەكەونە ناو خۆشگوزەرانییەوە، ئیدی لە ئاكامدا گرفتاری گەندەڵی دەبنەوەو ناتوانن پارێزگاری لە دەسكەوتەكانیان بكەن و داكۆكی لە دەوڵەتەكەیان بكەن، لەئەنجامدا هۆزێكی تر بەسەرییاندا زاڵدەبێت.[2]

زانایانی كۆمەڵناسی لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەوە گرنگیان بە توێژینەوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی داوە، واتە ئەوكاتەی (ئۆگەست كۆنت و هێربەرت سپنسەر) و شوێنكەوتوانیان ڕاڤەی هۆكار و ئەنجامەكانی گۆڕانە كۆمەڵایەتیەكانیان كرد لەژێر تیشكی ڕوودانی ئەو شۆڕشە سیاسیی و ئابووریانەی كە لە كیشوەری ئەورووپادا بەگشتی ڕوویاندا، بەتایبەتیش شۆڕشی فەرەنسی وشۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا و شوێنەوارەكانیان لە گۆڕانی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی و

---

1 – حسن ابو حمود، المدخل الى علم الاجتماع، دار الملايين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2012، ص 181.

2 – عبد علي سلمان عبدالله المالكي، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية، ط1، دار نيبور للطباعة والنشر زالتوزيع، بغداد، ص 186.

بیروباوەڕی فیکری گەلان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی گوزەران و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی.[1]

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فیکری مارکسیزمدا خراوەتە ناو چوارچێوەی مەتریالیزمی مێژوویـیەوە، بەوەی شیکردنەوەیەکی مەتریالییە بۆ قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە، هەروەها مادده تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی بوونە، مارکسیزم ئاماژە بەو پرۆسانە دەدات کە لە سروشت و کۆمەڵگە ڕوودەدەن. بەمانایەکی فراوان، گۆڕانی جیهان لەسەر بنەمای ماددەیە. (مارکس) لە پێناسەی دیالیکتیکدا دەڵێ: "دیالیکتیك بریتیە لە یاسا گشتییەکانی گۆڕان، چ ئەو گۆڕانە لە جیهانی دەرەکی بێ یا لە فیکری مرۆییدا بێ، بۆیە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەڵگری پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی- ئابووری بۆ یەکێکی دیکە کە تیایدا وێنەی ناکۆکی و ململانێی چینایەتیەکان لەنێو دەچن".[2] بەڵام (ماکس ڤیبەر) هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەڕاندۆتەوە بۆ فاکتەری ئایینی، بەشێوەیەك ئایینی بە بزوێنەری بنەڕەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم داوە. هەندێ لە زانایانی دیکە جەختیان کردۆتە سەر هۆکاری هەمەجۆر لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، هەر یەك لە (ئۆکبێرن و سۆرۆکین) نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکەن. ئەمان جەختیان کردۆتە سەر فاکتەری ماددی و نامادی، بەڵام کۆك و هاوڕا نین لەسەر خێرایی یەکێك لەو هۆکارانە بەسەر هۆکارێکی دیکەدا.[3]

بە بۆچوونی (تالکۆت پارسۆنز) هۆکارەکانی پەرەسەندنی شارستانی تەنها یەك فاکتەری ئابووری یا کولتووری نییە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەرە کە لە هەموو قۆناغێکی شارستانیەتدا ڕۆڵی خۆیان دەبێ لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.[4] هەروەها پێی وایە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی سروشتی لە دۆخی سەقامگیری و جێگیری دایە، هەر بۆیە ئەگەر گۆڕان

---

1 – احسان محمد الحسن، مبادىء علم الاجتماع الحديث، ط1، دار وائل للنشر، عمان، 2005، ص300.

2 – محمد احمد الزعبي، التغير الاجتماعي بين علم الاجتماع البرجوازي وعلم الاجتماع الاشتراكي، دار الطليعة، بيروت، 1978، ص35-37.

3 – طاهر حسو مير الزيباری، دور المراة الكردية فی المشاركة السياسية، ط1، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2006، ص47.

4 – علي ليلة واخرون، التغير الاجتماعي والثقافي، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، 2010، ص170.

لەبەشێکی ڕووبدات بەشەکانی تریش گۆڕانیان بەسەردادێت، بەم شێوەیە کۆمەڵگە بەلانسی خۆی وەردەگرێت، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و ناجێگیری کۆمەڵگە.[1]

(ئەنتۆنی دی سمث – Anthony D. Smith) و (فرانسیس ئالین – Francis R. Allen) پێیان وایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی لە کردە یان شێواز یان وێنەی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەمەش گۆڕانێکی گشتگیرە و ئاماژە بە ئەنجامەکانی جووڵەی کۆمەڵایەتی و تازەگەری لە کۆمەڵگە دەدات.[2]

(ولبێرت مور Wilbert E. Moore) لە پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەڵێت، ئەو ئاڵ و گۆڕەیە لە بنیادی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات لەلایەنی جۆر و شێوازی کردەکان، کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر ڕەفتار، بەها، کولتوور، هێماکان، پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی... تا ئەو گواستنەوەیە لە بنیادی کۆمەڵایەتی ببێتە گۆڕانێکی گشتگیر لەسەر تەواوی کۆمەڵگە.[3]

(ڕیتزەر–Georg Ritzer) دەڵێ: گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بە جیاوازی مێژوویی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاک و گرووپ و ڕێکخراو و کولتووری کۆمەڵگەکاندا. هەروەها (فارلی) دەڵێ: گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە گۆڕینی شێواز و ڕەفتار و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەم و بنیادی کۆمەڵایەتی.[4]

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو گۆڕانانەیە کە لە پێکهاتەو بنیادی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری، لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لەساڵی 1991 و بە تایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی (صدام) لە ساڵی 2003 ڕوویانداوە. لە ئەنجامدا بۆتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، خێزانیش وەك یەکەیەکی بچووکی کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەر داهاتووە و بۆتە هۆی گۆڕینی پێگەی ژن لەکوردستان.

## 2–پێگەی کۆمەڵایەتی (Social Status)

پێگەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك ماف و ئەرك دەگرێتەوە کە دەربڕی شوێنگەی کەسێکە لەبەرامبەر کەسانی دیکەدا، جا ئەم پەیوەندیانە چ ئاسۆیی بن یان ستوونی، لەسەر بناغەی

---

1 -Richard T. Schaefer ،sociology ،9th ed. McGraw-Hill ،New York ،2005 ،p324.

2 - Anthony D.Smith, Social Change, Longman, London, 1968, p. 13-14.

3 - Wilbert E. Moore ،" Social Change ،In: International Encyclopedia of the Social Sciences ،Crowell Collier and Macmillan Inc ،New York ،Vol. 14 ،1968 ،p.365

4 – ابراهيم عثمان و قيس النوري، التغير الاجتماعي، الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات بالتعاون مع جامعة القدس المفتوحة، القاهرة، 2008، ص 7.

یەکسانی بن یان پلەوپایە، یان بەسترابنەوە بەبەرژەوەندی کۆمەڵایەتی یان بۆ شانازی پێوەکردن. [1]
یاخود بەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و پلەیەك دەگوترێت کە تاك لە گروپ یان لە ئاستی کۆمەڵایەتی گروپێکدا بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ گروپەکانی دیکە بە دەستی دێنێت، پێگەو باردۆخی کۆمەڵایەتی تاك ماف و بەرژەوەندیەکانی تاك دیاری دەکات. [2]

پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنەیە کە هەرکەسێك لە بنیادی کۆمەڵایەتیدا داگیری دەکات، یاخود رەوشێکی کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤ پێیەوە خەریکە. بەدەربڕینێکی تر پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو رەوش یاخود بارودۆخە کۆمەڵایەتییەیە کە هاوسەردەمانی کەسەکە بەشێوەیەکی بابەتی لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین پێی دەسپێرن و خودی تاکە کەسەکەش ئەم ڕەوشەی بە شێوەیەکی خودی و زەینی پاراستووە یان هەوڵی پاراستنی دەدات. [3] لێرەدا کۆمەڵێك گۆڕاو بۆ بەرقەرار بوونی پێگە هەیە وەك: تەمەن، تەندروستی، پەیوەندیە خێزانیەکان، پێشەو کەسایەتی. [4]

لە بنەڕەتدا دوو جۆر پێگەی کۆمەڵایەتی سەرەکی هەیە، ئەوانیش ئەو دوانەن: یەکێکیان پێگەی بۆ ماوەییە، دووەمیان پێگەی وەرگیراوە. تاکەکان بەبێ هیچ ئەرکێکی خودی خۆیان بەپێگەی بۆ ماوەیی دەگەن، وەکو پێگەی پیاو یاخود ئافرەت، یاخود گەورەبوون یان پیری، بەڵام تاکەکان بەهۆی ئەرکی تایبەتی خودی خۆیانەوە بە پێگە وەرگیراوەکان دەگەن. [5] هەر تاکێك لەوانەیە بە پێچەوانەی رۆڵێك کە کۆمەڵگە پێی سپاردووە رۆڵێکی دیکە بۆ خۆی دیاری بکات و لە ئاکامدا پێگەیەکی دیکە وەدەست دێنێ کە جیاوازی لەگەڵ پێگەی پێشووی هەیە، بۆ نموونە، لەوانەیە کوڕە وەزیرێك بە پێچەوانەی رۆڵێك کە کۆمەڵگە بۆی دیاری کردووە، لە ڕێگەی خوێندن بە هۆی توانایی و لێهاتووی و چوونەسەری تەمەن و بەرزبوونەوەی پلەی خوێندن، پیشەیەك جیا لە پیشەی وەزیری (پیشەی باوکی) وەك پزیشکی، ئەندازیاری، کاری تەکنیکی... بەدەست بێنێ، لە ئاکامدا بەپێی رۆڵێك کە دەیگێڕێ پێگەی کۆمەڵایەتیشی دەگۆڕێ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە

[1] – مەنوچێهر موحسینی، سەرچاوەی پێشوو، ل245.
[2] – برۆس کۆهین، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و چەکۆ ئەحمەدی، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2014، ل97.
[3] –پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و: جەواد مستەفا ستوپەیی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چ1، هەلێر، 2003، ل 121
[4] – محمد جاسم العبيدي و باسم محمد ولي، المدخل الى علم النفس الاجتماعي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط1 عمان، 2009، ص 113.
[5] – مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد لەگەڵ جەختکردنە سەر کۆمەڵگای عەرەبی، و: د. عبدالله خورشید و ئەوانیتر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلات، هەولێر، 2012، ل211.

کە کونجاوبێت لەگەڵ رۆڵە نوێیەکەی وەدەست بێنێ. [1] زانا (راد کلێف براون) یەکەم کەس بوو زاراوەی (پێگەی کۆمەڵایەتی) بەکار هێنا، کاتێك ویستی ئەو خاڵە دیاری بکات کە تاك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێت، [2] (لینتۆن Lenton) پێی وایە چەمکی پێگە ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەی کە کەسێکی دیاری کراو لە سیستمێکی تایبەتی و لە کاتێکی دیاری کراوی پەیوەست بەم سیستمە وەریگرتووە. [3]

(ئەحمەد زەکی بەدەوەی) پێی وایە پێگەی کۆمەڵایەتی کە تاك لەنێو گروپێکدا بەدەستی دێنێت، پەیوەستە بە کۆمەڵێك رۆڵی دیاری کراو کەگونجاوە لەگەڵ ڕێساو بنەمای رەفتاری پەسەندکراو. وەك، پێگەی (باوك، کوڕ، مامۆستا، قوتابی، سەرۆك). [4]

(کامل علوان ئەلزوبێدی) لە کتێبی (علم النفس الاجتماعي) بەم شێوەیە دەڕوانێتە پێگەی کۆمەڵایەتی، کە ئاماژەیە بۆ ئەو بارەی تاك کاری تێدادەکات، یاخود ئەو وەزیفەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا جێبەجێی دەکات. [5]

(میرل) پێی وایە، پێگە ئەو دۆخەیە کەتاکە کەس بەهۆی تەمەنی یا ڕەگەزی یا لەدایك بوونی یا دۆخە خێزانییەکەی یا دەسکەوتەکانی لەکۆمەڵگەدا وەری دەگرێت. [6]

پێگەی کۆمەڵایەتی لە روانگەی (ئەنتۆنی گیدنز Anthony Giddens) ئەو شوناسە کۆمەڵایەتییەی کە تاکە کەسێك لەناو گروپێك یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەدەستی دەهێنێت، پێگەی کۆمەڵایەتی بە سروشتی خۆی زۆر گشتیە (وەك ئەوەی پەیوەستە بە رۆڵی جێندەر) یان زۆر تایبەتە (وەك دۆخی پیشەیی). [7]

هەواڵنامەی کتێب

---

1 – مەنسور وسوقی و عەلی ئەکبەر نیك خولق، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان موحەمەد جاف، چ1، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، 2013، ل233 – 234.

2 – ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێرانی دانا مەلا حەسەن،چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012، ل137.

3 – ابراهيم الخطيب واخرون، مدخل الى علم الاجتماع، الاهلية للنشر والتوزيع، دون سنة الطبع، ص31.

4– احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لينان، بيروت،بدون سنة الطبع، ص410.

5 – كامل علوان الزبيدى، علم النفس الاجتماعي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان، 2003، ص 166.

6 – محمد بهجت جادالله كشك، تنظيم المجتمع من المساعدة الى الدفاع، المكتب الجامعى الحديث، مصر، 2012، ص 39.

7 – ئەنتۆنی گیدنز، دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2013، ل 328.

لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بەم شێوەیە پێگەی کۆمەڵایەتی ژنی کورد بناسێنین. پێگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پلەو پایە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکان لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێ لەناو گروپێکدا، بەدەستی دێنێت. ژنی کوردیش وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەو لەچوارچێوەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە ئەرك و ڕۆڵەکانی دیاریکراون و لەئەنجادا پێگەیەکی داگیرکردووە. یاخود لە ڕێگەی بۆ ماوەییەوە پێگەیەکی پێسپێردراوە.

## 3-ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Role)

سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆڵ بۆ بواری شانۆ دەگەڕێتەوە، کۆمەڵناسان ئەم زاراوەیان لە شانۆوە وەرگرتووە، بەلام کۆمەڵناسان بایەخ بەڕۆڵی تاك نادەن، بگرە بایەخ بەلایەنێکی تایبەتی ڕۆڵی تاك دەدەن، ئەویش کاتێك لەبارێکی دیاریکراودا بەڕۆڵێکی دیاریکراو هەڵدەستێ. واتا ئەو بەشەی هەڵسوکەوتەکانی کەلەئاست خەڵکی تردان، لەچوارچێوەیەك کەناوی دەنێن شانۆگەری.[1]

ڕۆڵ ئەو ڕەفتارەیە کەخەڵکی لێمان چاوەڕوانی دەکەن، چونکە ئێمە بەجێهێنانی ئەرکێکی تایبەتیمان لە ئەستۆدایە یاخود پێگەیەکی دیاریکراومان داگیرکردووە. وەختێ ڕۆڵی برا یان خوشك دەبینین چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکرێت کە میهرەبان، پارێزەر، هاوڕێ و بەئەمەك بین. لەڕۆڵی مامۆستایەك چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کەبچێتە پۆلەوەو بابەتی سەرنجڕاکێش و بەکەڵك باس بکات. کەواتا ڕۆڵ چەمکێکی پێوەرییە، لەسەر ئەو ڕەفتارانە بنیاتنراوە کە لێمانەوە چاوەڕێ دەکرێت ئەنجامی بدەین.[2]

ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرن، لەکۆمەڵگە نەریتییەکاندا جیاکردنەوەی ڕۆڵکان بەئاسانی ئەنجام نادرێ و بەزۆری ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕۆڵە خێزانییەکان تێکەڵن. هەرچەند لەکۆمەڵگە سادەکانەوە بەرەو کۆمەڵگە کراوەکان بڕۆین جۆراو جۆری و فرەیی ڕۆڵەکان زیاتر دەبێت. دەشێ دوو جۆر ڕۆڵی سەرەکی جیابکەینەوە، ڕۆڵی پێسپێردراو، ئەو ڕۆلانەن کە کۆمەڵگە بۆ هەرکەسێك دیاریدەکات و تاکەکەس بەبێ خواست یان هەوڵدان خۆی تێدا

---

[1] - ابراهيم عيسى عثمان، الاصول في علم الاجتماع، شركة كاظمة للنشر والتوزيع، الكويت، 1983، ص 26.

[2] - مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانیتر، چ2، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2006، ل 250.

دەبینێتەوە. ڕۆڵی بەدەستهێنراو، ئەو زنجیرە ڕۆڵەیە لەگەڵ پێگەی بەدەستهێنراودا بەتاکە کەس دەسپێردرێت کە بۆبەدەستهێنانی کارو تێکۆشان پێویستە.[1]

زاراوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی بەواتای جیاجیا بەکاردێت، لە ئینسکلۆپیدیای دەروونناسیدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە، بریتییە لە نیشانەی ئەرکایەتی تاك لەناو کۆمەڵ، یاخود نیشانەی کەسایەتییە لەکاتی نواندنی هەڵسوکەوتەکانی.کەلەناو کۆمەڵدا دەردەکەوێت.[2]

هەروەها (شاکر مستەفا سەلیم) لەفەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆجیادا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی واپێناسە دەکات، بریتییە لە کۆمەڵێك ماف بۆ تاکێك و هەڵگرتنی کۆمەڵێك بەرپرسیارییەتی کە ببێت بەمایەی کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراو، بەو پێیەی خاوەن پێگەیەکی دیریکراوە.[3]

(دینکن میشێل) لەفەرهەنگی کۆمەڵناسیدا پێی وایە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری پێشبینی کراوی کەسێکی خاوەن پێگەیە، پێگەی کۆمەڵایەتیش ئەو پەیوەندی یان ئاماژەیەیە کە سروشتی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەستنیشانی دەکات، بەجۆرێك کە دەلالەت لەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پایەی کۆمەڵایەتیدا بکات، هەموو ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیش کۆمەڵە ئەرك و مافێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە.[4]

(نیوکۆمب Newcomb) پێی وایە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی چەمکێکی سۆسیۆلۆجیە و ئاماژەیە بەکردەیەك لەهەموو ئەمانە چاوەڕێ دەکرێت کە ئەندامی گروپێکن و پێگەیەکی دیاریکراویان هەیە، بەبێ لەبەر چاوگرتنی کەسایەتییان.[5] (میرتۆن Merton) پێی وایە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جۆر یان شێوازێکە لەڕەفتاری تاکە کەس، لەڕێگەی ئەو ڕۆڵەی کە بەدەستی دەهێنێت هەوڵ دەدات ببێتە خاوەنی پێگەیەك لەسیستمی کۆمەڵایەتی.[6]

(لێندبێرگ Lundberg) لەپێناسەکەیدا دەڵێت، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جۆرە ڕەفتارێکە چاوەڕێ دەکرێ تاکێك لەگروپێك لەدۆخێکی دیاریکراودا ئەنجامی بدات، ڕۆڵەکان ئەو بابەتەن

---

[1] – پەروین سازگارا، سەرچاوەی پێشوو، ل 124 – 126.

[2] – اسعد رزوق، موسوعة علم النفس، ط1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1977، ص 134.

[3] – شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، ط1، جامعة الكويت، ص829.

[4] – دينكن ميشێل، معجم علم الاجتماع، ت: احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1980، ص 253.

[5] – ابراهيم عبدالهادى محمد المليحى، الخدمة الاجتماعية من منظور تنظيم المجتمع رؤية واقعية، ط1، مكتبة المعارف الحديثة، مصر، 1989، ص 135.

4- Ken Heap, Group Theory for Social Workers, Universitetsforlaget, Norway, 1977, p139.

تاکە کەس لەژێر ڕۆشنایی کولتووری گروپەکەی خۆیدا ئەنجامی دەدات.[1] هەروەها لەپێناسەی (میشێل و کاڕۆلین Micheal & Krolyn) دا هاتووە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە لەکردەوەی خەڵك، کەسەیر دەکرێت شیاوە یان نەشیاوە بۆ بەکاربردنی لە پایەیەکی کۆمەڵایەتیدا،[2]

بەم شێوەیە دەتوانین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لەم توێژینەوەیەداپێناسە بکەین، کە بریتییە لە کۆمەڵێك ئەرك و ڕەفتاری ژنی کورد کەلەناو خێزان ئەنجامی دەدات، هاوکات لەگەڵ چەند ڕۆڵێکی تر لەکۆمەڵگەدا، لەبەر ڕۆشنایی سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە کۆمەڵگەکەدا.

## 4-خێزان (The Family)

خێزان گوزارشت لە کۆنترین و ڕوونترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکات، لە ڕووی پێکهاتەی ژیانی مرۆیی و گشتگیری و بوونی لە هەموو کۆمەڵگە جیاوازو سەرەتاییەکان، هەروەها کۆمەڵگە نوێ و هاوچەرخەکان، خێزان لەهەموو کات و شوێنێکی جوگرافی کە مرۆڤی تیا ژیابێت بوونی هەبووە،[3] چونکە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێك پێداویستییە کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاوبەشن. مرۆڤەکان لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن، تەنانەت کە خێزان لە دوو کەس- دایك و منداڵ- پێکهاتبێت، لەماڵێکی ئاساییدا کە لە دایك، باوك، خوشك و براکان پێکهاتووە، تۆڕێك لە پەیوەندی بەرقەرارە، لەبەر ئەوەی ئەم یەکە کۆمەڵایەتییە گرنگییەکی زۆری هەیە لەژیانی مرۆڤدا. کۆمەڵناسان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەندی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە بنیادەکان و زۆرێك لە ئەرکەکانی خێزان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر دەگۆڕێن، بەڵام ئەو خاڵەی هێشتا واقیعییە ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە خێزان پێکهاتووە و زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە خێزانەوە ژیان دەستپێدەکەن.[4]

زانایانی کۆمەڵناسی ئاماژە بەدوو جۆری خێزان دەدەن ئەوانیش (خێزانی ناوکی- nuclear family)، کە پێیان وایە ئەمە باشترین و سەرەکیترین جۆری خێزانە، چونکە وەکو ناوك وایە و بنەمایەکە بۆ دروست بوونی خێزانی گەورەتر. لەدایك وباوك ومناڵەکانیان پێکهاتووە،[5] جۆرەکەی تر (خێزانی گەورە-extended family) کەداپیرەو باپیرەو خاڵ و مام و پوور لەگەڵیان

---

[1] - محمد سید فهمي، التأهيل المجتمعي لذوي الاحتياجات الخاصة، ط1، دار الوفاء الدنيا، مصر، 2007، ص25.

2- Micheal Hughes & Carolyn،.J.Kroehler ،Sociology the core, 7th ed. Mcgraw Hill، New York. 2005 ،p58.

[3] - مليحة عوني القصير و صبيح عبدالمنعم احمد، علم اجتماع العائلة، مطبعة جامعة بغداد، 1985، ص10-11.

[4] - مەنوچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو، ل 381.

5- Ian Marsh ،Sociology ،4th ed.Pearson Education Limited, London, 2006, p528.

دەژین، واتا سێ نەوە بەیەکەوە لەماڵێکدا دەژین. [1] هەروەها کۆمەڵناسان پێیان وایە خێزان بریتییە لە گروپێکی کۆمەڵایەتی بیۆلۆجی ڕێکخراو، پێکهاتووە لە ژن و مێرد، وابەستەن بەهۆی هاوسەرگیری و منداڵەکانیان. لە گرنگترین ئەرکەکانی خێزان، پڕکردنەوەی پێداویستیە سۆزدارییەکانی مرۆڤو مومارەسەکردنی پەیوەندییە مرۆییەکانە، هەروەها دابینکردنی پێداویستیە غەریزییەکانی مرۆڤ و ئامادەکردنی کەشێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گونجاو بۆ پەروەردەو پێگەیاندن و ئاراستە کردنی نەوەکانی. [2]

خێزان لە ڕوانگەی دەروناسان یەکەیەکی سۆزداری و دەروونییە، کۆمەڵێکی بچووکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە دەرونی و ڕەفتارییەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ئاستێکی بەرزی دەروونییە بۆ تاکەکانی. [3] لەدیدی زانایانی پەروەردەیی و بەتایبەتی لەسەر زاری (بستالوتزی) هاتووە: خێزان سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ پەروەردەییەکی تەندورست کە منداڵ پێی کاریگەر دەبێت. هەروەها (هێربرت فیری) دەڵێت:پەروەردە لە خێزان دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەوەی خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، بەڵام ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی لە پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵدا هەیە لەڕووی فێرکردنی داب و نەریتەکان و بەهاکان، ئاراستە کردنیان بەرەو ڕەوشت و ڕەفتاری باو، گومانی تێدا نیە کە پرۆسەی پەروەردە کاردانەوەی لەسەر ڕەفتاری تاکەکان لەژیاندا دەبێت. [4]

لە کتێبەکەیان بە ناو ونیشانی خێزان (بێرجس W.E.Burges) و (لوک J.H.Locke) بەم شێوەیە پێناسەی خێزانیان کردووە، خێزان بریتییە لە کۆمەڵە کەسێکی یەکگرتوو، بەهۆی هاوسەرگیری و خوێن یان تەبەنی، بەیەکەوە دەژین و هەریەك کار لە یەکترو لە هەموو ئەندامانی خێزان دەکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیان. [5]

لە پێناسەی (ئۆگبرن و نیمکۆف – Ogburn and Nimkoff) دا هاتووە، خێزان بریتییە لە یەکگرتنێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ژن و مێردو منداڵەکانیان یان بەبێ منداڵ، یاخود باوك ومنداڵەکان یان دایك و منداڵەکان. یاخود خێزان کۆمەڵبوونێکی کۆمەڵایەتی یاساییە، تاکەکانی

هەواڵنامەی کتێب

---

1 - Richard T. Schaefer, op-cit, P. 528.

2 – عبدالناصر عوض احمد جبل، النزاعات الاسرية من منظور الخدمة الاجتماعية، ط1، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، 2012، ص 29.

3 – عبدالخالق محمد عفيفى، بناء الاسرة والمشكلات الاسرية المعاصرة، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2011، ص 76.

4 – ابراهيم ناصر، علم الاجتماع التربوي، دار الجيل، بيروت، ص 63.

5 –محمد عبدالفتاح محمد، ممارسات الخدمة الاجتماعية مع مشكلات الاسرة والطفولة، ط1، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، 2012، ص 21.

بەهۆی هاوسەرگیری و خزمایەتی یان تەبەنی یەکیانگرتووە، لەچوارچێوەی کۆمەڵێك ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و ڕۆشنبیرییەکی گشتی. [1]

(ماکیڤەر R.M.Maciver) پێی وایە خێزان بریتییە لە یەکەیەکی بنیادی، لە ژن و مێرد منداڵەکان پێکهاتووە، پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوانیان هەیە، بوونی دەوەستێتە سەر پاڵنەرە غەریزییەکان و ئاڵوگۆڕ کردنی بەرژەوەندییەکان و هەستی هاوبەش کە گونجاوە لەگەڵ تاکەکانی. [2]

بەلاَم کۆمەڵناسی فەڕەنسی (ئەمیل دۆرکهایم Emile. Durkhiem) باوەڕی وابوو، خێزان هەر ئەو کۆبوونەوە سروشتییەی نێوان دایك و باوك و منداڵەکان نیە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاَیەتییە لەبەر چەند هۆکارێکی کۆمەلاَییەتی دروست بووە، ئەندامەکانی بەهۆی ئەو مافانەی هەیانە لەناو خێزانەکە یەکیانگرتووە. [3]

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە خێزانی کوردی ئەوەیە کە، یەکەیەکی کۆمەلاَیەتییە، پێکهاتووە لە کۆمەلە کەسێك، بەهۆی هاوسەرگیری بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژین، چەندین پەیوەندییەکی کۆمەلاَیەتی و ئابووری لەنێوانیاندا هەیە، هەریەك لە ئەندامانی خێزان چەند رۆڵێك دەگێڕێت و لەبەرامبەردا پێگەیەك بۆخۆی لەنێو خێزانەکەدا داگیردەکات، ژنیش لە خێزاندا چەندین رۆڵی وەك (دایك، هاوسەر، خوشك، کچ) دەنوێنێ. ئاستی پێگەکەشی لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکیتر جیاوازە، لەناو یەك کۆمەڵگەش لە خێزانێکەوە بۆ خیزانێکی دیکە دەگۆڕێت.

---

[1] – ابراهيم جابر السيد، التفكك الاسرى الاسباب والمشكلات وطرق علاجها، ط1، دار التعليم الجامعي للطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندرية، 2014، ص 22.

[2] – احسان محمد الحسن و عدنان سليمان الاحمد، المدخل الى علم الاجتماع، ط1، دار وائل للنشر، ، عمان، 2005، ص 178.

[3] – عبد القادر القصير، الاسرة المتغيرة فى مجتمع المدينة العربية، دار النهضة العربية، بيروت، 1999، ص 33-34.

# بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## یەکەم/ توێژینەوە هاوشێوەکان

1- توێژینەوە کوردستانیەکان

2- توێژینەوە عەرەبیەکان

3- توێژینەوە بیانیەکان

تاوتوێکردنی توێژینەووەکان

## دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

چەمکی فێمینیزم

مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم

ئاراستی هزرییەکانی فێمینیزم

1- قوتا بخانەی لیبرالی

2- قوتا بخانەی رادیکاڵ

3- قوتا بخانەی مارکسی

4- قوتا بخانەی سۆشیالیستی

5- قوتا بخانەی پۆست مۆدێرن

## بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

ئەم بەشە لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە توێژینەوە هاوشێوەکان، لە باسی دووەمدا جەخت لەسەر تیۆرەکانی قوتابخانە فێمینیزمییەکان کراوەتەوە بۆ دەرخستنی دیدو بۆچوونی فێمینیستەکان و شیکردنەوەی ڕێبازە فێمینیزمییەکان.

## یەکەم / توێژینەوە هاوشێوەکان

لەم توێژینەوەیەدا هەندێك لەو توێژینەوە کوردستانی و عەرەبی و بیانیانەمان بەکارهێناوە کە لە بابەتەکە نزیکن یاخود هاوشێوەی ئەون.

### 1- توێژینەوە کوردستانییەکان

**ا- توێژینەوەی (طاهرحەسۆ میر زێباری ) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ژنی کورد لە بەشداری سیاسی ) توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانیە لە شاری هەولێر لە ساڵی 2003 ئەنجامدراوە.** [1]

ئامانجی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە زانینی بیروبۆچوونی خەڵکی کوردستان دەربارەی رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگە و لە ژیانی سیاسی، بەتایبەتیش بۆچوونی خودی ئافرەت و پیاویش سەبارەت بە دیاردەکە. [2]

توێژەر سوودی لە تیۆری بنیادی وەزیفی وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، چونکە پێی وایە ئەم تیۆرە دەتوانێت راڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەکان و ئەو کارلێکانە بکات کە تاکەکان لەناو کۆمەڵگە مومارەسەی دەکەن.[3] هەروەها ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووە بۆ وەسف کردنی دیاردەکەو ڕێبازی مێژوویی بۆ شیکردنەوەی مێژووی دیاردەکە، چونکە پێی وایە مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا پەیوەندی بە واقیعی ئێستای بابەتەکە هەیە. وە ڕێبازی بەراوردکاری بۆ زانینی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر. [4]

ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە لە 300 تاك پێکهاتووە، کە بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی لە خێزانەکانی ناو شاری هەولێر هەڵبژێردراوە، بەشێوەیەك لە 40٪ ی نموونەکە ژمارەیان 120 تاکە لەرەگەزی نێر و لە 60٪ ی نموونەکەش ژمارەیان 180 تاکە لەرەگەزی مێن.[5] بۆ کۆکردنەوەی

---

1- طاهر حسو میر الزیباری، دور المرأة الکردیة فی المشارکة السیاسیة، سەرچاوەی پێشوو.

2- هەمان سەرچاوە، ل 5.

3 – هەمان سەرچاوە، ل 111.

4 – هەمان سەرچاوە، ل 115-116.

5 – هەمان سەرچاوە، ل 117.

زانیاری، توێژەر سوودی لە فۆڕمی ڕاپرسی وەرگرتووە کە لە 36 پرسیاری کراوەو داخراو پێکهاتووە.هەروەها چاوپێکەوتنیش ئەنجامدراوە. [1]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1- لە 78.7٪ ی نموونەی توێژینەوەکە، کە 80٪ یان پیاون وە 77.8٪ یان ئافرەتن، پێیان وایە نزمی ئاستی زانستی ژن، وادەکات کەمتر بەشداری لە کارو باری سیاسیدا بکەن.

2- لە 78٪ ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئینتیمایان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نیە، ئەمەش وایکردووە کە بەشداری سیاسیان کەمتر بێت.

3- لە 63.6٪ ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، کە 65٪ یان ئافرەتن و 61.7٪ پیاون پێیان وایە بەها تەقلیدییە چەقبەستووەکانی ناو کۆمەڵگە، کاریگەرییان لەسەر بەشداری نەکردنی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا هەیە.

4- توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە، کە ژنان بەهۆی ئەوەی زیاتر بە خێزانەوە پەیوەستن و ئینتیمایان بۆ ماڵەوە زۆرترە بۆیە کەمتر ئارەزووی کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسی دەکەن. لە 78.4٪ ی ئەندامانی نموونەکە ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە.

5- هەوەها بەم ئەنجامەش گەیشتووە، کە ڕێگای پەروەردەو پێگەیاندنی تەقلیدی لەخێزاندا ڕێگرن لەبەردەم بەشداریکردنی ئافرەت لەسیاسەتدا، لە 70٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کە 61.7٪ یان لە ڕەگەزی نێرو لە 75.6٪ یان ڕەگە مێن بەو شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە.

6- نەبوونی ئینتمای حزبی بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنی ئافرەت لەسیاسەتدا، ل29٪ ی ئەندامانی توێژینەوەکە ئینتمای حزبیان هەیە و لە 71٪ ی ئەندامانیش ئینتمایان بۆ هیچ حزبێك نیە. ئەمەش وایکردووە بەشدارییان لەکاری سیاسیشدا کەم بێت.

7- لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، ئایین ڕێگرە لەبەردەم بەشداریکردنی ژنان لە کاروباری سیاسیدا. لە 57٪ ی ئەندامانی نموونەکە ئەو بڕوایەیان هەیە، لە 75٪ لە ڕەگەزی نێرو 86٪ ی ڕەگەزی مێ، پێیان وایە ئایین ئەرك و پێگەی ژنی دیاریکردووە، کە خزمەتکردنی ماڵ و پێگەیاندنی منداڵە.هەروەها ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە وای دەبینن کە ئایین سیاسەتی بۆ ژنان حەرام کردووە. [2]

---

[1] -هەمان سەرچاوە، ل 121-12.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل 190-193

**ب- توێژینەوەی (کەژاڵ حسین محمد) بە ناونیشانی (ژنی کورد و ململانێی ڕۆڵەکان ) توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە، لەشاری سلێمانی لە ساڵی 2007 ئەنجامدراوە.** [1]

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- **ئایا ژنی کورد کێشەی ململانێی رۆڵی هەیە؟**

2- **ئایا جیاوازی هەیە لە ململانێکان لەنێوان ژنی ماڵەوەو ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن؟**

3- **هۆکارەکانی ململانێی رۆڵ لە لایەن ژنانەوە چین؟** [2]

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیش توێژەر تیۆری بنیادی وەزیفی بەکارهێناوە، چونکە ئەم تیۆرە ڕاڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.** [3]

**جۆری توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە. توێژەر رێبازی بەراوردکاری، بۆ بەراورد کردنی ژنانی ماڵەوەو ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، بۆ بەراورد کردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووتر بەکارهێناوە، رێبازی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە رێگەی دابەشکردنی فۆرمی راپرسی. ژمارەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە 250 تاکە، پۆلێن کراون بۆ دوو کۆمەڵە، ئەوانیش: ئەو ئافرەتانەی کاردەکەن ژمارەیان (165) ە و ژنانی ماڵەوەش ژمارەیان (85) تاکە.** [4]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1- **توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ژنی کورد لە ماڵەوەو لە دەرەوەی ماڵ کێشەی ململانێی ئەو رۆڵانەیان هەیە کە دەیگێڕن لەنێو کۆمەڵگە بە پلەی رێژەیی.**

2- **جیاوازی نیە لەنێوان ژنانی ماڵەوەو ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن لە کێشەی ململانێی رۆڵەکان، تەنها لەهەندێك حالەتی دیاریکراودا نەبێت.**

**هەروەها پێنج هۆکاریشی دەستنیشان کردووە کە پەیوەندییان بە دروستبوونی کێشەی ململانێیی رۆڵەکان هەیە. ئەوانیش:**

---

[1] - **کەژاڵ حسین محمد، المرأة الکردیة وصراع الادوار، رساله ماجستیر غیر منشوره، مقدمه الی کلیه علوم الانسانیه، السلیمانیه،** 2007.

[2] - **هەمان سەرچاوە، ل**4.

[3] - **هەمان سەرچاوە، ل.**

[4] - **هەمان سەرچاوە، ل** 96.

1- پەیوەندییە هاوسەرییەکان.

2- ڕەنگدانەوەی کاریگەری کارەکەی.

3- چاودێریکردنی منداڵ.

4- سەرقاڵ بوونی ژن بە ئیش و کاری زۆر.

5- هۆکاری پەیوەستبوونی بەخێزانەوە. [1]

**ت- توێژینەوەی (تەلار احمد مصطفى) بە ناونیشانی (دەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی لەساڵی 2009 ئەنجامدراوە.** [2]

**ئامانجی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:**

1- زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی ڕەگەز لەدەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا.

2- زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری لەدەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا.

3- زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی پیشە لەدەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا.

4- زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی شوێنی لە دایك بوون لەدەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا.

5- زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی باری ئابووری لەدەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا. [3]

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی مێژوویی و ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەپێکهاتووە لە 400 خێزان لە گەڕەکەکانی ناو شاری سلێمانی بەپێی گەڕەکی (دەوڵەمەند، مامناوەند، هەژار) بەشێوەی هێشووی وەرگیراوە. [4]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

تووێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە کە، لە ئێستادا ژنانیش بە هەماهەنگی لەگەڵ پیاوان دەتوانن بەشداری لە بڕیاردان بکەن لە خێزاندا، وەك بڕیاردان لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان، هەروەها ئەرکە ئابوورییەکانی وەك بەشداریکردن لە دابینکردنی داهاتی خێزان و ڕێکخستنی بودجەی خێزان و کڕینی خانوو و زەوی و زار. وە ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە لایەنی سیاسییەوە هەیە وەك، بۆ بەشداریکردنی ژن لە چالاکییە سیاسییەکانی دەرەوەی وولات،

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل 125 و 131.

[2] - تەلار احمد مصطفى، دەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا، نامەی ماستەر، پێشکەشی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی، 2009.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل 8.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل 130.

زیاتر پیاو بڕیار دەدات، بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان، بۆ چوونە ناو حزبێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی پیشەیی، خۆ پاڵاوتنی ژن بۆ پۆستێکی سیاسی، ژن و پیاو بەیەکەوە بڕیار دەدەن.

**پ- توێژینەوەی (کنێر عبدللە) بەناونیشانی (پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا)، توێژینەوەیەکی زانستی پراکتیکییە لەباشوری کوردستان ئەنجامدراوە، لەنیسانی 2005 لەکۆنگرەیەکی ژنان لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کراوە.**[1]

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- تاچەند کۆمەڵگەی پیاوسالار ڕەنگدانەوەی بەسەر خێزانەکانەوە هەیە.

2- ژنان چۆن کاتی دەست بەتاڵی بەسەر دەبەن.

3- تاچەند بەشداربوونی ژنان لەبواری سیاسەت و حزب و ڕێکخراوەکاندا بەگرنگ و کاریگەر دەزانرێ.

4- خێزانەکان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا لەسەر چ بنەمایەك پێکدێن.

5- تاچەند سەربەخۆی ئابوری ژنان هۆکارێکە بۆ ئازادی و ڕزگاربوونیان لەکۆت و بەندەکان.[2]

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە لەڕێگەی هەڵبژاردنی نموونە لەهەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك، ژمارەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە 255 تاکە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سوود لە فۆڕمی ڕاپرسی وەرگیراوە.[3]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1- بەشداری ژنان لەبواری سیاسەتدا هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتنی ژنان بەنێوەندەکانی دەسەلات و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی شارستانی.

2- بوونی لایەنی ئابووری تایبەت بەژنان هۆکارێکی گرنگە بۆ سەربەخۆ بوونیان لەکۆت و بەندە سەپاوەکان و ئازادبوونیان لە دەسەلاتی پیاوسالاری.

3- جۆری ڕەگەزی کاریگەری هەیە لەجیاوازی دابەشبوونی کار لەزۆربەی بوارەکانی کارکردندا، بەگرنگ تەماشاکردنی کاری پیاوان و ڕێگرتن لەمێیینەکان بۆ بەشداریکردن لە

---

1- کنێر عبداللە حەمە عزیز، پێگەی ژن لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، چاپخانەی تەوار، لەبلاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان. 2005.

2- هەمان سەرچاوە، ل 16.

3- هەمان سەرچاوە، ل 53 و 54.

کارو ئەرکە جیاوازەکان، دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان لە کۆمەڵگەدا.[1]

## 2-توێژینەوە عەرەبییەکان

**ا- توێژینەوەی (سعد یاسین عباس الحیالي) بە ناونیشانی (کاریگەری بە پیشەسازیبوون لەسەر پێگەی ژنی عێراقی)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە (منشأة القادسیة العامة للصناعات الکهربائیة- دیالی) لە ساڵی 1989 ئەنجامدراوە.[2]**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئەو شوێنەوارانەی کە بە پیشەسازیبوون لەسەر پێگەی ئافرەتی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی ژنانی کارکەری پارێزگای دیالە، جێیهێشتووە.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە کە پشت بە شیکردنەوەی دیاردەکان دەبەستێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی. ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە لە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە.[3]

جۆری نموونەکە، نموونەی هەرەمەکی ڕێکخراوە، لە 150 ئافرەتی کارکەری خاوەن هاوسەر، بێ هاوسەر، تەڵاق دراو پێکهاتووە لە (منشأه القادسیه العامه للصناعات الکهربائیه- دیالی).[4]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە کە بە پیشەسازیبوون کاریگەرییەکی گەورەی لە پێگەی ژن لە ناو خێزاندا کردووە، بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەکەی، ئەمەش لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندییە خێزانییەکان دەرکەوتووە.بەوەی ڕوانگەی پیاوان بەرامبەر هاوسەرەکانیان باشتربووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە پیاوان یارمەتی ژنەکان بدەن لە کاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی مناڵەکان، لەبەرئەوەی ژن لەدەرەوەی ماڵ کاردەکات و بەشداری لە دابینکردنی داهاتی خێزاندا دەکات، هەروەها ژنان توانیویانە ببنە خاوەنی بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کێشە خێزانییەکان.

توێژینەوەکە بەم ئەنجامەش گەیشتووە کە بەپیشەسازیبوون گۆڕانێکی گەورەو خێرای بەسەر چەمکەکاندا هێناوە، ئەمەش وایکردووە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش بگۆڕێن، ژنیش توانیویەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان فراوانتر

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل 100 و 101.

[2]- سعد یاسین عباس الحالی، أثر التصنیع في المنزلة الاجتماعیة للمرأة العراقیة، رسالة ماجستیر تقدم الی کلیة الاداب، جامعة بغداد، 1989.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل 110.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل 112.



هەواڵنامەی کتێب

بکات. لەلایەکیترەوە ئاستی رۆشنبیری ژنان بەرزبوەتەوەو رۆڵی کاراتر لەناو کۆمەڵگەدا دەگێڕن.ئەمەش وایکردووە روانگەی کۆمەڵگەش بەرامبەر ژن ئیجابیتر بێت. (1)

**ب- توێژینەوەی (فریال بهجت عزیز) بەناونیشانی ( کارکردنی ژن و کاریگەری لەسە ڕۆڵی لەناو خێزان ) توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لەسەر ژنانی کارکەرو ژنانی ماڵەوە لە شاری بەغدا لە ساڵی 1981 ئەنجامدراوە.** (2)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی رۆڵی ئافرەتی کارکەر لە مەیدانی کارکردن، وە کاریگەری ئەم کارکردنەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و رۆڵی لەناو خێزان وەك هاوسەر و وەك دایك.

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

1- کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەکەی.

2- ئاستی لەیەکگەیشتنی ژنانی کارکەر لەگەڵ هاوسەرەکانیان زیاترە لە ژنانی ماڵەوە.

3- رێژەی سەردانیکردنی خزم و دۆست و هاوڕێیان لەنێوان ژنانی ماڵەوە زیاترە لەو ژنانەی کاردەکەن.

4- ئەو ژنانەی لەدەرەوە کارێك دەکەن هەلی کەمتریان بۆ دەڕەخسێت لەپەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان.

5- ژنانی کارکەر زیاتر ئارەزووی رێکخستنی خێزان دەکەن بەبەراورد لەگەڵ ژنانی ماڵ. (3)

رێبازی تاقیکاری (Experimental Method) بەکارهاتووە، چونکە توێژەر پێی وایە ئەم رێبازە بۆ ئەو توێژینەوانە بەکاردێت کە پشت بە سەلماندنی گریمانەکان دەبەستن بۆ دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر دیاردەکە هەیە.

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری توێژەر پشتی بە فۆڕمی راپرسی بەستووە کە (95) پرسیاری لەخۆگرتووە و ئاراستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کراون، هەروەها سوود لە چاوپێکەوتن و تێبینی کردنیش وەرگیراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە. (4)

ژمارەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە (300) ژنی خێزانداری ناو شاری بەغدا پێکهاتووە بەم شێوەیە هەڵبژێردراون: سەبارەت بە ژنانی کارکەر کە ژمارەیان (2412) ژنە و لەمانە

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل 199-200.

[2]- فریال بهجت عزیز، عمل المرأة وأثره على دورها في الاسرة، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، قاهرة، 1981.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل7.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل 117 -118.

(800) یان خێزاندارن و (150) ژن بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراوە بە شێوەیەك لە نێوان پێنج ناو ناوێك راکێشراوە.بەڵام سەبارەت بەو ژنانەی کە کار ناکەن، ئەوا لە ڕێگەی (یەکێتی گشتی ژنانی عێراق) ەوە کە لەهەر گەڕەکێکی شاری بەغدا  لقیان هەبووە، (150) تاك وەرگیراوە.[1]

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەکەی، بەبەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کار ناکەن، ئەمەش لە تێڕوانینی کۆمەڵگەو پیاوەکان بۆ ژن رەنگیداوەتەوە، هەروەها ئەو ژنانە لەناو خێزانیشدا زیاتر توانای بڕیاردانیان هەیە. رێژەی لە یەکترگەیشتن و پێکەوە گونجانی ژیانی هاوسەری لەو خێزانانە زۆر زیاترە کە ژنەکانی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو خێزانانەی ئافرەتەکانیان لە ماڵەوەن و کارناکەن، چونکە کارکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنیش بەشداری دابینکردنی ئابووری خێزان بکات و لەبەرامبەردا پیاوانیش لەکاری ماڵەوەو پێگەیاندنی منداڵەکان یارمەتی هاوسەرەکانیان دەدەن.

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە بەهۆی کەمی کاتەوە، ژنانی کارکەر کەمتر دەتوانن سەردانی کەس وکارو هاوڕێیانییان بکەن، هەروەها کەمتریش دەتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن. ئەمەش وایکردووە توانای وەچە خستنەوەیان کەمتر بێت. بەڵام ئەو ژنانەی کار ناکەن لەم بوارەدا چانسی گەورەتریان هەیە بەهۆی زۆری کاتی بەتاڵیان کە یارمەتییان دەدات لەچاودێریکردنی منداڵ و خستنەوەی وەچەی زیاتر.

**ت- توێژینەوەی (عفاف ناصر عبدربە العساف) بە ناونیشانی (ڕوخسارەکانی گۆڕان لە پێگەی ژنی لادێنشینی ئوردنی)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسە نموونەیەك لە ژنانی گوند نشینی پارێزگای (بلقاو)، لە ساڵی 1996 ئەنجامدراوە.[2]**

توێژەر هەوڵیداوە لە میانەی توێژینەوەکەیدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1- کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسییەکان لەسەر پێگەی ژنی لادێ نشینی ئوردنی لە چ ئاستێکدایە؟ وە تا چەند کاری لە رۆڵی ژن کردووە لەناو کۆمەڵگەدا؟

2- بەشداریکردنی سیاسی ژنانی گوندنشینی لە کۆمەڵگەی ئوردنی.

---

1- هەمان سەرچاوە، ل 121- 122.

2- عفاف ناصر عبدربة العساف، مظاهر التغير في مكانة المرأة الريفية الاردنية، رسالة ماجستير، الجامعة الاردنية، 1996.

3- چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوسەر لەلایەن ژنانی لادێ نشینی ئوردنی.

4- چۆنیەتی ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵەکان.

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە کە پێگەی ژنانی لادێی لە ئوردن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغە بەراییەکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی ئوردنی وەکو کیانێکی سیاسی هەتا شەستەکانی سەدەی بیستەم، بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسییەکان. هەروەها ژنان توانیویانە خاوەنی بڕیاری خۆیان بن، بەشداری لە ژیانی سیاسی و چالاکییە ناوخۆییەکان بکەن، هەروەها توێژینەوەکە بەم ئەنجامەش گەیشتووە کە گۆڕاوەکانی وەك: تەمەن، پیشە، باری خێزانداری، داهاتی مانگانەی خێزان و ئاستی خوێندەواری ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەر پێگەی ژن هەیە، بەلام بە پلەی جیاواز.

**پ- توێژینەوەی (سمیره سعدالدین المغربی) بەناونیشانی (کارکردنی ژن و شێوازی دەسەڵات) توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر خێزانی سعودی لەشاری جده لەساڵی 1987 ئەنجامدراوە.**[1]

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1- زانینی کاریگەری کارکردنی ژن لەسەر شێوازی بڕیاردان لەناو خێزاندا.

2- زانینی کاریگەری کارلێکی نێوان ژنی کارکەرو هاوسەرەکەی لەسەر شێوازی بریاردان.

میتۆدی ڕوپێوی کۆمەلایەتی و لێکۆڵینەوەی بار لەتوێژینەوەکە بەکارهاتوە، (300) خێزان لەشاری جده وەکو نموونە وەرگیراوە، ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەش لە ژنانی ماڵەوەو ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن پێکهاتووە. بۆکۆکردنەوەی زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی بەکار هاتووە، هەروەها توێژەر سودی لە بەڵگەنامە ئامارییەکان وەرگرتووە بۆکۆکردنەوەی زانیاری زیاتر.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1- ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە هەرچەندە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان هاوسەرەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و پشتگیری کردن بێت لەیەکتری، ئەوا لەشێوازێك لە دەسەڵات نزیك دەبینەوە کەلەسەر بنەمای ئیسلامی دروست بووە، بە بۆچوونی توێژەر ئەم شێوازە لەسەر میهرەبانی و خۆشەویستی بنیادنراوە، هەردوو هاوسەرەکە بەشداری

---

[1] - سميرة سعدالدين المغربي, عمل المراة و نمط السلطة, رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة ملك عبدالعزيز، 1987.

لەبریاردان ئاڵ و گۆڕکردنی بیروڕا دەکەن. هەروەها پێی وایە ئەم شێوازە لەگەڵ شێوازی نوێشدا دەگونجێت.

2- هەرچەندە کارکردنی ژنەکە لەناو خێزانەکە گرنگ و پێویست بێت، زیاتر لەشێوازی خێزانی مۆدێرن نزیك دەبینەوە.

## 3- توێژینەوە بیانییەکان

**1- توێژینەوەی (نصرت اله علیرضایی) بەناونیشانی (دەستیشانکردنی ڕۆڵ و پێگەی ژن لە باری گوزەرانی خێزان لە ئێراندا)، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە زانکۆی تاران ئەنجامدراوە.** [1]

لەپرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەدا هاتووە کە لەئێستادا لە خێزانی ئێرانیدا لەگەڵ چ جۆرە نموونەیەك لەبەشداری بڕیاردان ڕووبەڕوو دەبینەوە؟ ئەو سەرچاوەو توخمانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بەشداری بڕیاردان لە خێزانی ئێرانیدا کامانەن؟ توێژەر بۆ خستنەڕووی کێشەی توێژینەوەکەی سوودی لەتیۆرەکانی چینایەتی کۆمەڵایەتی و جێندەری (ڕاندال) و (کالینز) و (جانێت چیڤەر) وەرگرتووە، وەکو گریمانە لەو باوەڕەدایە:

1- تاکەکان لەچینە پیشەییەکانی خوارێ ئاستی بەشداری کردنیان لە کاروبارەکانی ماڵەوەدا زیاترە.

2- تاکەکان لەچینەپیشەییە باڵاکاندا ئاستی دەسەڵاتی بڕیاردانیان لەکاروبارەکانی خێزاندا بەرزترە.

3- هەرچەند کاریگەری تۆڕی خزمایەتی تاکەکان زیاتر بێت، ڕێژەی چالاکی تاکەکان لە کاروباری ماڵەوە کەم ترە.

4- تاکەکان لە چینە پیشەییە باڵاکاندا تێڕوانینێکی مۆدێرنتریان سەبارەت بە بیروڕای کۆمەڵایەتی جێندەری هەیە.

5- تاکەکان لە چینە پیشەییە باڵاکاندا تێڕوانینێکی مۆدێرنتریان سەبارەت بە تێڕوانینە چوارچێوەییەکانی ژنان (ستریۆتایپ) هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بەمیتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەستووە، دوای هەڵبژاردنی 194 کەس لەنێوان قوتابیانی زانکۆی تاران بە شێوازی نموونەی فرە قۆناغی (نموونەی هەڕەمەکی).

---

[1] – نصرت اله علیرضایی، تبین نقش و جیگاه زن درخانواده درحال گذار در ایران، فوق لیسانس، دانیشتگده علوم اجتماعی، دانیشگاه طهران، 2007.

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە:

دوای بەتاڵكردنەوەی داتاكان و خستنە ڕویان دەركەوت كە 56٪ ی خێزانەكان تاك جەمسەری پیاوتەوەرین، لە 41٪ ی دووجەمسەری دیموكراتین. لە 3٪ ی تاك جەمسەری ژن تەوەرین. سەبارەت بەشێوازی بڕیاردانی خێزانی خێزانی دەركەوت لە 20٪ ی خێزانەكان تاك جەمسەری پیاو تەوەرین، لە 68٪ ی دووجەمسەری دیموكراتین، لە 12٪ ی تاك جەمسەری ژن تەوەرین. جگەلە گریمانەكانی یەك و دوو كە ڕەت كرانە وە، ئەوانی دیكە پەسەند كران.

گۆڕاوی وابەستەی ئەم توێژینەوە یە بریتیە لە:

1- ئاستی بەشداری لە خێزاندا.

2- ئاستی دەسەڵاتی بریاڕیاردان لە خێزاندا.

گۆراوی سەربەخۆ بریتە لە:

1- چینی پیشەییی.

2- ئاستی دەسەڵاتی بڕیاردانی تاك لە ڕیزبەندی پێگەییدا.

3- ژن و تایبەتمەندی فیزیكی و سروشتی كار.

4- ئایدۆلۆژیاو بیرو باوەڕە جێندەرییەكان.

5- نۆرمەجێندەریەكان.

6- كاریگەری تۆڕەكانی خزمایەتی.

## تاوتوێكردنی توێژینەوە هاوشێوەكان

توێژینەوە هاوشێوەكان گرنگییەكی زانستیانەیان هەیە، لەبەرئەوەی یارمەتی توێژەر دەدات بۆ وەرگرتنی بیرۆكەیەك لەسەر توێژینەوەكەی خۆی، بە تایبەتی لەلایەنی مەیدانی. لە گرنگترین ئەو ڕێبازانەی كە بەكارهاتوون، وە هەڵبژاردنی نموونەو پرسیارنامەدا، جگە لەمانەش بۆ بەراورد كردنی ئەنجامەكان لەگەڵ توێژینەوەكەی خۆی. بۆ خستنە ڕووی توێژینەوەكانی پێشوو پێویستە خاڵە لێكچوو و جیاوازەكان شیبكرێنەوە، ئەم توێژینەوانەی بەكارمان هێناون چەند خاڵێكی هاوبەش و جیاوازیان هەیە كە ئەمانەن:

1- بابەتی سەرەكی هەموو توێژینەوەكان پرسی ژنە. هەریەك باس لە لایەنێك لە لایەنەكانی گرفتی ژن دەكات، چ لەناو كۆمەڵگە و چ لەناو خێزاندا. لە توێژینەوەكەی (تەلار ئەحمەد مستەفا) ئەگەرچی بابەتی توێژینەوەكەی دەسەڵاتی بڕیاردانە لەناو خێزان، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر دەسەڵاتی ژن كراوەتەوە.

2- له زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، سەرەڕای بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی و بەراوردکاری. تەنها توێژینەوەکەی (ئەسرین زرار قادر) نەبێت کە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار بەکارهاتووە. هەروەها توێژینەوەکەی (فریال بهجت عزیز)، کە میتۆدی تاقیکاری بەکارهێناوە.

3- له هەموو توێژینەوەکاندا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، وەکو ئامرازێکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری، لە هەندێکیان چاوپێکەوتنیش بەکارهاتووە.

4- له ڕووی قەبارەی نموونە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکان و کات و شوێنی ئەنجامدانیان، لە یەکترییەوە جیاوازن.

5- له ڕووی ئامانجی توێژینەوەکان، هەندێك لە ئامانجی توێژینەوەکان لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمە یەکدەگرنەوە، بەڵام لە هەندێکیشیان جیاوازی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گرفتەکانی ژنان جۆراوجۆرن وەك، ڕۆڵی ژن، مافەکانی ژن، دەسەڵاتی ژن، ئازادی ژن لە بوارەکانی خوێندن و کارکردن و بەشداریکردنی لە سیاسەت... ، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئەم بابەتانە دەتوانن دەستنیشانی پێگەی ژن بکەن. بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوەکان و توێژینەوەکەی ئێمە هەمان شت ڕاستە.

6- له ڕووی بەکارهێنانی تیۆرەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ توێژینەوەکەمان، لە زۆربەی توێژینەوەکان پشت بە هیچ تیۆرێك نەبەستراوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکان. تەنها لە سێ توێژینەوە نەبێت ئەوانیش، لە توێژینەوەکەی (**طاهر حسو میر الزيباري**) و (**کەژاڵ حسين محمد**) کە پشتیان بە تیۆری بنیادی وەزیفی بەستووە، هەروەها توێژینەوەکەی (**نصرت الله عليرضايي**) کە پشتی بە تیۆرەکانی چینایەتی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی جێندەری (ڕانداڵ) و (کالینز) و (جانێت چیڤەر) بەستووە.

## دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

تیۆر بریتیە لەو ڕێساو بنەمایەی کە زانستە مرۆڤایەتی و سروشتیەکان پشتی پێدەبەستن, چونکە هیچ توێژینەوەیەك بەبێ بنەمای تیۆری ئەنجام نادرێت. لەم ڕوانگەیەوە تیۆر بریتیە لە چوارچێوەیەکی هزری کۆمەڵێك ڕاستی زانستی باس دەکات و لە چوارچێوەیەکی زانستی دایدەنێ.[1]

بەکارهێنانی تیۆرێکی گونجاو لەهەر توێژینەوەیەك کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە, بۆئەوەی توێژەر شارەزای بیروبۆچونی زانایان بێت لەسەر بابەتەکە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە

[1] – عبدالباسط محمد حسن, اصول البحث الاجتماعي, ط3, مطبعة الانجلو مصرية, القاهرة, 1971, ص 52.

قوتابخانەکانی فێمینیزمی بەستووە بۆ شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکەمان, لەبەرئەوەی هەریەك لە قوتابخانەکان بەرزی پێگەی ژن بۆ هۆکارێکی دیاریکراو دەگەڕێننەوە.

## چەمکی فێمینیزم

فێمینزم وەك زاراوە، مانا ئاساییەکەی (مافەکانی ژن و یەکسانی نێوان ژن و پیاو) دەدات. زاراوەکە لەبنەڕەتدا لەزمانی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە، لەساڵی 1890 یشەوە لەزمانی ئینگلیزیدا لەبری زاراوەی (womanisim) بەکاردەبرێ. ئەم زاراوەیە لەئینگلیزیدا لەجێی ( womans movment) کە بەکوردی دەبێتە بزوتنەوەی ژنان، بوو بەتێرمێك هەموو چالاکییەکانی ژنانی دەگرتەوە لەو ڕێکخراوانەدا کەخەباتییان لەپێناوی یەکسانی ژنان و پیاوان دەکرد. (1)

فێمینزم وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هزری لەفراوانترین مانایدا لەهەوڵی بەرزکردنی پێگەی ژناندایە، وەك توێژێك لەکۆمەڵگەدا، چاوەڕێش دەکرێت وەکو هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هزری پێگەی نزمی ئەو گروپە واتا ژنان، ڕاڤە بکات و هۆ و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ئەم ڕەوشە ڕوونبکاتەوە، وێنەیەکی ئەو کۆمەڵگە خوازراوەی کەتیایدا ژنان بەهرەمەندن لەڕەوشێکی گونجاو، بخاتەڕوو، کۆمەڵە داواکارییەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی بخاتە ناو پرۆگرامەکەی و دواجار لەگەڵ دیاریکردنی ستراتیژی کارەکەی ئەو شێوازە کاریگەرانە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەستنیشان بکات. (2)

مەبەستەکەی تەنیا وەدیهاتنی یەکسانی کۆمەڵایەتی ژنان نییە، بەڵکو خەون بەلابردنی هەر چەشنە زوڵم و هەڵاواردن و جیاوازی دانانێکی ڕەگەزییەوە دەبینێ. هەموو ئەو ڕێبازانەش کەلەژێر چەتری ئەم بزووتنەوەیەدا کۆبوونەتەوە لەسەر ئەو ڕایەن کە ژنان لەگەڵ نەبوونی دادگەری و نایەکسانیدا بەرەوڕوون، بەڵام لەپەیوەندی لەگەڵ هۆیەکانی ستەم و چەوسانەوەیان ڕاڤەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن و هەر بەو پێیە ڕێکارو شێوازی جۆراوجۆر پێشنیاز دەکەن. (3)

لەفەرهەنگی (LONGMAN) دا هاتووە، وشەکە لە (femaleness) وەرگیراوە، بەمانای (مێ بوون) دێت و چەندین ووشەی دیکەی لێ دروستکراوە، وەك (womanism) بەمانای ژن بوون، وە (woman like) بەمانای ژن دۆستی. (4) هەروەها لە فەرهەنگی (Oxford) دا هاتووە،

---

1 – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 17.

2 – حومەیرا موشیرزادە، لەبزاڤەوە تاتیۆری کۆمەڵایەتی، و: مراد حەکیم، چ1، ب1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2005، ل6.

3 – شنۆ میهرپەروەر، فێمینیزم، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2011، ل 13.

4- LONGMAN ،Webster English collage dictionary ،1984 ،p. 539.

فێمینزم بیرۆکەیەکە لەبنەڕەتدا وابیردەکەنەوە کە ژنیش وەکو پیاو هەمان ماف و دەرفەتی گونجاویان هەبێت، یان بزوتنەوەیەکە پشتگیری لە مافەکانی ژنان دەکات. (1)

جودیس ئاستێلارا (Judith Astelarra) یەکێکە لە فێمینیستە ئیسپانییەکان پێی وایە، فێمینیزم پرۆژەیەکە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەیەکیشە بۆ کۆتایهێنان بە سەرکوتکردنی ژنان، بەسەرنجدان لەم دوولایەنە فێمینیزم بەردەوام وەك تروسکەیەك لەکۆمەڵگەدا هەبووەو کەوتووەتە ژێر کاریگەری تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەوە، بزووتنەوەی فێمینیزم خاوەنی مێژوویەکی دووروودرێژ و سەرکەشی کەم و زۆر ڕێکخراوە، بەردەوام دژایەتی ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی کردووە کەژێر دەستەیی ژنانیان بەئاسایی لەقەلەم داوە، ئەم دژایەتیە جیابوونەوە نەبووە لەشێوەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتی، ئەم پەیوەندییانەش کاریگەری لەسەر ئایدۆلۆجیاو پێکهاتەی بزوتنەوەکان جێهێشتووە. (2)

فێمینیستەکان باوەڕیان بەچەند بەرەنجامێکی بناغەیی هەیە، کەساکارترینیان ئەوەیە ژن و پیاو مرۆڤن و دەبێ لانی کەم وەکو یەك بەهرە لەمافە مرۆڤایەتییەکانی خۆیان وەرگرن، ئەو یەکسانیەش لەلایەن گشتەوە قبول کرابێت و کۆمەڵگەو یاسا دانیان پێدا نابێت. (3) هەربۆیە بێڵ هوکس (Bell Hooks) ژنە سۆشیال فێمینیستی ئەمریکی دەڵێت، فێمینیزم کۆتایهێنانە بە جیاوازی نێرو مێ لەسەر بنەمای ڕەگەز و ستەم لێنەکردنیان لەسەر ئەو بنەمایە. (4)

لەوکاتەی درك بەوە کرا کە سەرجەم ئایدیاو فەلسەفەو چەمکە جیاوازەکان نەیانتوانی پێناسەیەکی ڕاستەقینەی ژن ببەخشن و ڕزگاری بکەن لەو چەوساندنەوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، ژنان درکیان بەوەکرد کە پێویستە گوتارێکی تەواو ژنانە بدۆزنەوە بۆپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی سەرجەم چەمك و فیکرو فەلسەفە جیاوازەکان نەیانتوانی پڕی بکەنەوە، ئەویشیان بەچەمکی فێمینزمزانی، ئەم چەمکەش لەسەدەی بیستەمدا گەیشتە ترۆپکی گەشەکردن و دانپێدانان لەلایەن ژنانی خۆرئاواوە. (5) هەر لەم بارەیەوە ڕۆزالیند دالمار (Rosalind Dalmar) لەکتێبی فێمینیزم چییە؟ (What is Feminism) دا دەڵێ، ئەمرۆ فێمینیستەکان لەپلەیەکی بەرزدا فێمینیزم وەك بیرکردنەوەیەك دەبینن کە ژن خۆی دایهێناوە و

---

1 - Oxford Advanced Learners Dictionary ،5th ed ،1995 ،p. 428.

2 – شێلا ڕوباتام، ژنان لەبزاوتندا فێمینیزم و چالاکی کۆمەڵایەتی، و: یادگار حەمە غەریب، چ1، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، 2010، ل 12.

3 – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 18.

4 - Bell Hooks ،Feminism Is for Everybody ،Pluto Press ،London ،2000 ،P. 1.

5 – کازیوە سالح، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2005، ل 7.

تایبەتمەندی ژنی تیا بەرجەستەیە، ژنان خۆیان سوبجێکتی فێمینیزمن و خۆیان تیۆری فێمینیزم و سیاسەتی فێمینیزم دادەڕێژن.[1]

## مێژووی سەرهەڵدانی

خودی وشەی فێمینیزم زۆر دوای بزووتنەوەی ژنان لەدایك بووە، بۆ یەکەم جار لەساڵی 1871 دا لەدەقێکی پزیشکی بۆ باسکردن لەنەخۆشیەکی ڕەگەزی پیاوان کە تایبەتمەندی ژنانە لەجەستەیاندا بووە، بەکارهێنراوە.[2] لەڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکادا لەساڵی 1775–1783 یەکەمجار ژن درکی بەوە کرد کە مافی سیاسی و ئابووری وپیشەیی هەیە و داوای مافی هەڵبژاردنی کرد، ڕووبەڕووی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی ئەو سەردەمە بووەوە. ئەو ئامانج و خواستەی ژنانی ئەمریکایی کاریگەری خۆی گەیاندە ژنانی فەرەنساو لەو وولاتەدا 8 هەزار ژنی کرێکارو سەوزە فرۆش لەساڵی 1789 دا هێرشیان کردە سەر کۆشکی ڤێرسای بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان لەنان و ئازادیدا.[3] لەساڵی 1792 لە لەندەن بۆ یەکەمجار کتێبی بەرگری لەمافی ژنان لەلایەن ژنە نووسەر (ماری ولستونکرافت) ەوە بڵاوکرایەوە کە زۆر بەتوندی بەرگری لەژن و مافەکانی دەکات. ئیتر لەو سەدەیەدا ژنان نەیانتوانی بەخواستی زیاتر بگەن، هەر زوو ئەو هەوڵانەی کە پێشتر بۆ مافی سیاسی و نان و ئازادی لەبواری بیرمەندیدا دابووی، لەناوبرا. لەساڵی 1793دا سەران و دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا لەو هەندە ئازادییە پاشگەزبوونەوەو بڕیاری داخستنی سەرجەم سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ژنان درا.[4]

بەشێوەیەکی گشتی مێژووی فێمینیزم بەسەر دوو شەپۆلی سەرەکیدا دابەشدەکرێت کە هەر یەکەیان کارەکتەرو داواکاری و هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە. سەرەتای شەپۆلی یەکەم بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای شەپۆلی دووەم بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەتان بەر لەو سەرەتایە لەهەوڵی بەگژاچوونەوەی ئەو هەلومەرجە نالەبارانەدا نەبوون کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. بەگژاچوونەوەی ئافرەتان بەڕووی هەلومەرجی نایەکسانی ژیانیاندا مێژوویەکی زۆر درێژتری هەیە، لەڕاستیدا مێژووی بەرەنگاربونەوەی ژنان بۆ ژێر دەستەیی یەکسانە بەمێژووی وشیاربونەوەی مرۆڤ بەنێرو مێیەوە.[5]

---

[1] – مەهاباد قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل 18.

[2] – روئیا تلوعی، خوێندنەوەیەکی فێمینیزمی و دۆخی ئێمە، گۆڤاری ڕەهەند، ژ: 18 و 19، 2006، ل 3.

[3] – کازیوە سالح، فێمینیستناسی و بزووتنەوەی سیاسی، گۆڤاری ڕەهەند، ژ: 18 و 19، 2006، ل 31.

[4] – کازیوە سالح، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل 25.

[5] – مەریوان وریا قانع، سەرەتایەك دەربارەی فێمینیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژ: 18و19، 2006، ل 144.

شەپۆلی یەکەمی بزاڤی ژنان لەهەلومەرجێکدا دروست بوو کە لەئەورووپاو ئەمریکا بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش چالاك بوون، بزاڤی ژنان بەجۆرێك لەجۆرەکان لەهەناوی ئەم بزاڤانەوە سەری دەرهێنا، چونکە ئەو ژنە چالاکانەی لەم بزاڤانەدا چالاکی گشتی کۆمەڵایەتییان ئەزموون دەکرد، لەبەر پلەوپایەی نایەکسانی خۆیان لەنێو بزاڤەکەدا کەوتبوونە نێو ڕەوشێکی ناکۆکئامێزەوەو ئەم شتەش دەبووە بناغەی دروستبوونی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ بۆیان.[1] دوای کۆنفرانسی دژە کۆیلایەتی لە لەندەن لەساڵی 1840 کەژنان نەیانتوانی مۆڵەتی ئامادەبوون لە دانیشتنەکاندا بەدەست بێنن، بیریان لەڕێکخستنێکی جیاوازو سەربەخۆ لەبزاڤی نەهێشتن بۆبەرەو پێشبردنی بەرژەوەندی و مەیلە تایبەتیەکانی ژنان کردەوەو بڕیاریاندا سەرەڕای ئازادی کۆیلەکان بیر لەئازادی خۆشیان بکەنەوە.[2]

لە ساڵی 1848 دا یەکەمین بزوتنەوەی فێمینیزمی لەژێر ناوی (بزوتنەوەی مافەکانی ئافرەت) لە ئەمریکا لەدایك بوو.[3] لەسەر دەستی ئەلیزابێت ستنتۆن و لۆکرشا مۆت بوو کە بەیاننامەی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ژنان لە سنکافالزیان بلاوکردەوە و ئەم کۆبوونەوەیە دەسپێکی ڕێکخستنی سەربەخۆیی ژنان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو.[4] شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمی تیشکی دەخستەسەر بزوتنەوەکانی فێمینیستی، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی، تەوەری چالاکییەکانیان وەدەست هێنانی مافی یەکسانی بوو بۆژنان، بەتایبەت مافی دەنگدان.[5]

شەپۆلی دووەمی فێمینیزمی لەئەمریکا لەساڵی 1965 و لەئەورووپای ڕۆژئاوا لەساڵی 1967 دەستپێدەکات. شەپۆلی دووەم لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە بەشێك لەداواکارییەکانی شەپۆلی یەکەم جێبەجێ کرابوون و هاتبوونە دی، لەوانەش مافی دەنگدان و مافی خوێندن و مافی کارکردن و هتد... هەم دەسکەوتەکانی شەپۆلی یەکەم و هەم گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان وادەکەن شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم لەڕووی فیکری و تیۆری و سیاسیەوە لە شەپۆلی یەکەم ڕادیکاڵتر بێت.[6] هەروەها گۆڕانی کەش و هەوای فەرهەنگی و کولتووری لەساڵانی شەستەکان و هۆشیار بوونەوەی ژنان بەرامبەر بە هەلومەرجی ژیانی خۆیان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە،

---

[1] – حومەیرا موشیرزادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 67.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل 71.

[3] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 147.

[4] – حومەیرا موشیرزادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 71.

[5] – شنۆ میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 18.

[6] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 156 و 157.

لەسەردەمی جەنگەکەدا حکومەتەکان و دەسەڵاتداران لەزۆر ڕووەوە حکومەتی پیاوان و دەسەڵاتی نێرینەیی بوون. بەڵام بەرزبوونەوەی ڕادەی خوێندەواری و کارکردنی ژنان، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی چالاکتر بوونی بزاڤی ژنان تا ساڵانی هەفتایەکان و هەشتایەکانی سەدەی ڕابوردوو.[1] هۆکارێکی دیکەی کاریگەر لە دروستبوونی ئەم شەپۆلەدا، کتێبە بەناوبانگەکەی خانمە نووسەرو فەیلەسوفی فەڕەنسی (سیمۆن دی بۆڤوار) بوو. بەناوی (ڕەگەزی دووەم).کە لەساڵانی شەستەکان دەنگدانەوەیەکی زۆری نایەوەو تیایدا تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگەو ڕەگەزی نێر و مێ خستەڕوو.[2]

دی بۆڤوار دەڵێت، ئەوەی وادەکات ئافرەت لەمێژوودا ببێتە بوونەوەرێکی پلە دوو جەستەیی، ئاکارە بایەلۆژییەکانیەتی ، بەتایبەتی توانای منداڵبوون و پاراستنی ژیان، وایکردووە ئەرکی ئەو لەمانەوەی ژیاندا و پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤدا گەورەتر بێت لە هی پیاو، لێرەوە ژن بەناچاری خەریکی دووبارەکردنەوەی ژیان بووە، چ ژیانی خۆی و چ ژیان وەك گشتێك، لەکاتێکدا پیاو سەرقاڵی موغامەرات و ناسین و سەرکەوتن بووە بەسەر شتەکانی دەورووبەریدا. لەم دابەشکردنە تایبەتەی کاردا، واتا ژن منداڵی ببێت و ژیان بپارێزێت و پیاویش جیهان کەشف بکات، پیاو لەوەدا سەردەکەوێت کە جیهان بەو شێوەیە دامەزرێنێت کەخۆی دەیەوێت و ئەو وێنانەش بەئێستا و ئاینده بدات کە لەگەڵ خەیاڵی خۆی بگونجێن.[3]

لە ئەوروپا شەپۆلی دووەمی فێمینیزم زیاتر هاوپەیمانی بزووتنەوەکانی چینی کرێکار و سیاسەتە چەپڕەوەکان بوو، لە وەڵامی فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا فێمینیستە مارکسیست و سۆشیالیستەکان هاتنە مەیدان، ئەم فێمینیستانە دژ بەهەردوو سیستمی پیاو سالاری و سەرمایەداری دەوەستانەوە، بەشێکی دیکەشیان کە پێیان دەوترا ڕادیکاڵەکان، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی ڕەگەزی دەکەنە بنەمای چەوساندنەوەی ژنان و دژایەتی ڕەگەزی پیاوان دەکەن، پێیان وایە پیاوان هۆکاری چەوساندنەوەی ژنانن.[4]

دەستنیشانکردنی تیۆری فێمینیستی وەکو هەر تیۆرێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی کارێکی ئاسان نیە، بەڵام لەرێگەی ئاراستە جیاوازەکانی بزووتنەوەی فێمینیزمی دەتوانین

---

[1] – مصطفى خلف عبدالجواد، قراءات معاصرة في نظرية علم الاجتماع، كتاب مترجم، مركز بحوث والدراسات الاجتماعية، قاهرة، 2002، ص 296.

[2] – مێری ئیوانز، سیمۆن دی بۆڤوار لەئاوێنەی ڕۆمانەکانییەوە، و:ئارەزوو محمودی، گۆڤاری ڕامان، ژ: 167، 2011، ل 84.

[3] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 162.

[4] – کارزان محەحەد، ڕەوتەکانی فێمینیزم، چەمك و تیۆرو شرۆڤە، چ1، چاپخانەی تەوار، سلێمانی، 2008، ل8.

ڕوانگەکانی بناسین، چونکە ئەم بزووتنەوەیە لەنێو خۆیدا بەسەر دید و قوتابخانەی جیاواز دابەشبووە، کە هەر یەکێکیان وەڵامی جیاوازی بۆ بابەتەکە هەیە. وەك فێمینیزمی لیبڕالی، مارکسی، ڕادیکاڵی، سۆشیالیستی، وجودی و فێمینیزمی پۆست مۆدێرن.[1]

## ئاراستە هزرییەکانی فێمینیزم

لەو ڕەوتە مێژووییەی خەباتی ژناندا و هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزووتنەوەی فێمینیستی کەوتە نێو پەراوێزی چەمکە سیاسیەکانەوە، کە لەو کاتەدا لەژێر ناوی جیاواز و ئایدیۆلۆجیای جیاواز دەرکەوتن، بووە هۆی دابەشبوونی بزووتنەوەی فێمینیستی بۆ چەند ئایدیۆلۆجیاو قوتابخانەیەکی جیاواز لەوانە:

### 1- قوتابخانەی فێمینیزمی لیبڕال

کاراکتەری سەرەکی فێمینیزمی لیبڕال پێداگرتنە لەسەر دوو مەسەلە، یەکەمیان یەکسانی نێوان ژن و پیاو، واتا ژن و پیاو دوو بوونەوەری یەکسانن. دووهەمیان، لێکچوونی ژن و پیاوە، لەدیدی ئەم گروپە ئەوەی ئەم دوو لایەنە دەسەلمێنێت، ئەوەی وادەکات کە ژن و پیاو هەم یەکسان بن و هەم لێکبچن عەقلە. پیاو و ژن دوو بوونەوەری عاقلن، عەقل ئەو سەرزەمینە هاوبەشەیە کە ئەم دوو بوونەوەرە وەك یەك لێدەکات و بە یەکدیش یەکسانیان دەکات.[2]

واتا ئەمان هۆکاری پایە نزمی ژنان لە کۆمەڵگەدا بەفاکتەری ماتریالیستی نابەستنەوە، پێیان وایە فاکتەری سەرەکی چەوساندنەوە و ستەمی کۆمەڵایەتی، لەئەنجامی دابونەریتەکانەوەیە، داڕشتنی پێکهاتەی کۆمەڵگە نادادپەروەرانەیە، بەو پێیەش بێمافی بۆ ڕەگەزی ژن لەداب و نەریتی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، هۆشمەندی تاك و جۆری بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کێشەکانیدا فاکتەرێکی بڕیاردەرە، لەم ئاقارەدا بیری تاکگەری (Individuelisim) پەیڕەوی دەکرێ.[3] ئەگەر ئافرەت هەمان هەلی خوێندنی لەبەردەمدا بێت و هەمان شێوازی پەروەردەکردنی هەبێت و هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە لەگەڵ پیاودا دەکرێت، هەمان کاری پێ ببەخشرێت کە بەپیاو دەبەخشرێت، هەمان چانسی سیاسی لەبەردەمدا کراوە بێت کە لەبەردەم پیاودا کراوەیە،

---

[1] – أنور محمد فرج، نظرية الواقعية في العلاقات الدولية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007، ص 460 و 461.

[2] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 166.

[3] – مەهاباد قەرەداغی، ئازاد کردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 22.

ئەو کات دەتوانێت تواناکانی نیشانبدات و بیسەلمێنێت کە بوونەوەرێکی زیرەکە، بەمەش کۆتایی بەو دۆخی پەراوێزی و پاشکۆییە دەهێنن کە تێیدا دەژین.[1]

ئامانجی سەرەکی ئەم گروپە گەیشتنی ئافرەتە بە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەدا، وەکو چۆن بۆ پیاوان بە ڕەوا دەزانرێت بۆ ژنانیش بەهەمان شێوە بێت، کاتێك ئافرەت مافی سیاسی هەبوو، دەنگی دا، خۆی کاندید کرد، بەشداربوو لەبڕیاردانی سیاسیدا ئەوکات دەتوانێت کۆتایی بەپرۆسەی دواکەوتنی خۆی بێنێت.[2] ئەوان لەو بڕوایەدان لەڕێگەی گۆڕینی یاساکان و پێکهێنانی بوارگەلێکی زیاتری پەروەردەیی و ئابووری و تێکەڵبوونی ژنان بەکاروباری کۆمەڵایەتی، دەتوانرێ ئەم ئامانجە وەدی بهێنرێت.[3] لە فێمینیستە ناودارەکانی سەر بەم قوتابخانەیە (ماری ولستۆن کرافت، جۆن ستیوارت میل، هاریت تالۆر و ئەلیزابێت ستنتۆن).[4]

## 2- قوتابخانەی فێمینیزمی ڕادیکاڵ

لەم ئاقارەدا فێمینیستەکان باوەڕیان وایە کەچەوساندنەوەی ژنان ڕەگ و ڕیشەی لەناو سیستەمی باوکسالاریدا داکوتاوەو هەموو جۆرە سیستەمێکی چەوساندنەوە بەچەوساندنەوەی چینایەتیشەوە سەرچاوەکەی باوکسالارییە، واتا ڕەگەز نەك چین بناغەی سەرەکی هەموو چەوساندنەوەیەکی مێژووی مرۆڤایەتیە، ئەوان هۆکاری نزمبوونی پێگەی ژن بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێننەوە بۆ پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و زایەندی و پەیوەندی خێزان و خزمایەتی.[5] بەپێچەوانەی لیبراڵەکان ئەوان پێ لەسەر لێکنەچوونی ژن و پیاو دادەگرن، لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵێك جیاوازی بایۆلۆژی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە کەناکرێت پشتگوێ بخرێن، لەهەمووشیان گرنگتر توانای ئافرەتە لەبەردەوامیدان و نوێکردنەوەی ژیان لەفۆڕمی منداڵبووندا، ئەوان ژن وەك سەرچاوەی پاراستنی ژیان دەبینن، وەك هێزێك کەناهێڵێت ڕەگەزی مرۆیی لەناو بچێت.بێگومان هەڵوێستی ڕادیکاڵەکان لەم پێناسەکردنەی ڕۆڵی ژن لەپاراستنی ژیاندا جیاواز بووە، نەوەی یەکەمی ڕادیکاڵەکان منداڵبوونیان وەك شتێکی نێگەتیڤ وێناکردووە، لەکاتێکدا نەوەکانی دواتریان نرخێکی گەورە بۆ منداڵبوون دادەنێنن و وەك ڕووداوێکی بەرز دەینرخێنن.[6] ئەم ڕەوتە ڕەگەزایەتی بەمەسەلەی بنچینەیی دەزانن و ئامانجیان ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە

---

[1] - مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 167.

[2] - رانیا کمال، اتجاهات الفکریة فی نظریة النسویة، 25-7-2015، http://www.oudnad.net

[3] - شنۆ میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.

[4] - ڕوئیا تلوعی، هەرگیز لەژن بوونم پەشیمان نیم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005، ل163.

[5] - مەهاباد قەرەداغی، ئازاد کردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 20.

[6] - مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 169.

تایبەتمەندی و ڕەفتارێکە کە لەسەر بنەمای ڕەگەزی بنیاد نرابێت.[1] خاڵێکی دیکە کە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان گرنگی پێدەدەن زمانە، بیرو زمان هەوێنی بەرهەم هێنانەوەی یەکترین، دەبینین چۆن بیری پیاوسالاری کاریگەری لەسەر زمانەکان داناوە و لەزمانەکاندا ژن وەك هێمای سۆز و پیاو وەك هێمای عەقل، ژن وەك ڕەمزی لاوازی و پیاو وەك ڕەمزی هێز دادەنرێن. فێمینیزم لەڕاڤەکانی خۆیدا لەمەسەلەی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژن، پەی بەو مەترسیەش بردووە کە فکر لەسەر زمان و زمان لەسەر فکر هەیەتی، کەلەڕێگای سیمبولەکانی زمانەوە بەژن دراوە.[2]

بابەتێکی دیکە کە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان گرنگی پێدەدەن لەش و ژیانی جنسی ئافرەتانە، لای ئەوان ژن دەبێت خۆی ببێتە خاوەنی لەشی خۆی و جنسیش کارێك نیە تەنها منداڵبوونی لێبکەوێتەوە، جگە لەمە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بەتاکە شێوازێکی پەیوەندی جنسی نازانن. ئەم گروپە داوای دامەزراندنی کۆمەڵێك دەزگا دەکەن کە گرنگی بە داخوازی و پێویستییەکانی ئافرەتان بدات. وای بەباش دەزانن دەزگاو دامەزراوە باڵادەستەکان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بگۆڕێن و لەشوێنی ئەوان دەزگا و دامەزراوەی نوێ دابمەزرێن، چونکە باوەڕیان وایە دەزگا باڵا دەستەکان لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەو نایەکسانییە دروست بوون کە لەنێوان پیاو ژندا هەیە.[3]

## 3- قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسی

نوێنەران و لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە چەوساندنەوەی ژنان لەمێژوودا لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و دابەشکردنی ئابووری و ژیانی کاردا سەرچاوەی گرتووە، واتا شێوەی بەرهەمهێنانی سیستەمی سەرمایەداری نەك سیستەمی باوکسالاری هۆی سەرەکی چەوساندنەوەی ژنانە.خەباتی فێمینیستی لەم ئاقارەدا گرێدراوە بەخەباتی چینایەتییەوە، هەوڵدان بۆ هێنانە کایەی سیستەمێکی دادگەرانەی ئابووری و شێوەی دادگەرانەی بەرهەمهێنان خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوەیەکی دادگەرانە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵگە، بەمەش چەوساندنەوەو ستەم لەسەر ژن نامێنێ.[4]

سیستەمی سەرمایەداری هەر لەبنەڕەتەوە لەسەر چەوساندنەوە دامەزراوە، بۆیە ناتوانێ بەرابەری ژن و پیاو یەکسان بکات.[5] ڕەوتی مارکسیەت بڕوایان وایە، مەحالە هەرکەسێك بێت بەتایبەتی

[1] – کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل 11.

[2] – خالید عەبدولکەریم حەمەلاو و مەهاباد قەرەداغی، لەهیومانیزمەوە تا فێمینیزم، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010، ل 26.

[3] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 169.

[4] – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 21.

[5] – سەرۆ قادر، ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2009، ل 40.

ئافرەت هەلێکی ڕاستەقینەی یەکسانیان لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا دەست بکەوێت، لە کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەدا کە بەروبووم و دەسکەوت لەلایەن کەسانی چەوساوەدا فەراهەم دەکرێت و بەرهەمەکەشی دەچێتە دەستی کەمینەیەکی بەهێزەوە. [1]

فێمینیستە مارکسییەکان، وەك فێمینیستە ڕادیکاڵەکان، باوەڕیان وایە کە دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بەگۆڕان و دەسکاریکردنی ڕادیکالْ هەیە، ئەوەشی لەهەموو دەزگاکانی دیکە زیاتر پێویستی بەگۆڕان هەیە دەزگاکانی سیستمی ئابوورییە، چونکە لەدیدی مارکسیەکاندا گۆڕانی ئابووری فاکتەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەوان داوای دەکەن، کاری ژن لەناو ماڵدا پاداشت بدرێتەوە، واتا وەك چۆن کاری دەرەوەی ماڵ بەرامبەر پارەیە دەبێت کاری ژنیش لەناو ماڵدا بەپارە بێت و هەمان حیسابی کاری دەرەوەی ماڵی بۆبکرێت. [2]

بەکورتی مارکسییەکان پێگەی ژن بە سیستمی ئابووری کۆمەڵگە دەبەستنەوەو مەسەلەی لەش و شێوەکانی دیکەی چەوساندنەوە بەدەرەنجامی چەوسانەوەی چینایەتی دەزانن. کارکردن و بوونی ژن بەکەسێکی سەربەخۆ لەڕووی ئابوورییەوە بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانن بۆ ڕزگاربوونی تەواوەتی ژنان و بەرزبوونەوەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتییان.

## 4-قوتابخانەی فێمینیزمی سۆسیالیستی

گرێدانی چەمکی سۆسیالیستی بەخەباتی فێمینیستییەوە، چەمکێك بوو لەلایەن پارتە سۆسیالیستەکانەوە لەسەرەتاوە نەدەهاتە قبولکردن، بەلاَم لەناوەڕاستی سالآنی هەفتاکاندا لەلایەن زۆر لەگروپەکانی باکووری ئەوروپادا کاری پێکرا. لەم ئاقارەشدا بەپێی ئایدۆلۆژیای نوێنەرو لایەنگرانیەوە کە ئایدۆلۆژیایەکی چەپڕەویان هەبوو، هەوڵی یەکگرتنی هەردوو خەباتی چینایەتی و ژنان دەدرا. [3] فێمینیستە سۆسیالیستەکان دووشت بەیەکەوە گرێدەدەن، لەمارکسیەکانەوە گرنگیدان بەئابووری وەردەگرن و تێکەڵی دەکەن بە گرنگیدانی فێمینیستە ڕادیکاڵەکان بە ڕەگەز، یان جنس. ئەوان باوەڕیان وایە کە سیستمی سەرمایەداری لەسەر بنەمای دابەشکردنێکی تایبەتی کار و ڕۆڵ دابەشبووە کە ڕەگەزی ژن و پیاو تیایدا نایەکسانن. [4]

---

1 – نورە فرج المساعد، فێمینیزم ڕەوت و فیکرەکانی، و: عبداللە تاهیر بەرزنجی، چ1، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2006، ل 1.

2 – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 173.

3 – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو ل 21.

4- http://psychology.wikia.com/wiki/Feminist_theory.

بە باوەڕی ئەمان دابەشکردنی کار چ لەناو ماڵ و چ لەبواری گشتیدا لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دروستبووە. لەناو ماڵدا ژن بەرپرسیارکراوە بەرامبەر بە بەخێوکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی کاری ناوماڵ، لەدەرەوەی ماڵیش زیاتر لەو شوێنانە کاردەکات کە زیاتر خۆیان بە خزمەتگوزارییەوە خەریک دەکەن، وەك برینپێچی، مامۆستایی و... . کارە گرنگەکانی کۆمەڵگە لەدەستی پیاواندان، فێمینیستە سۆشیالیستەکان باوەڕیان وایە ئەم دابەشکردنەی کار دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە لە قازانجی ئافرەتدا نیە، بۆئەوەی پەیوەندییەکان بگۆڕێن دەبێت کۆتایی بەو دابەشکردنەی کار بهێنرێت.[1]

## 5-قوتابخانەی فێمینیستە پۆست مۆدێرنەکان

تێڕوانینی فێمینیستە پۆست مۆدێرنەکان بۆ دوای ساڵانی هەفتایەکان دەگەڕێتەوە، کە گروپێك لەژێر کاریگەری دیدگا پۆست مۆدێرنەکانەوە و بەپشت بەستن بەسایکۆلۆژیای ڕەفتارەوە جەختیان لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییە ژنانەییەکان دەکردەوە.[2] لەڕوانگەی پۆست مۆدێرنەکانەوە هەموو قوتابخانەیەکی هزری کە داوای تێگەیشتنی ڕاستییەکان لەشێوەیەکی گشتیدا دەکات، هەم سەرت لێدەشێوێنێ و هەم فریوت دەدات، ئەوان پێیان وایە هەر قوتابخانەیەکی فیکری باوەڕی بە یەك ڕێباز هەبێت بۆ تێگەیشتنی ژنان لەکێشەکانی خۆیان، سەرلێشێوێن و وێرانکەرە، هەر چەشنە قوتابخانەیەکی تایبەت ڕەتدەکەنەوە. باوەڕیان وایە هەموو هۆکارەکان بەسەریەکەوە کاریگەریان هەیە وەك، تەمەن، باڵا، چین، ڕەگەز، کولتوور و پەروەردەو...هتد.هیچ هەوڵێك بۆ کۆکردنەوەی ئەم هۆیانە لەچوار چێوەیەی ئایدۆلۆژییایەکی تایبەت مومکین نابێت.[3]

بەکورتی ئەم فێمینیستانە باوەڕییان بەبوونی یەك تیۆری گشتی نیە بۆ مەسەلەی ژنان، بەڵکو پێیان وایە دەبێت ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان ئافرەتاندا هەیە، ببێتە سەرەتای بیرکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفی و داڕشتنی پلان و ڕێگا چارەی کارکردن کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە.[4]

---

[1] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 174.

2 - Henry A. Giroux ،Post modernism ،Feminism and Cultural Politics ،State Univeristiy of New York Press ،1991 ،P.6.

[3] – شنۆ میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 29.

[4] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوی پێشوو، ل 176.

# بەشی سێیەم/ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزان.

یەکەم/ پەرەسەندنی خێزان

دووەم/ پێگەی ژن لە خێزانی کۆن (نەریتی)

سێیەم/ پێگەی ژن لە خێزانی نوێ (مۆدێرن)

چوارەم/ پرۆسەی وەرچەرخان لە کوردستان

## بەشی سێیەم / گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزاندا

### یەکەم/ پەرەسەندنی خێزان

لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە هێشتا خێزان بەشێوە نەریتییەکەی ئێستای لەئارادا نەبوو، هەروەها کار هێشتا پێناسەیەکی ئابووری بەخۆیەوە نەدیبوو، ژن بەرهەمهێنەرێکی سروشتی بوو، دەسکەوتەکانی چ لەڕووی بیۆلۆژییەوە کە نەوەی مرۆڤی لێوە بەرهەم دەهات و هێشتا ڕۆڵی باوکیش لەم پرۆسەیەدا نەناسراو بوو، چ لەڕووی فیزیکییەوە کە ڕنینەوەو چرینەوەی بەری دارەکان ئەرکی ڕۆژانەی ئەو بوو، بەرهەمەکەشی بۆ خۆی و زارۆکەکانی و ئەندامانی گروپەکەی بوو بەبێ جیاوازی، وای کردبوو لەو سەردەمەدا ژن لەخێزان و کۆمەڵگەدا لەپێگەی ناوەنددا بێت. [1]

بەدەرکەوتنی سیستمی کۆیلایەتی، کۆیلەداران خێزانە شکۆدارەکانیان هێنایە کایەوە، ئەو گۆڕە گەورانەی خێزانەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی کۆیلایەتی و دەوڵەتی کۆیلایەتی، لەم گۆڕانەوە بۆمان دەردەکەوێت، خێزان بەلای کۆیلەدارانەوە زۆر گرنگ بووە. چونکە یەکێك بووە لەچەقەکانی گوشار و داگیرکاری، کۆیلەداران لەڕێی ئەو یەکەمین بەدەوڵەت بوونە هێنایانە کایەوە، لەسەرو کۆمەڵگەوە بەرەو بەخاوەند بوون دەچوون و خێزانیش باشترین شێوەی بەرجەستەبوونی ئەمە بوو، لێرەدا مولکایەتی تایبەت فراوان بوو. [2]

توێژینەوە لە مێژووی خێزان لەساڵی (1861) ەوە دەست پێدەکات، کاتێك کە کتێبی (مافی دایك) لەلایەن (باخۆڤن) ەوە بڵاوکرایەوە، باخۆڤن ئاماژەی بەوە کردووە کە لەسەرەتادا مرۆڤایەتی لەپەیوەندییەکی بێ لەمپەری جووت بوونی نێرومێدا دەژیان، باخۆڤن ناوی لەم دیاردەیە نابوو (هیتیریزم).لەم جۆرە پەیوەندییانەدا هیچ بەڵگەیەك نیە کە باوکی پێ بناسرێتەوە، بۆیە ڕەچەڵەك بەپێی مافی دایك و تەنها لە ڕێگای دایکەوە دەتوانرێ دیاری بکرێ، هەروەك چۆن لەپێشدا لەلای تێکڕایی گەلانی سەردەمی کۆندا وابوو. ژنان کە لەنێوان باوك و دایکی نەوە تازەکاندا تەنها ئەوان

---

1 – مەهاباد قەرەداغی، ماکی زەبر و زەنگ لەعەقڵ و کولتووردا، گۆڤاری شیکار، ژ: سفری پاییزی 2012، هەولێر، ل 8.

2 – عەبدوڵلا ئۆجەلان، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ، و: ئەستێرە عەبدولجەبار، چ1، چاپخانەی ڕەنج، 2012، ل17.

وەکو دایک دەناسرانەوە، ڕێزێکی بێپایانیان لێدەگیرا، بەئەندازەیەک بەدیدی باخۆفن گەیشتە ترۆپکی بالآی دەسەلأتدارێتی ڕەگەزی مێینە (جینیکۆکراسی) واتا (فەرمانڕەوایی مێینە).[1]

سیستەمی خێزان لە ژیانی مرۆڤایەتی کۆندا لەچەند شێوەیەک خێزان پێکهاتبوو، بەلأم بە جیاوازی کات و کۆمەڵگەکان گۆڕانی بەسەردا هات. ئەگەر بڕوانینە سیستەمی بەکۆمەڵ (معشر) (Horde)، کە کۆنترین شێوەی مرۆڤایەتییە و سروشتی ئەم سیستەمە لە پەیوەستبوونی نیمچە خێزان پێکهاتبوو، واتا هەر کۆمەڵێك ژمارەیەك خانەی خێزانی تێدا بوو، هەموو کۆمەڵێکیش لەڕووی ژمارەی تاکەکانی و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیا جیاواز بوو وەك، خێڵەکانی (بوشما) لە ئەفریقیا و خێڵی (فیدا) لە هیند و سیلان.[2]

خێزان لە چاخە کۆنەکاندا سەرجەم ئەرکە کۆمەلأیەتی، ئابووری، ئایینی، ئاکاری، دادگایی و پەروەردەیی لە ئەستۆ گرتبوو. خێزان دەزگایەکی ئابووری بوو، دابینکردنی بژێوی ئەندامەکانی لە ئەستۆ بوو، هەروەها دەزگایەکی یاسایی بوو کە یاسای دادەڕشت و سنوری دادەنا و مافی دەبەخشی و ئەرکی دەسەپاند. دەزگایەکی سیاسی جێبەجێکاری بوو کە سەرپەرشتی کاروبارە سیاسیەکانی دەکرد، سەرەڕای ئەوانەش دەزگایەکی دادوەری بوو ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان ئەندامەکانی چارەسەر دەکرد و مافی بۆ خاوەن ماف دەگەڕاندەوە، سەرەڕای سزادان. لەپاڵ ئەمانەشدا دەزگایەکی ئایینی، ئاکاری و پەروەردەیی بوو.[3]

خێزانی کۆنی کوردی خێزانێکی باوکسالار بووە، وردتر بۆ باوك دەگەڕێتەوە. سەرۆکی خێزان بە گوێرەی داب و نەریتی کوردەواری، خاوەن دەسەلأتێکی فراوان بووە لە خێزاندا. جا ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەری یان گوندی یان شارستانی بێت.[4] ئەم شێوازە لە سەرانسەری ناوچەکاندا هاوشێوەیە، بەلأم لە هەمان کاتدا هەندێك جیاوازی هەن، کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بەپێی بەرزی و نزمی زەوی و ڕادەی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە دەگۆڕێت. ئەو گۆڕانکاریانەش بە هیچ شێوەیەك کار ناکەنە سەر ڕواڵەتە بنچینەییەکانی ئەو شێوازەی خێزان. فاکتەری ئابووری بەپلەی یەکەم ڕۆڵی لە دەسەلأتی باوکسالاریدا (Patriarchal)، بینیوە.

---

[1] – فردریك ئەنگلس، بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت، و: کەریم مەلا ڕەشید، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، بیّ ساڵی چاپ، ل 22.

[2] – مصطفى الخشاب، دراسات في الاجتماع العائلي، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، 1985، ص49.

[3] – محمد بن محمود أل عبدالله، دەرونزانی کۆمەلأیەتی، و: ئارام ئەمین شوانی، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2014، ل75-76.

[4] – فائیزە محمد عیزەت، ژیانی کۆمەلأیەتی کورد لەنێوان سەدەکانی 10-15ی زایینی، و: سەرمەد ئەحمەد، چ1، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، هەولێر، 2014، ل 97.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی داهاتە ئابوورییەکەی کشتوکاڵی و شوانکارەیی بووە، لەم کردارە ئابووریانەشدا پیاو ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.[1]

خێزانی کوردی کۆن بەپێی داب و نەریتە کۆنەکان قەوارەیەکی فراوانی هەیە، ئەگەر باپیر لە ژیاندا مابێت و منداڵەکانی ژیانی هاوسەرییان پێکهێنابێت هەموویان پێکەوە لەیەك ماڵدا دەژین، لەڕووی دارایی و خواردن و ئامادەکردنی خواردنەوە هاوبەشن. ئەگەر باپیرە زۆر پیر بوو یاخود لەژیاندا نەمابوو، کوڕە گەورەکەی جێی دەگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی خێزاندا. هیچ کام لە براکان لە چوارچێوەی خێزانەکەیاندا بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی دیکە ناچن، تەنها لەبەر هۆکارێکی تایبەتەوە نەبێت وەك، ڕوودانی ناکۆکی یان لێکترازان لەنێوان هەندێك لە تاکەکانی خێزاندا.[2]

دەسەڵات لە خێزانی کوردیدا هەرەمیەو، لە هەرەمی خێزانیشدا ئەگەر چی دایك ڕۆڵی پەروەردە دەبینێ و ئەرکی سەرەکی خێزان وەئەستۆ دەگرێت، دەبێت هاوشانی باوك بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەرەمی دامەزراوەی خێزاندا، دایك و کچەکانی دەخرێنە پایین و باوك لە لووتکەی هەرەمەکەدا سەقامدەگرێ و، کوڕەکانیشی لە پلەیەکی خوارتر لە باوك، لە پاییینیشدا کچەکان لە پلەیەکی خوارتری دایك، واتا خوارترین پلەی هەرەمی دەسەڵات، کە لەم پەیوەندییەدا دەبێتە سەرووترین پلەی بێدەسەڵاتی.[3]

پیاویش زاڵە بەسەر خێزانەکەیداو هەر ئەویش هەڵگری ناوی خێزانەکەیەتی، هەموو کار و پیشەیەکی جیاواز دەکات لە پێناو دابینکردنی گوزەران بۆ ئەندامانی خێزانەکەی، هەرچی ژنیشە ڕۆڵێکی کەمتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی پیاودا. هەر لەبەر ئەوەیە خێزانی کوردی بەوە جیا دەکرێتەوە کە دایك و باوك ئارەزوویەکی بەهێزیان هەیە لە زۆربوونی ژمارەی منداڵ و وەچە خستنەوەدا بەتایبەتی منداڵی کوڕ، لەبەر ئەوەی کوڕەکان لەهەمان کاتدا بە پشتیوانی ئابووری دادەنرێن، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پێگەیەکی بەرز لە خێزاندا داگیر دەکەن.[4] لە هەندێك خێزانیشدا دایك لە پلەی خوار باوکە، واتا لە پلەی سەروی کوڕەکانە. ئەمەش لەوانەیە بۆکەسایەتی دایکەکە بگەڕێتەوە کە کەسایەتییەکی سەرکەوتووی هەبێت بتوانێت ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لەناو خێزاندا وەك هاوسەر و دایك بەباشی بگێڕێت، خاوەنی پێگەیەکی بەرزبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە خوار پێگەی باوکە ئەگەرچی ئەرکەکانی زیاتریشن بەتایبەتی لە ڕۆژکاری

---

[1] – شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، 1972، ص 453.

[2] – هادي رشيد الجاوشلي، الحياة الاجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، 1970، ص 39.

[3] – مەهاباد قەرەداغی، شەرەفنامە، چ2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل 108 و 109.

[4] – شاکر خصباك، المصدر سابق، ص 457.

ئەمڕۆماندا کە زۆربەی ژنەکان سەرەڕای کاری ناومال و پەروەردەکردنی منداڵەکان لەدەرەوەی ماڵیش کاردەکەن لەدامودەزگا حکومیەکان یان لە کەرتی تایبەتیەکان.

## دووەم/ پێگەی ژن لە خێزانی کۆن (نەریتی)

لە چۆنیەتی دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکی دونیا دوو جۆر کۆمەڵگە شایەنی لێ ورد بوونەوە و بەراوەردکردنن، لە ڕووی بنیادی پەیوەندیەکاندا کۆمەڵگەی نەریتی (تڕادسیۆن) و کۆمەڵگەی نوێ (مۆدێرن). بەهەمان شێوە ڕۆڵی خێزان لە هەردووجۆری کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکرێت. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا خێزانی گەورە لە سێ نەوە پێکهاتووە، باپیرە و داپیرە و منداڵەکانیان و منداڵزاکانیان، هێشتا برەوەی هەیە. خێزان و ناو و ناوبانگی خێزان مەبەست و ئامانجە، تاك بەبێ خێزان و خزم بە بێ پشت و پەنایە و خۆی لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدا دەبینێتەوە. بۆیە ئاراستەی هەموو هەوڵکانی بۆ خێزان بەهێزکردنی بناغەکانی ئەو خێزانەیە. ناسنامەی خێزانی دەکەوێتە پێش ناسنامەی هەر ئەندامێکی ئەو خێزانەوە. (1)

خێزانی گەورە لە کۆمەڵگە سەرەتایی و کۆمەڵگە لادێی و نا پیشەسازیەکان و ئەندامانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە شانشینەکان باو و بڵاوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆرینەی جار ئەندامانی خێزان لەڕووی ئابووریەوە هاوتا نین و بەدەست فەراهەم نەبوونی دەرامەتەوە دەناڵێنن. ئەم جۆرە خێزانە گروپێکی توند و تۆڵن و موڵکایەتی تیایدا گشتی یەو دەسەڵات بۆ سەرۆك خێزانە یاخوود بۆ باپیرە گەورەیە. (2) لەم جۆرە خێزانەدا وابەستەیەکی زۆر هەیە بە بەساڵاچوانەوە و بەڕێزێکی زۆرەوە باس لە باب و باپیری کۆچکردوو دەکرێت. نەریتە پیشت ئەستوورەکان بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەخلاق خێزان وەك سیستمێکی گونجا و ڕێکخراو لێدەکات کە تێیدا هەر کەسێك بە باشی دەزانێت کە پێگەکەی لە کوێدایە. خێزان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگیەکی زۆری هەیە لە تاکە کەس و لە ئەنجامدا هاوسەرگرتن زۆرەبەی جار لەلایەن دایك و باوکە بەساڵاچووە شارەزاکانەوە ڕێکدەخرێت و ئارەزوەکانی کچ و کوڕ جێگەی گرینگی پێدان نیە. (3)

لەم جۆرە خێزانە خزمەکان وەکو، باپیرە، داپیرە، مام، پورەکان و خاڵەکان ڕۆڵکی کاریگەر و گرینگیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. لەبەرئەوە لە حالەتی مردنی یەکێك لە هاوسەرەکان پەیوەندیە خێزانیەکە هەڵناوەشێتەوە، بەڵگو بەبەردەوامی دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر تەلاقیش لە نێوانیان ڕووبدات ئەوا پەیوەندیەکە هەر دەمێنێتەوە و منداڵەکانیش لەناو خێزانەکەدا بەبێ لادان

[1] – مهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

[2] – محەمەد بن مەحمود ال عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل94.

[3] – مەنوچێهر موحسینی، سەرچاوەی پێشوو، ل391.

و بەدڕەوشتی دەژین. ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتیە بەهێزەیە کە لەنێوان خێزانی هەردوو هاوسەرەکەدا هەیە. ئەو کەلێن و دابڕانەش پڕدەکاتەوە کە تووشی خێزانەکە بووە، چونکە هاوسەرگیری لەم خێزانەدا لەسەر پەیوەندی دووکەسی پێگەیی دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر پەیوەندی خزمایەتی – خوێنی دروست بووە کە زۆر بەهێزتر و بەتین ترە لە پەیوەندی دووکەس بە تەنها.(1)

لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا، هەندێك لە ئەرکەکان کە لە خێزانی نوێدا لە ئەستۆی دەزگاکانی دیکەدایە، بە بەرپرسیارییەتی خێزان دادەنرێن. خێزان ڕازییە پەروەردەو فێرکردنی ئەندامەکانی لە ئەستۆ بگرێت، هۆکارەکانی بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵیان بۆ فەراهەم بکات، ئاسانکاری خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکات، توانای ئابووری وەدی بهێنێت و تەنانەت تاکەکان فێری ئاینیش بکات، ئەو تۆڕە پەیوەندییەی لەنێوان ئەندامانی خێزانێك هەیە، لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێك یاسا و ڕێوڕەسم و داب و نەریت دایە، کە پێگەو ڕۆڵی تاکەکان دەستنیشان دەکات، مێرد ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە، ڕۆڵی هاوسەرێتی لەلایەن ژن و مێردەوە دەگێڕدرێت، لە هەندێ خێزاندا لەوانەیە کوڕی گەورەش خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بێت.(2)

دەکرێ بڵێین کاریگەری خێزان وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکانەی بۆ کۆمەڵگە ئەنجامیان دەدات و یارمەتی مانەوەی کۆمەڵگە دەدات. هێشتا خێزان چەند ئەرکێکی سەرەکی لە دەستدایەو گرنگترینیشیان ئەرکی سێکسی، وەچە خستنەوە، ئابووری و پەروەردەییە. سەرجەم ئەمانە ئەرکی کۆمەڵایەتین و لەپێناو پێداویستییەکانی ژیان.(3) لەوجۆرە خێزانانەدا باوك کاریگەرە و کارتێنەکراوە، بڕیاردەرە و گوێ لە پێشنیاری کەسانی دی خێزانەکەی ناگرێت، لە هەمان کاتیشدا بەخێوکەرێکی ڕەهایە، ئەرکی باوك لە خێزانی نەریتیدا لە جێی ئەرکی چەندان کەسە بەپێی ئەرك و مافیش ڕەوایەتی بەخۆی دەدا کە بۆ چەندان کەس بڕیار بدات و چارەنووسی چەندان کەس ئەو دیاری بکات.(4)

خێزان شێوەیەکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی هۆزە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی جۆری مرۆڤەوە هاتۆتە کایەوە، لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەوە تا ئێستا وەك دامەزراوەیەك ویستوویەتی درێژە بەخۆی بدات، لە کۆمەڵگەی سەرەتادا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان خێزان و هۆزدا بەدیناکرێت و

---

1 – مەعن خەلیل، کۆمەڵناسی خێزان، و: ئارام ئەمین جەلال، چ1، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2007، ل14.

2 – مەنوچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو، 193.

3 – محمد بن محمود أل عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل76.

4 – مهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

زۆر لـە یـەك دەچـن. لـە هـەموو کۆمەڵگەکانـدا وەك دامەزراوەیـەك جیابوونـەوەی شـان بەشـانی پێشـکەووتنی کۆمەڵگـەی چینایەتی هاتۆتـە کایـەوە و تایبەتمەنـدی جیاکـەرەوەی خـۆی بەدەسـت هێنـاوە. دەکرێـت بڵـێین خێـزان بـە پێـی شـێوەکانی بـە درێـژایی مێـژوو لەگـەڵ پێشـکەوتنی شارسـتانیەتدا، واتـا لەسـەردەمی دەرکـەوتنی سسـتمی گوشـار و داگیرکاریـەوە وردە وردە خـۆی کردووە بە دامەزراوەیەکی تایبەت.[1]

پەیوەندیـە خزمایەتیـەکان لـە خێزانـی فراوانـدا زۆر بـەهێزن، ئـەم جـۆرە خێزانـە کۆمـەك و هاوکـاری بەکـەس و کـاری دەبەخشـێت و لێشـیان وەردەگرێـت. سـەرەڕای ئەمانـەش کـەس و کـار بەشـداری لـە پـەروەردەکردنی منداڵـەکان و گرتنـە بـەری ئـەو بڕیارانەشـدا دەکـەن کـە تایبـەتن بـە ڕێکخستنی کاروبارەکانی و دیاریکردنی چارەنوسیەوە، هەروەها خێزانی فراوان لـە یـەك کاتـدا دوو جۆر ئـەرك بەجێـدێنێت. ئـەوانیش ئەرکـە سـەرەکیەکان و ئەرکـە لاوەکیـەکان. دەوڵـەت یارمەتیـەکی ئەوتۆ پێشکەش بە خێزانی فـراوان ناکـات.[2] لـە خێزانـی گـەورەدا بـاوك باڵادەسـتە، زۆربـەی جـار دەسـەڵاتدارییەتی پشـت بـە سـزای جەسـتەیی و هەڕەشـە دەبەسـتێ، ئـەوەش بـە زۆری نائاسـودەیی خێزانی لێدەکەوێتەوە.[3]

## سێیەم/ پێگەی ژن لە خێزانی نوێ (مۆدێرن).

لــە کۆمەڵگــەی مۆدێرنــدا، خێزانــی گــەورە ئــەو پیرۆزییــە ســیمبولیەی لەدەســتداوە و کەمبووەتـەوە، خێزانـی ئاسـاییش تـا دێ کـەمتر ئـارەزووی لێـدەکرێ و جـۆرێکی تـری پەیوەنـدی ئەلتـەرناتیڤی خێـزان لـە نێـوان ژن و پیـاو و منداڵـەکانیان دا دەچەسـپێنرێ. تاکـەکانی خێزانـی هاوچـەرخ ئـازادی تاکـە کەسـی ڕەهایـان هەیـە، هـەموو تاکێـك سـنوری تاکـە کەسـی و کەسـایەتی یاسایی و خۆی هەیە. بەتایبەتی کاتێك دەگاتە تەمەنی توانست و پێگەیشتوویی، چونکە خێزانی مرۆیی لە میانی پەرەسەندنەکانی دا تایبەتمەندنی خۆی وەکو یەکەیەکی یاسایی دەستەجەمعی لە دەستداو وای لێهات هـەموو تاکێك لـە سنوری سیستەمی ئابووری دەوڵەتدا مـافی خاوەندارییـەتی وەرگـرت، چـونگە چـیتر خاوەندارییـەتی کۆمـەڵی نیـە، وەکـو ئـەوەی لـە سسـتەمی خێزانـی کۆنـدا هەبوو.[4] خێزانـی مـۆدێرن یـان (نـاوکی) وەك پڕۆفیسـۆر (ماکیڤـەر) ئامـاژەی بـۆ کـردووە، تـەنها بـە ئەرکـە سـەرەکیەکانی هەڵدەسـتێت بەرامبـەر بـە تاکـەکانی، ئـەو ئەرکانـەش بـریتین لـە ڕێکخسـتنی

---

[1] – عەبدوللا ئۆجەلان، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ، سەرچاوەی پێشوو، ل16–17.

[2] – احسان محمد الحسن، ئینسکلۆپیدیا، سەرچاوەی پێشوو، ل215.

[3] – محمد بن محمود آل عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل85.

[4] – محمد بن محمود آل عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل90.

پەیوەندییە سێکسیەکان لەنێوان تاکەکان لە ڕێگەی هاو سەرگیرییەوە، منداڵبوون و پاراستنی خێزان لەو مەترسیە دەرەکیانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەو ئەرکە لاوەکیانەش کە خێزان لەوەوپێش پێیان هەڵدەستا، وەك ئەرکی ئابووری و تەندروستی و پەروەردەیی و کات بەسەربردن و کۆمەڵایەتیەکان، بە چەند دامەزراوەیەکی پسپۆری دراون. کە دەوڵەت سەرپەرشتیان دەکات و بەڕێوەیان دەبات.[1] ئەم جۆرە خێزانە زیاتر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بڵاوەو پەیوەندیە خزمایەتیەکان لاواز و هەڵوەشاوەن و بەتەنها لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ژن و پیاو پێکهاتووە و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەزامەندی کەسانی ترەوە نیە و بە مردنی ژن و مێرد کۆتایی بە ژیانی ئەم خێزانە دێت، تاکەکانی ئەم خێزانە سەر بە خۆیی ئابوورییان هەیە، وابەستەیی تاك بە خێزانەوە لاوازە.[2]

خێزانی نوێ یەکەیەکی هاوسەرگیری وەستاوە لەسەر بنەمای پەیوەندی مەرکەزی نێوان ژن و پیاو، کە پەیوەندی سۆزداری نێوانیان و بە ژمارەیەکی کەمی منداڵ دەناسرێتەوە، هەروەها خزمەکانیشیان هیچ ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم خێزانەدا نیە. بەڵکو هەندێ ڕۆڵی پەراوێز و لاوازییان هەیە، وە ئەگەر جیابوونەوە یان تەڵاق یان مردنی یەکێکیان ڕوویدا، پێشبینی هەڵوەشانەوەی خێزانەکە و لادانی منداڵەکان دەکرێت، چونکە پەیوەندییە هاوسەرییەکە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە نێوان خێزانی هەردوو هاوسەرەکە نیە. ئەم خێزانە خێزانی ژن و مێردیکە.[3] لەم جۆرە خێزانە دا هەر لەسەرەتاکانی تەمەنەوە مرۆڤ هەڵی دۆزینەوەی ((من)) دەدات، چونکە دیدەکان ئاراستەی تاکن و ناسنامەی تاك سەنتەرە، خۆناسین و خۆ سەلماندنی تاك دەبێتە ئامانج، کۆمەڵ و یاسا و دامەزراوەکان یارمەتیدەری تاکن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.[4]

خێزانی ناوکی بناغەی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی ئەمڕۆیی پێکدێنی و لە پەیوەندی لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی شارنشینی و پیشەسازی لە شارەکان دروست دەبێت، چەند جیاوازییەك خێزانی ناوکی لە گشت جۆرەکانی خێزان جیا دەکاتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە جیاوازی لە کار و ئەرك، جیاوازی لە قەبارە، هەروەك گوترا خێزانی ناوکی بە بەراورد لەگەڵ خێزانی بەرفراوان (گەورە) خاوەنی قەبارەی بچووکترە و لە ژن و مێرد یان ژن و مێرد و منداڵەکان پێکهاتووە.[5] یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی خێزانی ناوکی ئەوەیە کە مانەوەو بەردەوام بوونی سنوور

---

1 – احسان محمد الحسن، ئینسکلۆپیدیا، سەرچاوەی پێشوو، لا215

2 – کنێر عبدالله، پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، سەرچاوەی پێشوو، لا42.

3 – محن خلیل، کۆمەڵناسی خێزان، سەرچاوەی پێشوو، ل13.

4 – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

5 – مەنسور وسوقی و عەلی ئەکبەر نیك خولق، سەرچاوەی پێشوو، ل194.

داره و نەوەکانی بەشێوەیەك پەروەردە دەکات کە بتوانن ئەو ڕۆڵانە بگێڕن کە لەگەڵ سروشتی ژیانی نوێ بگونجێت، ئەم جۆرە ئامادە کردنەی تاکیش زیاتر لەگەڵ خێزانی ناوکی ڕێك دەکەوێت، چونکە هەردوو هاوسەرەکە هە لەسەرەتاوە لەسەر ئەم بنەمایانە یەکتریان هەڵبژاردووە و ڕێککەوتوون و جۆرێك لە یەکسانی لە ئەرك و مافەکاندا هەیە.[1]

## چوارەم/ پرۆسەی وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی کوردی

هەموو دیاردەیەك، چ سروشتی و چ کۆمەڵایەتی، لەڕوانگەی زانستەوە هەمیشە لە گۆڕان و بەردەوامبوون دایە. کۆمەڵگەش وەکو یەکێتییەکی کۆمەڵانی خەڵکی دروست بوو لە ڕەوتێکی مێژووییدا، واتا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی بەدوای یەکدا هاتوو تێدەپەڕێ و هەمیشە لە جووڵانەوەو بەرەو پێشچووندا دەبێت.[2] پەرەسەندنی کۆمەڵگە پەیوەستە بەگۆڕانی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە، بۆیە بەبێ گەشە کردنی ئەمانەو هێنانە کایەی بنیادێکی ئابووری بەهێزتر لەوەی پێشووی، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خۆی ببڕێت و گەشە بکات.[3]

بۆ شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیانەی هەر کۆمەڵگەیەك دەبێ پێش هەموو شتێك وەکو میتۆدێکی زانستی، دەستنیشانی شوێنی جوگرافی و قۆناغە مێژووییەکەی بکرێت. چونکە کاریگەری و جێپەنجەی ئەم دوو هۆکارە بەسەر کۆمەڵگەوە یەکجار زۆرە. هەر توخمێك و هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك بگریت، دەبێت لەوەوە بۆی بچیت کە ئەمە ڕەگ و ڕیشاڵی مێژوویی خۆی هەیە و لەهەمان کاتدا ڕەچاوی کارتێکردنی دەوروبەرە سروشتی و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلۆتیکی و...، بکەیت. ئەوەش لەم ڕوانگەیەوە کە هیچ دیاردەیەك یان توخمێك بەتایبەتی کۆمەڵایەتی، بەتەنیا و دورە پەرێزانە لەئارادا بوونی نیە، بەڵکو هەموو دیاردەکان پێکەوە کار دەکەن و کار لەیەکدی دەکەن.[4]

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە کۆمەڵگەی کوردی تەنها ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە بەشی باشووری کوردستانی مەزن و بەڕەزامەندی بەریتانیا خراوەتە ژێر دەستی عێراق، هەر لەو

---

1 – مديحة احمد عبادة، علم الاجتماع العائلي المعاصر، ط1، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2011، ص185.

2 – ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی، چ1، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2010، ل 101.

3 – محەمەد شوانی، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012، ل 317.

4 – ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل 26.

کاتەشەوە بە کوردستانی عێراق ناوزەند کراوە. کوردستان کە بارێکی ستراتیجی لەسنور بەدەر سوودمەندی هەیە، هەمیشە سەرنجی داگیرکەرە بێگانەکانی ڕاکێشاوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی خەلافەتەوە تا ئەمڕۆ کورد لەسەردەمی جیاجیادا چووەتە ناو خەباتێکی بەردەوامەوە بەرامبەر بە داگیرکەرانی عەرەب، تورك، مەغول، فارس و هەموو چەشنە داگیرکەرێکی دیکە. [1]

کۆمەڵگەی کوردی مێژوویەکی دێرینی لە ناوچەی جێنشینی دیاریکراوی خۆیدا هەیەو هەردووکیان مێژوو و ناوچە جوگرافیەکە شەقل و سیماکانی خۆیانیان بە کۆمەڵگەکە بەخشیوە و لەسەر بنەماکانی بەتایبەتی ئەم دوو هۆکارە سیستمێکی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراوەو توند چەسپیووە.کە دەتوانین بەسیستمی خێڵەکی دەرەبەگایەتی لە قەڵەمی بدەین.[2] بەڵام سەبارەت بە سیستمی کۆیلایەتییەوە (چاوشلی) دەڵێت، کۆمەڵگەی کوردی ئەو جیاوازیانەی بەخۆیەوە نەدیووە کە لە کۆمەڵگەی گریکی و ڕۆمانی و هەندێك کۆمەڵگەی خاوەن شارستانیەتی کۆندا هەبوون، چینی خانەدان و چینی گشتی تیا نەبووە، ئەم جیاوازییە ڕیشە کۆنە پەرستانەی بەخۆیەوە نەدیوە، کۆمەڵگەی کوردی لەو کۆمەڵگە دەگمەنانەیە لەمێژوودا کە ووشەی کۆیلەی بەمانا گشتی و بەناوی کۆیلەی زەوی نەزانیوە کە لە ئەوروپا و لەسەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو.[3]

بەتێپەڕ بوونی ڕۆژگار لەڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵی کۆمۆنی سەرەتایدا کۆمەڵێك خێڵی پێشکەوتوو دەستییان بەماڵی کردنی هەندێ مەڕومالات کرد، پرۆسەکە گەشەی کرد بۆ بەخێو کردنی مەڕومالات، ئەم پرۆسەیە لەلای هەندێ خێڵ بوو بە پیشەیەکی سەرەکی، ئەم پرۆسە ساکارە مانایەکی یەکجار قوڵی هەیە. بەدرێژایی چەندەها هەزار ساڵ مەڕومالات موڵکی کەس نەبووەو کەس لەم بارەیەوە لاری نەبوو، بەڵام لەڕەوشی خێڵە کۆچەرەکاندا پرۆسەیەکی مێژوویی مەزن هاتە پێشەوە، ئەو خێڵانە وردە وردە هەوڵیان دەدا زیاتر مەڕوماڵاتیان دەستکەوێ و زیاتر کەڵکی لێوەرگرن، لەڕووی مێژووییەوە پرۆسەکە بەجیابوونەوەی خێڵە شوانکارەکان لەخەڵکی دڕندە دادەنرێت.[4] ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی زەمینە خۆشکردن بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتی نەك هەر لە کوردستاندا بەڵکو میسۆپۆتامیاو ئێرانیشدا، هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقەدۆنی لەسەدەی سێیەمی پێش لەدایك بوون و چەندەها سەدەی زۆرانبازی نێوان ئێران و یۆنان، ئێران و ڕۆمان بووبێت. کەسنووری جیهانی کۆیلەدارییان هێندە فراوان کرد، بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی

---

1 – أ. م. مینتیشا شڤیلی، کورد کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران، و: عیزەدین مستەفا ڕەسول، چ2، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، بێ ساڵی چاپ، ل7.

2 – ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەلایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل 26.

3 – هادی رشید الجاوشلي، المظاهر الاقتصادية في تراث منطقة كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، 1987، ص56.

4 – فەرید ئەسەسەرد، گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا، چ2، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2011، ل9.

خستە ناو گێژاوی خەباتێکی چینایەتی چالاك، یاسای کۆیلەداری تێکداو زەمینەی سەرهەڵدانی سیستەمی دەرەبەگایەتی خۆشکرد. [1]

بەپێی هەندێ لەتوێژینەوە ڕوسییەکان لەماوەی یەکەم پێنج سەدەی کۆچیدا سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا سەری دەرهێناوەو ڕەگی داکوتاوە، چەند بنەماڵەیەکی پاشایەتی کوردی پەیدابووەو سیستەمی پاتریارکی لە کوردستاندا هەرەسی هێناوە، دواتر لەدوو سەدەی دەیەم و یازدەهەمدا پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا ڕیشەی داکوتاوە، لەبارەی سیستمی دەرەبەگایەتییەوە (فریشمان) دەڵێت، (پرۆسەی سەقامگیربوون و پێگەیشتنی سیستمی دەرەبەگایەتی لەکوردستاندا لەکۆتایی سەدەی 18 و سەرەتایی سەدەی 19 بەیەکجارەکی و بەشێوەیەکی ڕیشەیی کۆتایی پێهاتووە)، کە کوردستان بەسەر دوو چیندا دابەشبوو بوو، چینی دەرەبەگەکان و خاوەندارەکان (ئاغا و میر وبەگ) و چینی جووتیاران. [2]

لەدوای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بەهۆی دەرکەوتنی شارە عێراقیەکان وەکو مەڵبەندێکی پیشەسازی و بازرگانی، بەرە بەرە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانیش لە ناوچەکە سەریان هەڵدا.لە کوردستانیش ئەو پەیوەندییە سەرمایەدارییە لەسەر بنەمای پێکهاتە چینایەتییەکەی و جۆراوجۆری و جیاوازی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی دروست بوو. [3] ئەگەر لەڕوانگەی مێژوویشەوە سەیری چۆنیەتی سەرهەڵدانی سستەمی سەرمایەداری بەگشتی بکەین، دەبینین نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەکاندا پیشەسازی تەنیا بریتی بووە لەپیشە دەستیەکان، بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی لەماڵاندا بەڕێوە دەچوو، لەئاستێکی زۆر نزمدا بووە لەڕووی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری و کەرەستەی بەکارهاتووەوە، سەرەتاکانی ئەم سستەمەش لەکوردستان ئەگەر وەکو کۆمەڵگەکانیتر بەشێوەی سروشتی خۆی گەشەی بکردایە، دەبوو هەر لەسەرەتاوە دەست پێبکات. چونکە ناوچەی میسۆپۆتامیا کە بەهەزاران ساڵە کوردی تیا ژیاوە، بەگشتی یەکێکە لەو ناوچانەی بەپیشە دەستییەکان بەناوبانگ بووە، وەکە دروستکردنی کەرەستەی ناوماڵ و نەخش و نیگار و چەك و تەقەمەنی و گالیسکەو...هتد. [4] بەڵام ئێمە وەکو چۆن مێژوو بە پروسەیەکی دوورودرێژی پڕ قۆناغی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون دەزانین، ئاواش دەبێ ئاگاداری ئەو گۆڕان و گەشەکردنانە بین کە، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستادا بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا دێن. بۆیە دەبێ ئاگادار بین کە ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییە مێژووییەی بۆ کورد دروسبووە

---

1 – محەمەد شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 310.

2 – هەمان سەرچاوە، ل 316.

3 – نزار جرجيس علي، دراسات كردية، مطبعة و أوفيست المشرق، بغداد، 1982، ص 10.

4 – محەمەد شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 350.

و کـە سسـتـەمێکی خێڵـەکی – دەرەبەگایەتییـە، گۆڕانکـاری زۆری بەسـەرداهاتووە، بـە ڕادەیـەك دەتوانین ڕۆژگاری ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بە ڕۆژگاری وەرچەرخان لەقەڵەم بدەین، واتا ئەو گۆڕانکارییانەی تاکو ئێستا بەسەر سستەمی کۆمەڵایەتی کورد داهاتوون و هەنووکەش و لەبەر چاوی ئێمەدا ڕوودەدەن ڕێگەمان پێدەدەن نەك هەر دان بەو گۆڕانکارییانە بنێین، بەڵکو دڵنیابین لەوەی کە کۆمەڵگەکەمان لەسەردەمێکی پەڕینەوە دایە بەرەو قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووتر. (1)

بەکورتی لەم چەند ساڵەی دوایدا وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی گرنگ لە کوردستان ڕوویداوە و جیاوازی نێوان چینەکان بەشێوەیەکی زەق دەرکەوتوون، ئەو دابەشبوونە چینایەتییە و ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییەی کە لە کوردستان هەبوو و پێشتر باسمانکرد، لەئێشتادا لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئاغا و بەگ و میرەکان بوون بە سەرمایەدار و بازرگان، یاخود بەکاری حزبایەتی و سیاسییەوە خەریکن و لەشارەکاندا نیشتەجێن ، بەمەش دەسەڵات و کۆنتڕۆڵیان بەسەر جووتیاران و زەوی و زاری گوندەکاندا کەمبووەتەوە، جووتیار و پاسەوان و زۆرینەی خەڵکی هەژاریش ڕوویان لە خوێندن کردووەو لەڕێگای خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستییەوە لە فەرمانگە حکوومیەکان دامەزراون و یان لە کۆمپانیاکان کار دەکەن، ئەمەش وایکردووە چینی ناوەند فراوان بێت. بەم شێوەیە کار و پیشەکان گۆڕانیان بەسەر داهاتووە و بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بگۆڕێن، بێگومان هەر گۆڕانێك لە پێکهاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکانیش دەبێت، بەوپێیەی خێزان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەیە و لێی دانەبڕاوە.

---

[1] – ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل 27.

# بەشی چوارەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە مێژوودا

## یەکەم/ پێگەی ژن لە فولکلۆری کوردی

1- پێگەی ژن لە ئەفسانە

2- پێگەی ژن لە پەندی پێشینان

## دووەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە دوو سەدەی ڕابردوو

1- ژنی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسان

2- ئەرك و پیشەی ژنی کورد

3- ژنی کورد و خوێند

4- خەباتی ژنی کورد و پەیوەندی بە فێمینیزم

## بەشی چوارەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە مێژوودا

### یەکەم/ پێگەی ژن لە فۆلکلۆردا

فۆلکلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرانەیە کە دەماودەم و پشتا و پشت، کوڕ لە باوکەوە، منداڵ لە دایکییەوە ئەیبیستێ و ئەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێك دانانرێ و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خولقێنەرانەی گەل دەناسرێ.[1] گەلی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان، فولکلۆری تایبەتی خۆی هەیەو ئەتوانین دان بەوەدا بنێین کە زۆریش دەوڵەمەندە، کەلەپوورێکی نەتەوایەتی ئێجگار زۆریشی هەیە.[2]

ڕەنگینی و دەوڵەمەندی فولکلۆری کوردی هەر لە کۆنەوە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان و فولکلۆرناسان و گەلێك کەسی دیکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.[3] نیکیتین دەڵێت: (ئەدەبی کوردی، لە پلەی یەکەمدا فۆلکلۆری کوردییە، لەچەند ڕوویێکی جیاوازەوە. ئەمەش، هەروەك لە کەسایەتی گەلی کورد و خووڕەوشتی و هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەی کە تێبینیمان کردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو فۆلکلۆرەیە کە هەر لەکۆنەوە هەیبووە.[4] ناکرێت هەر لەلایەنی هونەرییەوە سەیری فۆلکلۆر بکرێت، بەڵکو فۆلکلۆر مێژووی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زمانی ئەو کۆمەڵە نیشاندەدات و هەموو ئەمانە لەناو فۆلکلۆردا یەکدەگرنەوە.[5]

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەروەك ئەو ئەدەبە لەلای زۆربەی گەلان و بەتایبەتی لای گەلانی ڕۆژهەڵات، بریتیە لە چەند جۆرێکی بنەڕەتی، وەك: ئەفسانە، ئیپۆسیا کە هەندێ جۆری لەکوردیدا پێی دەوترێت "بەیت"، ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە: قارەمانی گێڕانەوەو بەیتی بەسەرهاتی دڵداری و ئەڤین گێرانەوە، چیرۆك واتا "حیکایەت"لەهەندێ لا نەقل و مەتەڵۆکیشی پێدەڵێن، هۆنراوەی لیریك کەهەموو بەشەکانی گۆرانی دەگرێتەوە، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، گاڵتەو گەپ و مەتەڵیشی هەیە.[6]

---

[1] – عیزەدین مستەفا رەسوول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سلێمانی، چ2، 1979، ل 8.

[2] – جعفر شێخ حسین بەرزنجی، چەند مەلویەك لەشارای فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی ژین، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل22.

[3] – رۆهات ئەلاکۆم، د فۆلکلۆرا کوردی دە سەردەستیەکە ژنان، گۆڕینی لە پیتی لاتینیەوە: ئازاد عەبدولعەزیز، دەزگای توێژینەوە و بلأوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چ2، 2006، ل 1.

[4] – باسیلی نیکیتین، الکرد دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة، ت: نوري طالباني, ط6, مطبعة حاج هاشم, اربیل, 2012، ل 448.

[5] – ڕۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو,ل 1.

[6] – عیزەدین مستەفا رەسوول، سەرچاوەی پێشوو، ل 12.

ئێمەش دەمانەوێت، لەگۆشەنیگای فۆلکلۆری گەلەکەمان سەیری پێگەی ژن بکەین و بزانین شوێن و پایەی ئافرەتی کورد لەنێو ئەم فۆلکلۆرە رەنگینەدا چۆن باسکراوە؟ دیدو تێڕوانینی پێشینانمان سەبارەت بە ژن چۆن بووە؟

## 1-پێگەی ژن لە ئەفسانەدا

ئەفسانە وەکو دیاردەیەکی کولتووری و مرۆیی پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە بەووردی کەوتووەتە بەر تیشکی توێژینەوەی بوارە جیاجیاکانی زانستی مرۆڤایەتییەوە. زۆربەی زاناکان بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی خۆیان هەروەها ئەو ئامانجەی کە لەبواری ئەفسانەناسیدا بەدوایدا دەگەڕێن، ئەفسانەیان ناساندووە.[1] لەکۆنترین رۆژگارەوە، هەر لەو کاتەی دایەو داپیرە یا پیرێکی بەساڵاچوو لەدنیادا هەبووە، ئەفسانەو زاریش هەبووە. تەمەنی ئەفسانەو چیرۆکی میللی بەقەدەر تەمەنی ئادەمیزادە،[2]

مرۆڤ لەرۆژانی یەکەمی ژیاندا هەوڵیداوە خۆی بناسێ و جێ پێی لەگەردووندا دیار بکات و لە دیاردەکانی دەوروبەری وورد بێتەوە، خەونی بەو هۆکارانە بینیووە کە پێیان بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژینگەی ئەو سەردەمەدا بسەپێنێ. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەفسانە خەونی گەلان بووە.[3] و بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتیەو لەئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ کەلەکەی کردووە کۆبووەتەوەو گەیشتووەتە ئەمرۆ، لەو رۆژەوەی مرۆڤ چاوی کراوەتەوەو بیری کردۆتەوەو زمانی پژراوە ئەفسانەش بەشێوە سەرەتاییەکەی خزاوەتە ناو بیرکردنەوەی.[4]

لەبەر کۆنی بابەتی ئەفسانە، ناتوانین ئەفسانەیەکی دەقاودەق و تایبەت بەو نەتەوەیەی کە ئێستا بە نەتەوەی کورد ناسراوە دەستنیشان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ بۆ مێژووی ئەو هۆزو خێڵانەی لە میزۆپۆتامیا یان ئەو ناوچەیەی ئێستا بە کوردستان (ووڵاتی کوردان) ناسراوە ژیاون، بگەڕێینەوە. دیارە کۆنترین ئەشکەوتی ئاوەدان، لە مێژووی مرۆڤایەتی و کوردیش، ئەشکەوتی (شانەدەر) ە. ئەلیکسانەر ئەلفریدۆ ڤیچ دەڵێ، ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی شانەدەر لە شاخەکانی کوردستان، وەک ئەرشیفێکی نایابی پاراستنی شوێنەواری شارستانی و مێژووی مرۆڤایەتیە

---

[1] – فەرهاد عەزیز خۆشناو، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستاو دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2013، ل13.

[2] – عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ئەفسانەو ڕازی کوردی، و: عەزیز گەردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل 18.

[3] – نەجم ئەلوەنی، ئەفسانەو پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، چ1، چاپخانەی دارا، هەولێر، 2007، ل9.

[4] – مەولود ابراهم حسن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چ1، چاپخانەی رەنج، هەولێر، 2007، ل60.

بەدرێژایی سەدهەزار ساڵ، [1] ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی نەتەوەیەك بکەین کە خاوەنی کۆنترین وگرنگترین شارستانییەتن، نەك هەر لەنێوان دوو ئاوان و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهان، ئەو نەتەوەیەش، سۆمەرییەکانن. [2] کولتووری کەوانەیی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس و تۆرۆس، ئەو کولتوورەیە کە شارستانییەتی سۆمەری ئافراندووە، لەسەردەمی مێژووی نوسراوەوە لەپەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆمەرییەکاندا، بەردەوام ئاشنای کوردەکانی سەرەتا دەبین. [3] هەمووبەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەروی هەمووشیانەوە زانستی خوداناسی و نەژادناسی و شوێنەوارناسی، لەئەنجامی ئەو توێژینەوە بەرفراوانانەی ئەنجامیانداوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە سۆمەرییەکان خاوەنی یەکەم شارستانی و کۆمەڵی خاوەن دەوڵەت و مێژووی نوسراون. [4]

سۆمەرییەکان، ئافرەت بەسەرچاوەی بوون دەزانن و دەڵێن، ژیان لە ئافرەتەوە دەستی پێکردووە. بە بڕوای ئەوان یەکەمین ئاوی گەردوون، خواوەندێکی مێ بووە پێیان دەگووت، "نەمۆ"، یان "دەریای یەکەم"، لە نەمۆوە خواوەندی نێرینەی "ئانۆ" واتا خواوەندی ئاسمان، وە خواوەندی مێینە " کی" واتا خواوەندی زەوی، لە دایك بوونە.پاشان لەئەنجامی جووتبونی ئەوانە، خواوەند "ئانلیل" کە خواوەندی بایە، لەدایك بووە، هەر ئەویش بووە هۆی لێك جیابوونەوەی ئان و کی، ئان بووە خواوەندی ئاسمان و کی بووە خواوەندی زەوی یان خانمە مەزنەکە. [5] لە داستانی گەلگامێشی سۆمەریدا، ئافرەت دەبێتە سەرچاوەی زانست و بنیادنەری کۆمەڵگەی شارستانی، لە ڕێی ئەوەوە مرۆڤی دڕندەی نێو جەنگەڵ و دارستان، ئاشنای شارستانی و لەنگەرگرتن دەبێ و ژیانی گاگەڵی بەجێ دێڵێ و جلی مرۆڤ لەبەر دەکاو بۆ یەکەمجار لە ئاژەڵ و گیانلەبەری کێوی جیا دەبێتەوە. ئافرەت دەبێتە سەرچاوەی فێربوونی زانست و بیرکردنەوەو گونجاندنی لەگەڵ جۆرە ژیانێکی تازەدا، کە لەوەو پێش لێی نامۆ بووە. [6]

---

[1] –مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمرییدا، چ1، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2002، ل38.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل 39

[3] –عەبدوڵلا ئۆجەلان، کێشەی کوردو ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات، چ1، چاپخانەی ڕەنج، 2009، ل79و82.

[4] – عەبدوڵلائۆجەلان، لەدەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیی دیموکراسیانە، چ3، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر، 2004، ل 25.

[5] – نەجم ئەڵوەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل 11.

[6] – هەمان سەرچاوە، ل 14.

ئەم قۆناغە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە چاخی نیۆلۆتیك ناسراوە، کە لەهەمان کاتدا قۆناغی دایکسالاریشە، کە ژن تیایدا خاوەن دەسەلآت بووە، پلەوپایەی لە ژیانی کۆمەلآیەتییدا تا ئاستی خواوەندێتی و دایکی هەموو خواوەندەکان بەرز بووەتەوە، ئابووری خێزان لە دەستی ئەودا بووە، یاساکانی کۆمەڵگەش دەربڕی خواست و تواناو دەسەلآتی ئەو بوونە. راستترین پێناسەی ئێتنیکی کوردان، پێکهاتووە لە جەوهەری راستەقینەی نیۆلۆتیك، کە بریتیە لەو ژیانەی لەتەوەرەی ژنداو بە کولتووری خواوەندی دایك پێشکەوتووە.پیٚ بەپیٚ مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەردەکەوێت و ئامێری دروستکردنی مالٚ و نیشتەجێبوون، دروست دەکات، کاری کشتوکالٚی و بەرهەم هێنان دەکەنە کاری خۆیان، [1]

لەبەرئەوەی شۆڕشی کشتوکالٚی و ئاژەڵداری لەچوار دەوری ژن شێوە دەگرێت، بۆماوەیەکی درێژ خایەن تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دایکسالاری زاڵە، باوەڕبوون بەهێزی دایك بەرهەمی ئەم سەردەمەیە، پیاو تا دواڕادە بێکاریگەرو گشتییە. [2] شیکردنەوەی قۆناغی نیۆلۆتیك، هەرچەندە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی میراتێکی دەوڵەمەندو لانکەی گەورەکردنی تەواوی کولتوورەکانی جیهانی ئەمڕۆمانە، بەلآم لەلایەنی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەوە کە باپیرەی کوردانن گرنگەو جێگای بایەخە. [3] لە یەکێك لە جێنشینە هەرەکۆنەکانی رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا گوندی (جەرمۆ) یە، کە دەکەوێتە باشووری کوردستان، بتی بچووکی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە کە بۆ پەرستن بەکارهاتوون. ئەم بتانە شێوەی ئافرەتیان هەبوو، بۆیە ئەمانە، بەڕای زانایان، دەبیٚ خواوەندی "دایك" بووبن و سەر بە کولتووری چەرخی نیۆلۆتیك بن.خواوەندی دایك، پەیوەندی بە پەرستنی خاك و پیت و بەرەکەتییەوە هەبوو، کەلەناو میللەتانی ئەو چەرخەدا باوبوو، هەروەها تایبەت بوو بەو شەعایر و سەریمۆنیا ئایینیانەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکالٚ ئەنجام دەدران. [4]

هەر لە دامەزراندنی سەرەتای کۆمەڵگەی گوندەوە تا گرنگترین قۆناغەکانی تری بە کۆمەڵگەبوون، هەموویان لە دەوری چالاکی و کردەکانی ئافرەت هاتوونەتە کایەوە، دەکرێت ئەمە پێناسەی عەشتاری ژنە خواوەند بێت. کەواتە لەسەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگەی ئافرەت نیشانەی گەورەیی و بالآییە. قۆناغی دوای ئەمە قۆناغێکی تێپەڕبوونە بەرەو کۆمەڵگەی چینایەتی، تێپەڕبوون بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی، بەواتای تێپەڕبوون بۆ کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار

---

[1]– ماردین جەلال، پرادیگمای ژن، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2005، ل 15–16.

[2]– عەبدوڵلآ ئۆجەلان، ژنۆلۆژی، چ1، چاپخانەی ئاوێنە، 2012، ل 13.

[3]– ماردین جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل18.

[4]– رەشاد میران، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا، چ1، چاپخانەی مەنسوور، ستۆکهۆڵم، 1993، ل15.

دێت.ئەو پێشکەوتنەی لەژێر دەسەڵاتی پیاودا دێتە کایەوە، هێندە سنور نەناسە کە ئیتر هەموو خواوەندەکانی تر پیاون و هیچ خواوەندێکی مێ بوونی نەماوە. (1)

## 2-پێگەی ژن لە پەندی پێشیناندا

پەندەکانی پێشینان، بەشێکی فۆلکلۆری نەتەوەییمان پێکدەهێنن، کە بە بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخ دادەنرێت، پەندەکان بەرهەمی بیرکردنەوەو تێفکرینی پێشینانن سەبارەت بە چۆنیەتی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هەموو لایەنەکانی ژیان بەگشتی. بە درێژای مێژوو ئەزموونە مرۆڤایەتییەکان لەئەنجامی روودانی کارەساتێك، دیاردەیەك یا ئیش و کارێکی دیاریکراودا، لە چوارچێوەی پەندێکی واتادارا داڕێژراون. بەواتایەکی زۆرو کۆکردنەوەی لە چەند وشەیەك یان رستەیەکی کورت، کە گوزارشت لە تێڕوانینی مرۆڤی ئەو کات بۆ دەوروبەری دەکەن. لەهەمان کاتدا نیشانەیەکی جوانناسی پێداوە. (2)

بە پێداچوونەوەو خوێندنەوەمان بۆ پەندەکانی پێشینان، گەلێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلەکەمان بۆ رووندەبێتەوە، رۆڵ و ئەرکی هەریەك لە کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، شوێن و پێگەی هەر یەکێکیان بە پێی ئەو رۆڵ و ئەرکانەی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا گێڕاوییانە دەستنیشان کراوە. ژنیش وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ، لەنێو پەندەکاندا باسی لێوە کراوە، ئەم باسکردنە گەلێك جار لەسەر بنەمایەکی مەنتقی و بابەتیانە بووە، ژنی باش بە روسپی و ژنی خراپیش بە رووڕەش ئاماژەی بۆ کراوە. واتا هەموو ژنەکان نەخراونەتە یەك تای تەرازوویەکەوە. وەك لەم دوو پەندەدا دەردەکەوێ، (ژن هەیەو ژنۆکەش هەیە) یان (ژن سەر ژنێ رە هەیە). (3) یان گوتوویانە، (ژن ژی هەنە، ژان ژی هەنە، مەرهەما دلا ژی هەنە). (4) کۆمەڵگەی کوردی ماڵ و کارکردنی ماڵەوەی کردۆتە پێوەر بۆ دەرخستنی پێگەی ژن، جا ئەو ئەرکانە چەند بەشێوەیەکی جوان و رێکوپێك جێبەجێ کرابن، زیاتر سەرنجی دەوروبەری بەلای خۆیدا راکێشاوە، وەك لەو

---

1- عەبدوڵلا ئۆجەلان، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ، سەرچاوەی پێشوو, ل 486.

2- پەخشان سابیر حەمەد، کەسایەتی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژ:16، هەولێر، 2010، ل 238.

3- رۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل 62.

4- ئۆردیخانێ جەلیل و جەلیلێ جەلیل، زارگۆتنا کوردا- گۆتنێت مەزنا، وەرگێڕانی لەپیتی لاتینیەوە، بەدرخان سندی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل 85.

پەندەدا هاتووە، (ژن ئەگەر نەخشینە،ماڵی ڕەنگینە). [1] دەست ڕەنگینی یەکێك بووە لەو خەسڵەتانەی لە بەرز بوونەوەی پایەی ژندا کاریگەری هەبووە.

بەپێی داب ونەریت و شێوازی ژیانی کوردەواری، بەتایبەتی لە ڕابوردوودا، ژنان ساتەکانی ژیانیان زیاتر لەماڵەوە بەسەر بردووە. ئەگەرچی لە کاروباری دەرەوەش، لە کێڵگەو بێستانەکانیش یارمەتی پیاوانیان داوە، بەڵام ئیشی ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ، ئەرکی سەرەکی ئەوان بووەو پیاو بە هیچ شێوەیەك توخنی نەکەوتووە. لەبەر ئەوە پێشینان وتوویانە، (ژن دیواریٚ هوندورە، مێر دیواریٚ دەرڤانە). [2] یان گوتوویانە، (ژن –ژن گۆتی، مێر–مێر گۆتی) یان (ئاڤایا مالا ل سەر ژنانە). [3]

یان وتویانە (ژن و ماڵیان وتووە)، [4] د. شوکریە ڕەسولٚ پێی وایە ئەم پەندە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێك خێزان لەژێر دەسەلاٚتی دایك هاتە دەرەوە و چووە ژێر ڕکێفی باوکەوە، ئەمەش لەکاتی ڕاوکردندابوو، هەر بۆیە وردە وردە ئەم دیاردەیە لە ژیانی ژندا بەدی کرا و سەروەت و سامان و خاوەندارییەتی کەوتە دەستی پیاوەوە، ژنیش بوە کۆیلەی ماڵ، خواست و ئارەزووە جۆر بەجۆرەکانی چووە دەست پیاو، ماڵ بووە مەنزڵگای هەمیشەیی ژن و پیاویش بوو بەسەرۆکی و کاروباری دەرەوەو بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ. [5] لەپەندەکاندا دوو سەنگەر دروست بوون، سەنگەرێك خەڵکێکی هۆشیاری تێدایەو هەست بەئازارو ماندووبوونی ژنان دەکەن و دەبنە پشت و پەنا بۆیان، ئەمە لەئەنجامی تاقیکردنەوەو ئەزموونی خۆیان پێی گەیشتوون. وەك (ژن خاس لە برایێ هاوپشت خاسترە) یا (ژنەك و عەشیرەتەك). [6] یا گوتراوە، (شێر شێرە، چ ژن چ مێرە). [7] یان ژن و پیاویان بەتەواوکەری یەکتر داناوە، (ژن ئو مێر، تەڤر و بێر). [8] لە لایەکی دیکەشەوە،

---

1– پەخشان سابیر حەمەد، کەسایەتی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل 238.

2– ئۆردیخانیٚ جەلیل و جەلیلیٚ جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل85.

3 – هەمان سەرچاوە، ل 39–86.

4– ئیسماعیل حەقی شاوەیس، قسەی پێشینان، گوستاولوبون، گوتەی مەزنان و فلسفی، چاپخانەی ئەیتام، بەغدا، 1933، ل19.

5– د. شوکریە ڕەسولٚ، ئەدەبی فولکلۆری کوردی، چ1، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2008، ل72.

6– د. پەخشان سابیر، شێوازو ئەرکەکانی پەندی پێشینانی کوردی–هەڵبژاردەی پەندە ژن ئامێزەکان، گ. ئەکادیمیای کورد، ژ.20، 2011، ل 206–207.

7– ڕۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل 60.

8 – ئۆردیخانیٚ جەلیل و جەلیلیٚ جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 86.

هەندێ جار پایەی ژن زۆر بەرز نرخێندراوە، (ژن هەیە ژ مێران زێدەیە) یان (ژنی باش لە هەزار پیاوی خراپ باشترە) یان (کچ هەیە حەوت کوڕ دێنێ). (1)

سەنگەرەکەی تر پڕیەتی لە خەڵکانێکی پڕ لە ڕق و کینە و بەسوکی سەیری ژن دەکەن، ئەمەش هەر لەئاکامی ئەزموونی خۆیان یا کوێرانە تاقیکردنەوەی کەسانی تر پەیڕەودەکەن. بۆیە ئەم جۆرە پەندانە دروست بوون، (ئافرەت لەپەراسووی چەپ دروست کراوە، بتەوێ ڕاستی کەیتەوە دەشکێ) یان (وەختێ خوا عەقڵ دا ژن لەورە نەوی). (2) لەپەندێکی دیکەدا هاتووە، (ژن بەبێ کەسی هار ئەبێ، پیاو بەبێ کەسی هەژار ئەبێ). (3) واتا، ئەگەر ژن کەسێکی نەبێت کە مەبەست لێی پیاوە، جا ئەو پیاوە مێردە، باوکە، برایە یان کوڕە، ئەوا ژنەکە لەقالبی مرۆڤبوونی خۆی دەردەچێت و وەکو گیانلەبەرێکی مەترسیدار مامەڵە دەکات. لەم پەندەدا دیارە کە ئازادی ژن زۆر سنوور دار بووە، بێگومان ئەم سنووردار کردنەش لەلایەن پیاوانەوە بووە، ئەوانیش بەگوێرەی داب و نەریتە باوەکانەوە بەم شێوەیە هەڵس وکەوتیان لەگەڵ ژنەکان کردووە. لەلایەکی دیکەوە وا بەباش زانراوە کە هەمیشە ژن لەژێر چاودێری پیاوێکدا بێت، بەپێی فرمانەکانی ئەو هەڵس وکەوت بکات، دیار نەمانی پیاوەکە، بە واتای ئازاد بوونی ژنەکەیە لەو کۆت و بەندانەی هەردەم لەژێریدا بووە، لەبەر ئەوە لەوانەیە لەو کاتەدا ژنەکە بەشێوەیەکی تەندورست مامەڵەی نەکردبێت، بەهۆی کەم ئەزمونی لە ژیانی ئازادو سەربەستدا. لەم پەندەشدا ڕاستیەکە زیاتر ڕووندەبێتەوە. (ژنی بە مێرد وەکی باغی بەپەرژینە). (4)

## دووەم/ ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنی کورد

ئەوەی ڕاستی بێت پێگەی ژن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە، ڕاستی ئەو کۆمەڵگەیەو ڕەوت و شێوەی ژیانی و بیرکردنەوەو ئاستی ژیاری تیا ڕەنگدەداتەوە. ژنیش بەدرێژایی مێژوو بە پایەی جیاجیادا تێپەڕ بووە، هەندێ جار ڕۆڵی بەرچاو و هەندێ جاریش بێ ڕۆڵ بووە. هەروەها لەهەندێ ناوچەدا پێگەی بەرچاوی بووەو لەهەندێ ناوچەی دیکەدا دیار نەماوە. بەدرێژایی مێژوو توانیویانە سەرکردایەتی چەندین گەل و سوپا بکەن، یان پاشاو گەورە پیاوانی نەتەوە مل کەچی فرمانیان بوونە، بەڵام دیسانیش بەدرێژایی مێژوو جاری وا هەبووە ژن

---

1 – ڕۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل60- 61.

2– پەخشان سابیر حەمەد، شێوازو ئەرکەکانی پەندی پێشینانی کوردی–هەڵبژاردەی پەندە ژن ئامێزەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل 207.

3 –ئۆردیخانێ جەلیل و جەلیلێ جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 147.

4 – خالید جوتیار، دەشتی هەولێر پەند و زاری شیرین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2005، ل 63.

کۆیله بووەو زەلیل کراوە، کەسێتی پشتگوێ خراوە، ئەمڕۆش کۆمەڵگەکان لە ڕووی بنەماو پێکهاتەکانیانەوە جیاوازن، زەقترین ڕەگەزیشیان جیاوازی ئەنترۆپۆلۆژییە لەنێوانیان، پێگەی ژنیش لەم کۆمەڵگەیە یان ئەویدی سەنگی مەحەکە بۆ هەڵسەنگاندن.[1]

هەموو ئاکارو کرداری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەمەڵبەندەکەی ئێمەش دەگرێتەوە، کولتوورەکەی ئێمەو ئەوانەی دەورووبەریشمان ئەوە دەخەنە بەرچاو، کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێمەو ئەوانیش لەسەر بناغەیەکی پتەوی باوکسالاری دامەزراوە، مێژووی سەدان ساڵەی ناوچەکە گەواهی ئەو بۆچوونەن.[2] کورد، پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لەم ناوچەیەی ئێستا ژیاوەو بەپێی داب و نەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگارییە ئایینیەکانی زەردەشت و چەند ئاینزایەك لەگەڵ ژن بەرەو ڕوو بووە. ژنی کورد بەپێی بارودۆخی ژیان، هەمیشە یاری بەوەفای پیاو بووە، لەشادیدا لەگەڵیا بەشدار بووە، کوڵی بۆ هەڵگرتووەو نان و ئاوی بۆ ئامادە کردووە، لە کاروباری کشتوکاڵ و قوڕکاری و پەیداکردنی سامانی خێزان هاوپشتی پیاو بووە.[3]

## 1– ژنی کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسان

ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات خاوەنی کەسایەتییەکی جیاوازە، ئەوەش دەتوانین لە میانەی زۆربەی ئەگەر نەڵێین گشت سەرچاوە پەیوەندی دارەکانەوە بە کۆمەڵگەی کوردی دووپات بکەینەوە، هەروەها لەمیانەی دیدو بۆچونی ڕەوەندو ڕۆژهەڵاتناسانەوە کەوا لەنێو کۆمەڵگەی کوردی ژیاون و لەنزیکەوە ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی بوونەو پایەی ژنی کورد لەنێو خێزان و هۆزو کۆمەڵگەدا، بووەتە جێی بایەخی زۆربەی هەرە زۆریان.[4] لەم بارەیەوە (کلۆدیوس جیمس ریچ) لەگەشتەکەی بۆ کوردستان دەڵێت، (پلەو پایەی ئافرەت لە کوردستاندا، زۆر لە پلەو پایەی ئافرەتانی تورکیاو ئێران بەرزترە، مەبەستم لەمەش ئەوەیە کە مێردەکانیان بەچاوێکی یەکسانی بۆیان ئەڕوانن).[5] ئەم زانا ڕۆژهەڵاتناسە لەساڵی 1820 سەردانی کوردستانی کردووە، پێش ئەویش گەلێك گەڕۆکی دیکەی بیانی سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام وەك خۆی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە، ئەو یەکەمین کەس بووە بەشێوەیەکی تێرو تەسەل گەشتەکەی ئەنجام دابێت و لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد بووە.

---

[1] – بدرخان سندی، المجتمع الكردی فی المنظور الاستشراقی، ط1، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل، 2002، ص117.

[2] – مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، سەرچاوەی پێشوو, ل 28.

[3] – حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، ل 120.

[4] – بدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل 117.

[5] – کلۆدیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان، و: محمد حەمە باقی، چ1، تەورێز، ئێران، 1992، ل 292.

هەروەها (مینۆرسکی) نوسیوویەتی (کورد پتر لەسەرجەم گەلانی تری موسڵمان لەگەڵ ژندا لێبووردەیە، ژنان جلی پەردە ئاسا لەبەرناکەن، بەوپەری ئازادیەوەو بەبێ خۆدزینەوە بەشداری دانیشتنی بەکۆمەڵ دەکەن و لە وتوێژدا لەگەڵ پیاواندا بەشدارن). (1) (تۆما بوا) ش، هەمان بۆچوونی هەیەو دەڵێت، (ئەگەر بڵێین سەربەستی ئافرەت لەناو کوردەکاندا زۆرترە لەهەموو گەلە ئیسلامییەکانی تردا، ئەوا شتێکی زیادەمان نەوتووە). (2) جگە لەمانە زۆر لە گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسەکان لە گەشتەکانیان بۆ کوردستان، باسیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی نەتەوەی کورد کردووە وەك، دێریك کینان، مێجەر سۆن، مارك سایکس و چەندانی دیکە. هەموویان بۆچوونەکانیان سەبارەت بە پایەی ژن لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا لە یەکتریەوە نزیکە، بەوەی پێگەی ژنیان لە کوردستان تا ئاستێکی زۆر بەرز نرخاندووە. بەڵام ئەم بۆچوونانەیان هەر لە خۆوە بە مێشکدا نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی گەڕان و توێژینەوەی وردو دروستەوە بووە. هەروەها هەر یەکەیان ماوەیەك لەکوردستان ماونەتەوەو لە نزیکەوە لەگەڵ نەتەوەی کورد دا ژیاون و ئاگاداری کارو ڕەفتارییان بوونە. بەڵام لەوانەیە لە بۆچوونەکانیاندا هەندێك زێدەڕەوی تێدا بێت، شوێنی ئافرەتی کوردییان، زۆر لەوەی هەبووە بەرزتر نیشانیان داوە.

ئەم تێڕوانینەشیان هۆکاری تایبەتی هەبووە، لەم بارەیەوە (دکتۆر کەمال مەزهەر) لە کتێبەکەیدا (ئافرەت لە مێژوودا) دەڵێت، (گەڕیدە ئەوروپییەکان گەلێکیان بەشان و باهۆی ئافرەتی کورد دا هەڵداوە، بەڕادەیەك جاروبار خۆمانمان لەبیر دەچێتەوە. وابزانم ئەو گەڕیدانە بێ نیازی خراپ کەمێك دور ڕۆیشتوون، وادیارە لەکۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە ناو شاخ و داخە کراوەکانی کوردستانەوە، کەمێك سەریان لێتێکچووە، بۆیە ئافرەتی کوردییان لە ئافرەتی دەوروبەریان باشتر هاتۆتە بەرچاو). (3)

ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، پۆشتەترن و عەبا و پەچەیان نەزانیوە. کەمال مەزهەر پێی وایە، ئەمە بەهۆی سروشتی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کوردستان و کارو پیشەی ژنانە لەم ناوچەیە. (4) ئەو بارە جوگرافی و تۆبۆگرافی و گوزەرانەی لێ

---

1 – مینورسکی، الاکراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد، 1968، ص 74.

2 – تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، و: حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1980، ل122.

3 – کەمال مەزهەر، ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، 1981، ل 74.

4 – هەمان سەرچاوە ، ل 75.

دەرچیٚ، ژنانی کورد هەروەکو ژنانی دراوسێی کۆن و نویٚ، چ ئەوانەی لە شار و چ ئەوانەی ژیانی کۆچەرییان بەسەردەبرد، بەهەمان شێوە دەژیان و پێگەیان وێکدەچوون. [1]

لەلایەکی دیکەوە، زۆربەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان سەردانی ماڵە گەورە و ناودارەکانی کوردستانیان کردووە، ژنانی بنەماڵە گەورە و ناودارەکانیش وەکو، ژنی ئاغا (ئاغەژن) و کچی ئاغا خاوەنی پێگەیەکی بەرزتر بوون بە بەراورد بە ژنانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر سەیری ڕەوشی شوانکارەیی و لادێی کورد بکەین جیاوازە لە ڕەوشی شارنشینی عەرەب و تورك و فارس. ڕەوشی ژیانی کورد دەخوازێت ژن ئازاد بێت. لەو سەردەمیشدا کولتووری کوردی زیاتر زاڵبووە لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها حزبی ئیسلامیش نەبووە وەك ئەوەی ئێستا هەیە.

هەر سەبارەت بەم باسە خاتوو هێنی هەڕۆلد هەنسن دەڵێت، (لەگەڵ ئەوەی کە زۆر مۆرك و شێوازی شارستانی ئیسلامی کە لەناو ئافرەتانی کوردا هەیەو لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئیسلامەتی جودان، بەڵام لەباسی شوێنی ئافرەتی ئیسلام، بەتایبەتی ئافرەتی کورد، من زاراوەی ئازادو یەکسان زیاتر بەترسەوە بەکاردێنم). [2] هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت، (لە وڵات و هەرێمەکانی ئیسلام، جیاوازی سەرەکی لەبەینی ژن و پیاوانە، پیاوان لەدەرەوەی ماڵ دەژین و ژنان لەناو ماڵان لە حەوشە دەژین، لەو حەوشانەوە ژنان دەتوانن لە پەنجەرە داپۆشراوەکانەوە دەرەوە ببینن، بەڵام خەڵك لەدەرەوە ناتوانن ناو ماڵ ببینن). [3]

وەك دەبینین بۆچوونەکانی خاتوو هەنسن هەندێك جیاوازترە لە بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکانی دیکە، ئەوەش بە بۆچوونی ئێمە لەبەر چەند هۆکارێك بووە، لەلایەك توێژینەوەکەی ئەم خاتوونە تایبەت بووە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئافرەت، بۆیە زۆر بەوردی سەرنجی لەسەر ژیانی ئافرەت داوەو ژیانی ئەوانی هەم وەکو نەتەوەیەکی زۆرینەی موسلمان شیکردۆتەوەو هەم جیاوازیش لەنەتەوە موسڵمانەکانی تری ڕۆژهەڵات. لەلایەکی دیکەوە ئەو خۆی ئافرەت بووە. توێژینەوە دەربارەی پرسی ژنان لەلایەن توێژەرێکی ژن، ووردترو ڕاست تر دەبێت، لەبەر ئەوەی توێژەر دەتوانێت قوڵتر بچێتە ناو کێشەکان و زیاتر سەرنج بداتە هەڵس و کەوتیان بەتایبەتی لەنێو نەتەوە

[1]– جەبار قادر، ژنانی کورد لە مێژوودا، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژ 13، هەولێر، 2009، ل 125.

[2]– هێنی هەرۆلد هەنسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1983، ل 366.

[3]– هێنی هەرۆلد هەنسن، کچانی کورد، و: ناجی عەباس ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980، ل184.

ڕۆژهەڵاتیەکاندا، بەمەش ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ڕاستترو فراوانتر دەبێت. هەروەها ئەو لەشیکردنەوەکانیدا جیاوازی لەنێوان ئافرەتانی لادێ و شاردا دەکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر دیدی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئافرەتی کورد، ئەوەیە کە ئەوان بەشێوەیەکی گشتی هەموویان کۆك و هاوڕان لەسەر بەرزی پێگەی ژن لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا بەگشتی و بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی نەتەوە موسڵمانەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیە سروشتییەی نەتەوەی کورد کە ناسراون بە گیانی لێبوردەیی رۆحیەتی ئازادانە و... . بەڵام بەهۆی نزیکی و تێکەڵبوونی شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، هەندێك داب و نەریتی لەڕێگەی گواستنەوەی کولتوورەکانەوە بۆی هاتووە، وەك کوشتنی ژنان بەناوی پاراستنی شەرەف و پێشێلکردنی هەندێك لە مافەکانی وەك مافی خوێندن کە دواتر باسی دەکەین، فرەژنی و چەندانی دیکە.

## 2- ئەرك و پیشەی ژنی کورد

بۆ باسکردنی کارو ئەرکی ژنانی کوردستان، ناتوانین هەموویان لەژێر یەك چەتردا کۆبکەینەوە.خاتوو هەنسن چوار مەڵبەندی جیاواز دەستنیشان دەکات کە نموونەی ژیاری و ڕۆشنبیرییان تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە، یەکەمین دابەشکردنی زەق و ئاشکرا ئەوەی بەینی مەڵبەندی لادێ و شارە، ئەو دوانەش لەبنچینەدا جودان و لەناو خۆیاندا دابەشدەبن، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لادێییەکان دەبنە دوو چین، دەرەبەگ و کرمانج. مەڵبەندی شاریش دابەشی دوو بەرە دەکات، خوێندەوارەکان و نەخوێندەوارەکان.[1]

ژنی لادێ هاوڕێ و هاودەردو هاوکاری پیاو بووە، لەبەرهەمهێناندا بەشداری دەکاو کاروباری نێومالْ هەڵدەسوڕێنیْ، منالْ پەروەردە دەکاو ئاگای لە داهاتی بنەماڵەیە، مەڕومالات بەخێو دەکات و پاك و خاوێنی مۆڵگەی ئاژەڵان دەپارێزێت. ژن لەترۆپکی بەیانیەوە هەتا نیوەی شەو خەریکە، چونکە ئامرازی کارو مەڵبەندی ژیان یەکجۆرن، ناسینی تازەی کەمەو لەو هەڵس و کەوتانە تێگەیشتن و پێگەیشتنی کەمە.[2] هەر سەبارەت بە ئەرکی ژنانی لادێ مینۆرسکی دەڵێت، (ژن و کچەکانیان ئیشوکاری نارەحەتی ناومالْ دەکەن، لە کانی ئاو دەهێنن، بۆ ڕاندۆشین و دار هێنان دەچنە سەر چیا بەرزەکان، سەرەڕای ئەمانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی منالەکانیان هەڵگرتووەو بەپشتێنێکی پان دەیانبەستن بەکۆڵیاندا).[3] جگە لەمانەش هەندێك پیشەی دەستی لەماڵەکانیان

---

1- هێنی هەرۆڵد هەنسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل 29و31

2- حوسێنی خەلیقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 140.

3- مینورسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل 74.

ئەنجام دەدەن و پێویستی خۆیانی پێ پڕدەکەنەوە وەك، ڕستن و چنین و گڵێنە سازی، کەبریتیە لە دروستکردنی پارچەی بچووکی وەك، جل و بەرگ و فەرشی بچووك و بەڕە، کە سوودی لێوەردەگرن بۆ ژیانی ڕۆژانە.[1] هەروەها نیکتین دەڵێت، (کۆمەڵە ئیش و کارێکی قورسی ناوماڵ ئەنجام دەدەن، چونکە ئەوان ماڵ بارئەکەن و دایئەگرن، بۆ مەڕ دۆشین ڕووەو هەورازەکان هەڵدەکشێن، بۆ سوتەمەنیش چیلکەو دار کۆئەکەنەوەو بۆ چێشت لێنان بەکاریدێنن، لەگەڵ ئەم کارانەشدا منداڵەکانیان پشتگوێ ناخەن و لەسەر کۆڵیان دەیانبەستن).[2] بێگومان ئەم هەموو ئەرکە قورس و زەحمەتانە ژنانی چینی جووتیاری لادێ ئەنجامیانداوە، ئەرکی ژنە دەرەبەگەکان سوکترو ئاسانتر بووە، هەروەکو خاتوو هەنسن پێی وایە، (ئەو ئیشەی لەچوارچێوەی ماڵ و لەدەورووبەری ماڵ بێ وەکو باخچەی بەرماڵان و ناو ڕەزان و ناو شینایی، ژنی گەورەی دەرەبەگ دەیانکاو منداڵ و خزمەتکاریش یارمەتی دەدەن، ئەو ئیشەی لە دەرەوە بێ وەکو چوونە بێری و شاخان، ئەوا کارەکەر دەیکا).[3] ئافرەت بەپێی تواناو هێزی خۆی کشتوکاڵ و درەو و گێرە و شەنی کردووە، بەڵام پارەیەکی دیاریکراوی لەبەرامبەردا وەرنەگرتووە، کە بەسەربەستی خەرجی بکات، تەنها ئەوە ئەوە بووە بێ کەل و پەل نەکراوە.[4]

لەشارەکاندا ژنان تەنها بەکاروباری ناوماڵ هەڵدەستان، بەشدارییان لەکاری ئیداری و حکومیدا نەدەکرد، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. بەهاتنە ئارای گۆڕانکارییەکان و دەرچوونی کۆمەڵگەی کوردی لەو داخراویەی تێیدابوو و کرانەوەی بەڕووی پێشکەوتنەکاندا، کار کردنی ژنان لەچوارچێوەی خێزان هاتە دەرەوەو دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان لەدەرەوەی خێزانەکانیان ڕەخسا، بەتایبەتی کاری پەرستاری و مامۆستایی، دوای دامەزراندتی خوێندنگەی کچان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر بارودۆخی ژناندا هێنا.[5] هەرچەندە پەیوەندییە کۆمەلأیەتی و ئابووری و ڕامیارییەکان ئاڵ و گۆڕییان بەسەردا هات و گیروگرفتی ژیان و بنکەو بنیادە سەنعەتی، فەرهەنگی و حکومییەکان ئافرەتییان وەگەڕخست و هاتە مەیدانی ژیان و شانی دایە بەر کارو تێکۆشان، بەڵام هێشتا باری گرانی هەڵسوڕانی کاری نێوماڵ و پەروەردە کردنی مناڵ لەسەر شانی ئەوە، تا

---

[1] – مەلا مەحمودی بایەزیدی، داب و نەریتی کوردەکان، و: شوکریە رسول، چاپخانەی العدالە، بەغدا، 1982، ل27.

[2] – باسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل 161.

[3] – هێنی هارۆڵد هەنسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل 136.

[4] – صباحی غالب، ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا 1925–1970، دار الحریة للطباعة، بغداد، 1979، ل 19.

[5] – گۆڤاری بابان، نموونەی ئافرەتی ناوچەی سلێمانی لەمێژوودا، ژ: 1، ساڵی یەکەم، ئابی 2006، ل 68.

بنکەو بنیادە کۆمەڵایەتییەکان هەندێك لەو ئەرکانە وەئەستۆ نەگرن، ئەرکی ژنان قورسترە.[1] ئەو ژنانەش کە کارییان دەکرد لەدەرەوەی ماڵ ژمارەیان زۆر کەمبووە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ژمارەیەکی زۆری ژنان نەخوێندەوار بوون، ئیتر ئەوان بەگۆشەگیری لەماڵەوە دەژیان. هەندێکیشیان کاری خزمەتکارییان دەکرد لە ماڵە دەوڵەمەندەکان.

### 3-ژن و خوێندن

خوێندن و خوێندەواری لەژیانی ژناندا مێژوویەکی دوورودرێژی نیەو سەدەیەك تێپەڕ ناکات، زیاتر پیاوان لەو پرۆسەیە سوودمەند بوون. نیشانەو بەڵگەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، لەڕابردوودا دۆخی یەکسان بۆ پەروەردەی ژن و پیاو نەبووە، حوجرەو قوتابخانەکانیش تەنها شوێنێك بۆ فێرکردنی پیاوان بووە، ژنان و کچان دەرفەتی کەڵك وەرگرتن لەو شوێنانەیان نەبووە.[2] یەکەمین مەڵبەندی خوێندەواری لەناو نەتەوە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مزگەوت بووە، خوێندن لەو دەزگایەدا بەشێوەیەکی گشتی بەزمانی عەرەبی و لەبابەت زانستە عەرەبی و ئایینیەکانی ئیسلامییەوە بووە، لەکوردستان و وڵاتە ئیسلامیەکانی تر مزگەوت وەك جێگەو ناوەندێك بۆ مەبەستی پەرستن و عیبادەت بینادەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر مزگەوت بوو ئەو خوێندەوارانەی پێ دەگەیاند کەبایەخیان بە کولتووری نەتەوەیی دەدا.[3]

بەڵام لەو سەردەمانەدا تەنها پیاوان لەو مزگەوت و حوجرانە سوودمەند بوون، ژنان لێی بێبەش بوون. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە کەمی دەرکەوتنی ئافرەت لەم بوارەدا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو نالەبارە سیاسییەی کوردستان بووە، کە هەر لەسەرەتاوە تووشی شەڕو داگیرکردن بووە لەلایەن دوژمنانی بەتایبەت وڵاتە دراوسێکانی، هەمیشە کوردستان مەیدانێك بووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی عوسمانییەکان و فارسەکان و ڕژێمە کۆنەپەرستە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.هەریەکەو لەلای خۆیەوە نەتەوەی کوردییان چەوساندوەتەوەو بواری بەرەو پێشچوونیان لەبەردەمدا تەسك کردوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بوونی رژێمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان و چەوسانەوەی زۆرینەی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت لەلایەن ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆکی عەشیرەتەکانەوە، فەرامۆش کردن و گرنگی نەدان بە مێینەکان لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا ڕەوشەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆز کردبوو، زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کورد تا هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نەخوێندەوار بوون. بۆیە خاتوو هەنسن دەڵێت،

---

1- حوسێنی خەلیقی، سەرچاوەی پێشوو، ل 142.

2- شەهێن محەمەدی، دەلاقەیەك بەرەو هاوارە قەتیس کراوەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2010، ل 29.

3- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب3، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003، ل 18.

(هەستێکی زۆر ناخۆشم پێدەدات کە دەزانم ئەو ژنانەی کە ناسیمن و لەگەڵیان ژیاوم، ناتوانن نامەم بۆ بنوسن. لە دەنیمارك و لەماڵەوە زۆر حەزم دەکرد بۆ دۆستەکانی کوردستانم نامە بنوسم، بەتایبەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لەماڵیان بۆ ماوەیەکی درێژ ژیاوم، چونکە نەخوێندەوارن و ناتوانن نامەکەم بخوێننەوە، تەنیا پارچە کاغەزێ کە ناوی منی لەسەر نوسرابێ ئەوان سەری لێدەرناکەن و هیچی لێتێناگەن). [1] یان دەڵێت، (من سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە چۆن ژنە نەخوێندەوارەکان بیر لەخوێندن ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی بە کتێب و کاغەزی نوسراو دەورەدراون، زۆربەی ئەو ژنانەی من ناسیومن زیرەك و ژیرن، بەڵام بەدەگمەن ئەم ژیریەیان بۆ بیری نوسراو بەکارهێناوە، تەنانەت لەو ماڵانەی کە ژنی خوێندەواری لێیە، ئەو ژنانە فێری ئەوە نەبوون شت بخوێننەوە). [2]

لەساڵی 1952 لەهەموو پارێزگای هەولێر تەنها 759 و لەهەموو پارێزگای سلێمانیش تەنها 1132 کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ئەوانەی هەولێر هەمووی بەسەر یەکەوە 39 و ئەوانەی سلێمانی 49 مامۆستای ئافرەت دەرسیان پێ دەگوتنەوە. هەر ئەو ساڵە لە پارێزگای هەولێر 131288 ئافرەتی نیشتەجێ هەبوون، ژمارەی ئەوانەی لە پێنج ساڵان زیاترو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە 107940 کەس، هەمان ساڵ ژمارەی ئافرەتانی پارێزگای سلێمانی بێ کۆچەرەکان 124633 کەس بوون، ژمارەی ئەوانەی لە پێنج ساڵ زیاترو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە 101886 کەس. [3] هەروەها (پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەك ژیگڵ) لە گەشتەکەی بۆ کوردستان لە ساڵانی 1977-1980، توێژینەوەی لەسەر 53 خێزانی لادێ نشین لە پێنج ناوچەی جیاواز ئەنجامداوەو 468 تاکی بە نموونە وەرگرتووە، لەئەنجامدا دەرکەوتووە 49٪ ی منداڵانی لادێ لەتەمەنی 6-15 ساڵی دەچوونە قوتابخانە، ئەوانیش 75.8٪ قوتابی کوڕ بوونە و لە 14.5٪ کچ بوونە. تێکڕای ڕێژەی نەخوێندەواری لە گوندەکان ئەوانەی لەسەروی 16 ساڵی بوون لە 93، 7٪ بووە. [4] لەساڵی 1986 ڕێژەی خوێندەواری لەنێو ڕیزی شارنشینەکاندا، لە 58٪ بووە، لەوانە

---

[1] – هێنی هەڕۆڵد هەنسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل168.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل 176.

[3] – کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 77.

[4] – لیژەك ژیگڵ، کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بەنوێبوونەوە، و: عەزیز گەردی، چ1، کوردستان، 1999، ل 153،

**پیاو له 69٪ و ژن له 46٪ بوون. ئەو ڕێژەیە لەنێو گوند نشینەکاندا، له 25٪ بوو، لەوانە پیاو له 28٪ و ژن له 11٪ بوون.** [1]

**بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامە مێژووییانە، ئافرەتان له کوردستاندا بە ڕێژەیەکی بەرز نەخوێندەوار بوون. ئەگەرچی هەوڵ و کۆششی بەردەوام لەلایەن ڕووناکبیر و نووسەرانی ئەو کات هەبووە، لەڕێگەی نووسین و شیعرەکانیانەوە کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو کات بلاْویاندەکردەوەو تیایدا هانی کچان و ژنانیان داوە، پشتگیرییان کردوون تا خۆیان لەچواردیواری ژوورەوە ئازاد بکەن و بێنە بواری خوێندن و نووسینەوە. لەوانە حەپسە خانی نەقیب یەکەم ژنە لەپێناو ئازادکردنی ژنی کوردو یەکسانبوونی لەگەڵ پیاواندا هەوڵیداوە، سەرەتا لە خوێندن دەستی پێکردووە، بۆیەکەم جار لەسلێمانی لەساڵی 1926 قوتابخانەی بۆژنان کردۆتەوە، خۆی یەکەم قوتابی بووە لەو قوتابخانەیە.** [2]

**هەروەها مەلای گەورەی کۆیە یەکەم کەس بووە لە کۆیە نەجیبە خانی کچی لە قوتابخانە داناوەو هانی ژنانی داوە بۆ خوێندن.** [3] **نووسەری گەورەی کورد شاکر فەتاح لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە زۆربەی ژنانی کورد نەخوێندەوارن و نەشارەزان و نازانن لە جیهان و نیشتمانەکەی خۆیان چی ڕوودەدات، لەبەر ئەوە پێشنیاری کردووە دەڵێ، نابێ هەر تەنها بەکردنەوەی خوێندنگا بۆ فێرکردنیان وازبێنین، بەڵکو پێویستە خۆشمان ببین بە مامۆستایان و خۆشیان بکەین بە مامۆستای خۆیان.** [4] **دوای ئەو هەل و کۆششانەو ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هات، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ی باشووری کوردستان و ئازادبوونی ئەو پارچەیەی نیشتمان و کرانەوەی بەڕووی دنیادا، ژنان هاتنە نێو ململانێی مەیدانی ژیان بەتایبەتی لەبواری خوێندن.**

**کاتێ ئافرەت دەستی بەخوێندن کرد، بەزمانی دایك دەستی پێکرد و زۆر شت فێربوو، دواتر بەرەو خوێندنی باڵا هەنگاوی نا، لەچەندین کۆلیژی جیاجیا دەرچوون و بوونە خاوەنی بڕوانامەی بەرزی ئاداب و زانستی پزیشکی، ئەندازیاری، ماف، هونەر، زمان شەریعە، یاسا، ڕامیاری،**

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] – عەبدوڵلاْ غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ5، دەزگای توێژینەوەو بلاْوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008، ل177.

[2] – عبدالستار طاهر شريف، المجتمع الكردی، من منشورات جمعية الثقافة الكردية، دار العراق للطبع والنشر، بغداد، 1981، ل 23.

[3] – نوخشە عەبدول، ڕۆڵی ژن لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشوری کوردستان، چ1، چاپخانەی ڕووناکی، سلێمانی، 2007، ل 49 و 50.

[4] – شاکر فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل 19 و 20.

کارگێڕی و بەڕێوەبردن. بەشداری کرد لەبەڕێوەبردنی کاروباری حکومی بەهەموو ئاستەکانیەوە، لەفەرمانبەرێکی سادە تا گەیشتە ئەوەی پلەی وەزیری بەدەست بێنێت و بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکات و ببێتە ئەندام پەرلەمان، بەو واتایەی بەشداربێت لەدانانی یاساکانی بەڕێوەبردن. [1]

## 4- خەباتی ژنی کورد

خەباتی ژنی کورد تاڕادەیەکی زۆر جیاواز بووە لە خەباتی ژنانی دیکەی جیهان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، گەلی کورد بەردەوام گەلێکی ستەم دیدەو داگیرکراو بووە بەدەستی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و پارچە پارچە بوونی خاکەکەی ونەبوونی دەوڵەتێکی قەومی، ئەمانە وایان کردووە ژنان بکەونە خەباتی نەتەوایەتی و ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکەران. ئەوەندەی بەتەنگ ئازادی و سەربەستی نەتەوەو خاکی کوردستان بوونە، ئەوەندە کاریان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان نەکردووە.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەکورد تیایدا ژیاوە و چوارپارچەبوونی نیشتمانەکەی و خەباتی نەتەوەیی، بەردەوام پلەی یەکەم بەکێشەی نەتەوەیی دراوەو پرسی ژن پشتگوێ خراوە. [2] هەرچەندە هەوڵ و کۆششی بەردەوام لەلایەن نووسەران و ڕووناکبیرانەوە هەبوو، بۆ خەباتکردنی ژنان لەپێناو سەربەست بوونیان و بەدیهێنانی خواست و ویستەکانیان، بەڵام هەوڵەکان تاکە کەسی بوون و لەژێر ناوی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ خۆیان ڕانەگەیاندبوو.

لەلایەکی دیکەوە چالاکی ژنی کورد هەر لەسەرەتاوە زۆربەی ناچێتە مەیدانی چالاکی و هەوڵی ڤمینیستییەوە، ئەگەر سەیری فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسی ژنانی کورد بکەین، لەڕابردوودا دەسەڵاتێکی فیودالیزمی بۆماوەیی بووە، ئەوەش دەری دەخات ئەو چەند ژنە کەمەش گەیشتوون بەناوەندی دەسەڵات و سەنتەری بڕیاردان، بەتەنیا لەڕێگەی تواناو ڕۆشنبیری و سەربەخۆیی خۆیانەوە نەبووە، بگرە وەکو میراتگر و جێگری پیاوێکی کردووە و کارەکانی ئەوی گرتووەتە ئەستۆ و جێبەجێکاری بڕیارەکانی پیاو بوون. [3]

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و لەساڵی 1919 بۆ یەکەمین جار ڕێکخراوێکی ژنان لەلایەن کۆمەڵێك لە هاوسەرانی پیاوانی ناودارو ڕۆشنبیری کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، بەناوی

---

1- ابراهيم معروف طاهر الرباتي، المراة الكردية ودورها في المجتمع الكردي، ط1، مطبعة التفسير، اربيل، 2004، ص223.

2- د. روئيا تلوعی، هەرگیز لەژن بوونم پەشیمان نیم، سەرچاوەی پێشوو، ل 89.

3 – کازیوە ساڵح، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی. سەرچاوەی پێشوو، ل 40- 41.

پێشخستنی ژنانی کورد (Kurd Kadinlari Teali Cemyeti). [1] دەکرێ بووترێت ئەمە یەکەمین کارو چالاکی ژنان بوو لەشێوەی ڕێکخراوێکدا خۆی بەرجەستە بکات. لەدوای ئەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی تری ژنان بەدی ناکرێت. تا دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە 16 ی ئابی 1946. لەسەرەتادا ڕێکخستنەکانی ژنان هەر لەناو حزبەکەدا بوو، پاشان لە 1952/12/11 یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا، ڕێکخراوەکە چەندین ئامانجی جۆراوجۆری لەبواری سیاسیدا هەبوو، گرنگیان بە چالاکیە سیاسیەکان دەدا وەك، کۆبوونەوەو ئەنجامدانی ڕێپێوان و ڕێکخستنی ڕێپێوانەکان و چەندین چالاکی دیکە، وەك بلاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ ئافرەتان دەربارەی ئاشنا بوونیان بە مافە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان. [2]

لەسالی 1989 ژنانی کورد بە کۆشش و خەباتی خۆیان لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردا کە لەسالی 1975 ەوە هەلگیرسایەوە، بلاوکراوەی شاخ ڕۆلێکی باشی گێڕا لە هەلومەرجی سەختی پاش هێرشەکانی ئەنفال و جینۆسایی کورد، چەند ژنێکی تێکۆشەر و پێشمەرگە کە توانیان کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتی ژنانی کوردستان دابمەزرێنن و هەر لەو سالەشدا گۆڤاری (تەوار) بەدروشمی (ژن _ خەبات _ ژیان) دەربکەن. [3]

ئەرکی ئافرەتی کورد لەو سەردەمدا زۆر سەخت و دژوار بووە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕەکان بەتایبەت لە لادێکان، کە تێیاندا چەندین لادێ و مال و زەوی کشتوکالی سوتێنران. ئەمە جگە لەو ئەرکە نیشتمانی و مرۆڤایەتییەی پێی هەلدەستان لەپێناو مانەوەی نیشتمانەکەی، هەربۆیە نەوەیەکی تەواوی ژنان لەدەربەدەری و ناو ئەشکەوتەکان و بەبرسێتی و ماندوێتی ژیانیان بەسەربردووە، بەلام لەشارەکاندا ئافرەتان بە جۆرێکی تر بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە، نموونەی بەرخۆدان و هێز و هیوا بوون، بەشداربوون لە چالاکییە نهێنییەکانی ناومال و قوتابخانەو زانکۆکان، [4] لە ڕێکخستنەکانی ناو شاردا لەبواری ئەو خەباتەی ناوی نرابوو (خەباتی ژێرزەمینی) وەك تەتەری نێوان خەباتی شاخ و خەباتی شار کاریان دەکرد. [5] ژنان بەشێکی سەرەکی بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، چ لەبازنەی خەباتی شاخدا وەکو دایك و خوشك و کچ و

1 – کازیوە سالح، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی. سەرچاوەی پێشوو, ل39.

2 – د. طاهر حسو میر الزیباری، دور المراة الکردیة فی مشارکة السیاسیة, سەرچاوەی پێشوو، ل 69.

3 – کازیوە سالح، فێمینیستناسی و جڤاکی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل 39.

4 – د. طاهر حسو میر الزیباری، سەرچاوەی پێشوو، ل 70.

5 – مەهاباد قەرەداغی، شەڕەفنامە، چ2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل 78.

هاوسەر، یا لەبازنەی ڕێکخستنەکانی ناو شار و شارۆچکەکاندا وەکو ئەندامی کارای سەرجەم جومگەکان و ڕێکخستنەکان.[1]

بەردەوام بوون لە خەباتی نەتەوایەتی ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، هەر ئەمەش وایکرد خەباتی ژنان بۆ داواکاری خواستەکانی خۆیان دوابکەوێت، بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانیش هەردەم خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاری نەتەوە بەسەرچاوەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دەزانێت، هەمیشە داوایکردووە ژنان جاریَ دەست لەخەباتی سەربەخۆیی خۆیان هەڵبگرن و بێنە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتییەوە.[2] بەشێوەیەکی گشتی خەباتی ژنان لە باشووری کوردستان تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ز، جگە لە هۆشیاری و هاندانی ژنان بۆ خوێندن، بریتی بوو لە خەباتی نەتەوایەتی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان.

زۆر لەو مامافانەش کە ئافرەتان لەدوای ڕاپەڕینەوە بەدەستیانهێناوە تا ئێستاش لەئاستی مافی یاساییدا ماونەتەوەو نەبوونەتە بەشێك لەهەڵسوکەوت و کولتوور و مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی. بۆنموونە، فرەژنی وەك یاسا قەدەغەکراوە، کوشتنی ژن لەسەر مەسەلەی شەرەف بەتاوانکراوە، ئافرەتانی خوار هەژدە ساڵی نابێت بدرێن بەشوو، بەڵام لەپراکتیکی ژیانی ڕۆژانەدا هەریەکێك لەم یاساغکراوەنەدا ڕوودەدەن و یاساکان توانای پاراستنی ئافرەتەکانیان نیە. ڕاستە ژنان مافی خوێندن و کارکردن و دەنگدانیان هەیە ، بەڵام لەبەردەم پیادەکردنی هەریەکێك لەم مافانەدا چەندان ڕێگری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقی هەیە کە دۆخی ژنی کورد زەحمەت دەکەن. گواستنەوەی مافەکان لەئاستی یاسای سەر کاغەزەوە بۆناو پراکتیکی کۆمەڵایەتی یەکێك لەو تەحەدا گەورانەیە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و بزووتنەوەکانی ژنان بەتایبەتی دەبێتەوە.[3]

---

[1] – د. عالیە فەرەج مستەفا، ڕەنجبەرانی بیَ مایەی ناو پارتە سیاسییەکان، گ. لڤین، ژ. 207، سلێمانی، 2012، ل41.

[2] – سەوسەن سەلیم، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.

[3] – مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل 178.

# بەشی پێنجەم/ ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە

یەکەم/ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە

دووەم/ میتۆدی توێژینەوەکە

سێیەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

چوارەم/ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی پێنجەم/ ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو جۆری میتۆدی بەکارهاتوو و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەکە و ئەو ئامرازە ئامارییانەی لەشیکردنەوەی داتاکاندا ڕۆڵیان هەبووە، خراونەتەڕوو.

## یەکەم/ کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەشاری هەولێر، هەموو نموونەیەك لەڕووی قەبارەوە پشت دەبەستێت بە سروشتی لەیەکچوون و لەیەکنەچوونی ئەو کۆمەڵگەیەی توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت، ئەو پێوەرانەی کە کۆمەڵگەی لەیەکچووی پێ جیا دەکرێتەوە بریتین لەچەند گۆڕاوێك، ئەوانیش نەتەوە، ئاین، ئاستی ئابووری، پلەی خوێندەواری، قەبارەی خێزان و... . شاری هەولێر کۆمەڵگەیەکی لەیەکنەچووە، ئەگەر چی لەڕووی ئاین و نەتەوەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن، بەڵام کەمایەتی ئاین و نەتەوەی دیکە لەشارەکە نیشتەجێن، جگە لەمانەش لەڕووی ئاستی زانستی ئەندامانی کۆمەڵگەکە، شێوەو پێکهاتە و قەبارەی خێزانەکانەوە و باری ئابوورییەوە جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت.بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەك کە کارەکتەری گۆمەڵگای توێژینەوەکە بێت، جۆری نموونەی هەرەمەکی چینایەتیمان هەڵبژاردووە.

نموونەی هەرەمەکی چینایەتی بۆ ئەو گۆمەڵگایانە بەکاردەهێنرێت کە تاکەکانی جیاوازن و زۆر جاریش ئەو جیاوازیانە شاراوەو نادیارن، بەڵام لەسەر توێژەرەکەیە هەستی پێبکات. بەم شێوەیە توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەسەر گروپ یان چینی جیاوازدا دابەش دەکات، هەر گروپێك یان کۆمەڵەیەك لەمانە لەڕووی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانەوە لەوانیتر جیاوازن، بەواتایەکی تر دەبێت هەر گروپێك بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەموو ئاستێك لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەمەن، ڕەگەز، پلەی خوێندەواری و... . لەسەر لێتوێژراوان لەبەرچاو بگرێت.[1] لەسەر ئەم بنەمایە ڕاکێشانی نموونەی چینایەتی دەکەوێتە سەر جۆری ئەو گروپ و توێژە کۆمەڵایەتیانەی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا هەن، دوو جۆری ڕەوشی ئەم گروپانە هەیە، یەکەمیان ڕەوشی ڕیزبەندییەکەی بەپێی نەزمێکی تایبەت بەخۆی ڕێکخراوە پێی دەڵێن ( Stratified Sampling Frame) بەڵام جۆری دووەمیان ڕەوشی ڕیزبەندی گروپەکان بەرپکوپێکی ڕێکنەخراوە پێی دەڵێن (Non Stratified Sampling Frame). لەجۆری یەکەمیان پێویست بەڕاکێشانی نموونەیەکی قەبارە گەورە ناکات تا نوێنەرایەتی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی

---

[1] – یوسف عبدالامیر طباجة، منهجیة البحث تقنیات و مناهج، ط1، دار الهادی للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت، 2007، ل164.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات، چونکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك خۆی ڕیزبەند کراوە وەکو، (پێگەی مامۆستایان و سەربازان و پزیشکان و فەرمانبەران). [1] وە دەبێت قەبارەی نموونەکەش بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان توێژەکان یان گروپەکان هەڵبژێردرێت، بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بێت لە پێنج گروپی جیاواز و قەبارەی نموونەکەش لە 300 تاك پێکهاتبێت، پێویستە لەهەر گروپێك 60 تاك بەنموونە وەربگیرێت. [2] بەلآم جۆری دووەمیان پێویستی بەڕاکێشانی نموونەیەکی قەبارە گەورە هەیە تا نوێنەرایەتی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات، چونکە ئەمانەلەڕووی قەبارە و ڕەوشی پێگەو پلەپایەوە هاوجۆر نین، بۆیە ئەمەش وایکردووە پێویستی بەڕاکێشانی نموونەیەکی ڕەمەکی هەبێت لەهەر توێژ و چینی کۆمەلآیەتی و گروپێکدا. [3]

توێژەر سوودی لە نموونەی هەرەمەکی چینایەتی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لەسەر شاری هەولێرە، کە شارێکی گەورەو لەسەر ڕووبەرێکی جوگرافی فراوانە. گەڕەکەکانی چەند خاسیەتێکی جیاوازیان هەیە لەڕووی ڕەوشی ئابووری و ژیانی کۆمەلآیەتی و پلەی خوێندەواری و پیشە و... . ئێمەش لەسەر بنەمای جیاوازی ئەم گۆڕاوانە شاری هەولێرمان بەپێی ئاستی گوزەرانی (دەوڵەمەند، مامناوەند، هەژار) دابەشکردووە بەم شێوەیە، سێ گەڕەکی هەژار، سێ گەڕەکی مامناوەند و دوو گەڕەکی دەوڵەمەند، لەهەڵبژاردنی گەڕەکەکاندا ڕەچاوی شوێنی جوگرافی و هەرسێ ئاستی نزم و ناوەند و بەرز کراوە، جگە لەمانەش، لەبەرئەوەی سنووری شارەکە لەم دواییانەدا زۆر فراوان بووە و گەڕەکی تازە زیادی کردووە، هەوڵمانداوە هەم لە گەڕەکە کۆنەکانی ناو سەنتەری شار و هەم لە گەڕەکە تازەکانیش نموونە وەربگرین. نموونەکەشمان بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگرتووە، بەجۆرێك کە لە گەڕەکە دەڵەمەندەکان و دوو گەڕەکی مامناوەندا بەهۆی گەورەیی ڕووبەری خانووەکانەوە لەهەر سێ خێزانێکدا یەك خێزان و لە گەڕەکە هەژارەکانیش بەهۆی بچووکی ڕووبەری خانووەکانەوە بۆ هەر پێنج خێزانێك یەك خێزان بە نموونە وەرگیراوە.نموونەکە لە 400 خێزان پێکهاتووە، هەروەك لەخشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە.

---

[1] – معن خليل عمر، میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، و: محمد شوانی، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، 2012، ل 267 و 268.

[2] – عامر قنديلجي و ايمان السامرائي، البحث العلمي الكمي والنوعي، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 2009، ص 261.

[3] – معن خليل عمر، سەرچاوەی پێشوو، ل 268.

خشتەی (1)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەسەر گەڕەکەکانی شاری هەولێر ڕووندەکاتە

| ژ | گەڕەکە هەژارەکان | ژمارەی خێزان | ژ | گەڕەکە مامناوەندەکان | ژمارەی خێزان | ژ | گەڕەکە دەوڵەمەندەکان | ژمارەی خێزان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەهاری کۆن | 50 | 1 | نووسەران | 50 | 1 | خانزادی نوێ | 50 |
| 2 | کورانی عەینکاوە | 50 | 2 | شۆڕش | 50 | 2 | شاری خەونەکان | 50 |
| 3 | تەیراوە | 50 | 3 | ئازادی | 50 | | | |
| کۆی گشتی | | 150 | کۆی گشتی | | 150 | کۆی گشتی | | 100 |

## دووەم/ میتۆدی توێژینەوەکە

میتـۆد ئـەو ڕێگایەیـە کـە لەهـەموو زانسـتە جیاوازەکانـدا دەگیرێتـە بـەر بـۆ دەرخسـتنی ڕاستییەکان، ئەویش لـە ڕێگای کۆمـەڵێك بنـەما و ڕێسای گشـتییەوە دەبێت، کە کۆنترۆڵی ڕەوتی عـەقلی دەکـات بـۆ دیـاریکردنی پرۆسـەکانی، بەمەبەسـتی گەیشـتن بەدەرئـەنجامێکی زانـراو و پەسـەندکراو. [1] یـان میتـۆدی زانسـتی یەکێکـە لـەو ڕێگـاو شـێوازە زانسـتیانەی کـە توێـژەر پشـتی پێدەبەسـتێت بـۆ ڕێکخسـتنی بیروبۆچـونەکانی لـەبارەی بابـەتی توێژینەوەکـەی، دواتـر گەیشـتن بـە ئەنجام و ڕاستییەکی گونجاو لەبارەی دیاردەکە یاخود بابەتی توێژینەوەکەی. [2] دۆرکایم پێی وایـە بنـەمای میتـۆدی بۆ زانسـت وەکـو بنـەمای داب و نـەریت و بـەها کۆمەڵایەتییەکانـە بۆ ڕەفتـار، واتـا میتۆد بیرکردنەوەی زانا و توێژەران بەرەو هەنگاوی زانسـتی ئاراسـتە دەکـات، هـەروەك چۆن داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤەکان ئاراستە دەکەن بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێك، یـاخود حـوکم لەسەر خەڵك دەکەن کە چۆن ڕەفتار بکات. [3]

لەم توێژینەوەیەدا چەند میتۆدێك بەکارهاتوون. لەوانە:

1 – عامر قنديلجى، البحث العلمى واستخدام مصادر المعلومات التقليدية والالكترونية، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 2007، ص 34.

2 – ربحى مصطفى عليان و عثمان محمد غنيم، اساليب البحث العلمى الاسس النظرية والتطبيق العلمى، ط1، دار الصفاء، عمان، 2004، ص 33.

3- Emile Durkheim ‹Ies Regels de la Methode Sociologique, Universitaires de France, Paris ‹1973 ‹PP131.139.

## 1- میتۆدی مێژوویی

ئەم میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی دیاردە و ڕووداوە مێژووییەکان بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە بنەمایەکی گشتی کە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاڤەکردنی بارودۆخی ئێستا و پێشبینیکردنی ئاینده، لە هەمان کاتدا وەسفکردنی ئەو ڕووداوانە بەشێوەیەکی بابەتیانەو هەوڵدانێکە بۆ دیارخستنی دیاردەکان لەمیانەی بەستنەوەی هەرسیٚ دەمەکانی کات ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. لەبەر ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەی مێژووین، توندوتۆڵ بە ڕابردووی واقعی کۆمەڵگە بەستراونەتەوە، ڕابردوو کاریگەری بەسەر چۆنیەتی دروستبوون و بڵاوبونەوەیان هەیە، لەسەر توێژەرە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەکە و هۆکارەکانی بکۆڵێتەوە، [1] لەبەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژوویی بەستراوە بۆ ناساندنی بابەتی پێگەی ژن لە ڕابردوویەکی دووری کۆمەڵگەی کوردەواری.

## 2- میتۆدی بەراوردکاری

میتۆدی بەراوردکاری ئامرازێکی زانستییە، توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی دیاردە و پرۆسە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنێت، ئەم ڕێبازە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووە لەیەکچوو و جیاوازانەی کە لەنێوان دیاردە و دامەزراوەکان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا و ئەو ناوچانەی لەڕووی جوگرافی و هەرێمایەتییەوە لەو کۆمەڵگەیەدا جیاوازن لە کاتە جیاوازەکاندا. [2] لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێبازە بەکارهێنراوە بۆ بەراورد کردنی پێگەی ژن لەپێش ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی (1991) و دوای ڕاپەڕین، بۆ بەراوردکردنی جیاوازی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر، بۆ بەراورد کردن لە نێوان بۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، تەمەن، پلەی خوێندەواری و پیشە) سەبارەت بە پێگەی ژن، هەروەها بۆ بەراورد کردنی توێژینەوە هاوشێوەکانی ئەم توێژینەوەیە.

## 3- میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی

لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، هەوڵدەدا بۆ خستنەڕوو شیکردنەوەی پێگەی ژن لەناو خێزاندا، یەکێکیش لە میتۆدە سەرەکییەکانی توێژینەوەی وەسفی، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە کە گرنگی بەتوێژینەوەی دیاردەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسی

---

1 – طاهر حسو الزيباري، أساليب ألبحث ألعلمي في علم ألاجتماع، ط1، مجد لمؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 2011، ص 59-60.

2 – احسان محمد الحسن، مناهج ألبحث ألاجتماعي، ط1، دار وائل للنشر، عمان، 2005، ص 101.



هەولێرنامەی کتێب

و ئابوورییـەکان و... ، دەدات لەکۆمەڵگەیـەکی دیـاریکراو یـان گرووپێکـی دیـاریکراودا، [1] بۆیـە ئێمـەش پشتمان بـەم میتـۆدە بەسـتووە، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی زۆرتـرین داتـا و زانیـاری لەسـەر تاکـەکانی نموونـەی توێژینەوەکـە. زانـای کۆمەڵناسـی (هـویتی) دەڵێـت، ڕووپێـوی کۆمەڵایـەتی هەوڵـدانێکی ڕێکخـراوە بـۆ شیکردنەوەو ڕاڤە کردنـی ئـەو بارودۆخـەی لـە سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتی یاخود گرووپێك یا ژینگەیەکی دیـاریکراودا هەیـە، بەئامانجی گەیشـتن بـەو زانیاریانـەی کـە دەتوانین پـۆلێن و ڕاڤـەیان بکـەین و بیـان گشـتێنین، بەمەبەسـتی سـوود وەرگـرتن لێیـان لـەداهاتوودا، کـە بەتایبەتی بۆ مەبەستی زانستی بەکار دەهێنرێن. [2]

ئـەم ڕێبـازە یەکێکـە لـەگرنگترین ئـەو ڕێبـازە سـەرەکییانەی لەتوێژینـەوە کۆمەڵایـەتی و وەسـفیەکاندا بـەکاردەهێنرێت، کـە بـارودۆخی دیاردەیـەك لـە ماوەیـەکی دیـاریکراودا دەخاتـەڕوو. بـەئامانجی زانینـی خاسـیەتەکانی دیاردەکـەو زانینـی ئاسـتی هـەبوون و بڵاوبوونـەوەی. هـەروەها دەوڵــەت و دامــەزراوەکانی سـوود لــەم ڕێبــازە وەردەگــرن لــە ســەرژمێری کردنـی دانیشـتوان و کۆکردنـەوەی زانیـاری بـۆ زانینـی ژمـارەی دانیشـتوان و دابەشـبوونی جوگرافییـان بـەپێی تەمـەن، ڕەگـەز، پیشـە، بـاری کۆمەڵایـەتی، ئاسـتی خوێنـدەواری، داهـات، نیشـتەجێبوون، ئـاین و چـەند گـۆڕاوێکی تـر کـە پێویسـتە دەوڵـەت بیزانێـت، ئەمـەش وێنەیـەك لـە بـارودۆخی ئـەو کۆمەڵگەیـە لەماوەیەکی کاتی دیاریکراودا بەدەستەوە دەدات. [3]

## سێیەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

کۆمەڵێك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری هەن کە لە توێژینەوە زانستییەکان بەکاردەهێنرێن، هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانە لەلایەن توێژەرانەوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر لێتوێژراوان بەگوێرەی جۆری توێژینەوەکە و میتۆدی بەکارهاتوو دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا سێ جۆری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون ئەوانیش، فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن.

---

[1] – یوسف عبدالامیر طباجة، سەرچاوەی پێشوو، ل321.

[2] – عبدالباسط محمد حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل 335.

[3] – ابراهیم عثمان، مقدمة فی علم الاجتماع، ط1، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، 1999، ص 66.

## 1- چاوپێکەوتن (Interview)

یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی ڕووبەڕوو لەنێوان توێژەر و کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجام دەدرێت. چاوپێکەوتن ڕێوشوێنێکی مەیدانیە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، تیایدا توێژەر ڕووبەڕووی لێتوێژراوان دەبێتەوە و لەمیانەی پرسیارکردن و تۆمارکردنی وەڵامەکان تێبینی هەڵسوکەوتیشیان دەکات. [1] ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لەم ئامرازە وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە.

## 2- تێبینیکردن (Observaiotn)

تێبینیکردن کۆنترین و باوترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە، کە مرۆڤ بەکاریهێنابێت بۆ ناسینی دیاردە سروشتییەکان. دواتر لە زانستە سروشتییەکان بەکار هات بە شێوەیەکی گشتی و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی. [2] سوودمان لە تێبینیکردنی هەڵسوکەوتی خەڵك بەگشتی و بەتایبەتی هەڵسوکەوتی لێتوێژراوان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتی پێگەی ژن وەرگرتووە.

## 3- فۆڕمی ڕاپرسی (Questionnaier)

لەکۆمەڵێك پرسیار پێکهاتووە کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە، پرسیارەکان بەشێوەیەك دادەنرێن کە لەسەرەتادا پرسیارە گشتییەکان و دواتر پرسیارە تایبەتەکان. بۆدانانی پرسیارەکان پێویستە توێژەر چەند هەنگاوێك جێبەجێ بکات، وەك:

أ- بە مەبەستی دانانی چەند برگە و تەوەرێکی شیاو، توێژەر چەند پرسیارێکی پەیوەست بە بابەتەکەی ئاراستەی کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کردووە، بۆئەوەی لە میانەی وەڵامەکانیان چەند چەند برگەیەکی دەست کەوێت، پرسیارەکانیش بریتیبوون لە:

پ/ پێت وایە دوای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگە ڕوویانداوە پێگەی ژن لە جاران بەرزتر بۆتەوە؟

پ/ ئەگەر پێت وایە بەرز بووەتەوە، هۆکارەکانی چین؟ چۆن هەست بە بەرزبوونەوەکە دەکرێت؟

ب- سوود وەرگرتنمان لە تیۆرەکانی فێمینیزم، کە هەر یەکێکیان بەرزبوونەوەی پێگەی ژن بۆ فاکتەرێك دەگەڕێننەوە.

---

1- طاهر حسو الزيباري، أساليب ألبحث ألعلمي في علم ألاجتماع، سەرچاوەی پێشوو، ل136.

2- هەمان سەرچاوە، ل 130.

ت- بە پشتبەستن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

پ- سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

ئێمەش بە پشت بەستنمان بەو هەنگاوانەی کە باسکران فۆڕمێکمان ئامادە کرد کە لە 60 پرسیار پێکهاتبوو، کە لە پاشکۆی (1) خراوەتەڕوو. بەشی یەکەمی پرسیارەکان تایبەتبوو بە زانیارییە گشتییەکان، بەشی دووەمی تایبەتبوو بە زانیاری تایبەت بە بابەتی پێگەی ژن لە خێزاندا، لە چوار تەوەر پێکهاتبوو، تەوەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ، خوێندن. هەڵبژاردەکانی وەڵامی هەر پرسیارێك بریتیبوو لە سێ وەڵام کە هێزیان بەم شێوەیە بوو، بەڵێ هێزی (3) نمرەی وەرگرتووە، تاڕادەیەك هێزی (2) نمرەی وەرگرتووە، نەخێر هێزی (1) نمرەی وەرگرتووە. لە پرسیارە سلبییەکان ئەم هێزانە پێچەوانە دەبنەوە. دوای دانان و داڕشتنی پرسیارەکان، لەلایەن چەندین پسپۆڕو شارەزای تایبەتمەندەوە هەڵسەنگێنرا. پاشان لەگەڵ سەرپەرشتیاری نامەکە سوودمان لەو سەرنج و تێبینیانەی شارەزایان وەرگرت و تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەر (اختبار صدق الاداة) و جێگیرکردنی فۆڕمەکە (ثبات) پەیڕەوکرا.

## تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەر (اختبار صدق الاداة)

دوای ئەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەکە گەیشتە قۆناغی کۆتایی، بۆ زانینی ڕاستی و دروستی بڕگە و پرسیارەکان، توێژەر دەتوانێت بۆ دەرهێنانی تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەر پشت بە یەکێك لە ڕێگاکان ببەستێت کە جۆراوجۆرن.ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەشێوازی ڕاستی ڕووکەش (صدق الظاهری) بەستووە، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و لادانی پرسیاری زیادە یا ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نیە، ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی، کە لە پاشکۆی (2) ناو و پسپۆڕی هەریەکێکیان ڕوونکراوەتەوە، دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمەکە لە شارەزایان، کۆمەڵێك پرسیار دەسکارییان کرا و بەو شێوازەی پسپۆڕەکان لایان ڕاست بوو، گۆڕانکارییان بەسەردا هات. وە هەندێك پرسیار کە ئەوان پێیان وابوو زیادەیە و هەندێکیشیان پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو لادران. ئەو پرسیارانەش ژمارەیان (15) پرسیار بوو، بەم شێوەیە فۆڕمەکە لەلایەن توێژەرەوە بە یارمەتی سەرپەرشتیاری نامەکە دووبارە داڕێژرایەوە، تاوەکو شێوەی کۆتایی وەرگرت و ژمارەی پرسیارەکان بوو بە (45) پرسیار لە پاشکۆی (3) خراوەتەڕوو، لە کۆتاییدا ڕێژەی ڕاستی فۆڕمەکە بریتی بوو لە (93.66). کە لە پاشکۆی (4) ڕوونکراوەتەوە.

## جێگیکردنی فۆڕمی توێژینەوەکە

بۆ جێگیرکردنی فۆڕمی ڕاپرسییەکە, توێژەر دوو پێوەری جێگیرکردنی بەکارهێناوە:

**دووبارە تاقیکردنەوە (اعاده الاختبار)**, دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەر، بە مەستی جێگیرکردنی فۆڕمی توێژینەوەکە، بۆ زانینی پلەی پابەندبوونی لێتوێژراوان بەو وەلاَمانەی بۆ هەر پرسیارێك لە پرسیارەکانی فۆڕمی توێژینەوەکە داویانەتەوە. ئەگەر هاتوو وەلاَمەکان نەگۆڕ و بەهەمان شێوە بوون یاخود نزیك لە نەگۆڕ بوون لە کاتی دووبارە کردنەوەیدا، مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەو فۆڕمە شایانی جێگیرکردنە.بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە ڕێگای دووبارە دابەشکردنەوە (Test Retest) مان، بەکار هێناوە. بەسەر نموونەیەکی پێکهاتوو لە (10) تاك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بەمەرجێك ئەو تاکانە لە نموونەی توێژینەوەکە بەشدار نەبوون.

دوای دابەشکردنی فۆڕمەکان و وەرگرتنەوەیان لە جاری یەکەمدا، نمرە بەدەست هاتووەکان تۆمار کران، دوای (15) ڕۆژ هەمان فۆڕممان بەسەر هەمان لێتوێژراوان دابەشکردەوە، ئەمجارەش کۆمەڵێك نمرەی دیکەمان دەست کەوت. بۆ دۆزینەوەی ڕادەی پەیوەندی نێوان هەردوو وەلاَمەکەش، هاوکێشەی ئاماری (سپێرمان) مان بەکارهێنا، ئەنجامی جێگیری فۆڕمکە بریتی بوو لە (0.89). بە بەراورد بە بەهای خشتەیی (0.76) و نمرەی ئازادی (9) و ئاستی دەلالەت (0.01)، دەرکەوت ئەنجامی وەدەست هاتوو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەیوەندییەکی ئاماری لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمدا هەیە، کە لە پاشکۆی (4) دا ڕوونکراوەتەوە.

**هەماهەنگی ناوخۆیی ( الاتساق الداخلی)**, بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بە تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbache Alpha) بەستووە کە زۆرترین ناوبانگ و بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوەکان. ڕێژەی دەرهاتوو بریتیە لە (0.911) کە لە پاشکۆی (6) ڕوونکراوەتەوە. هەریەك لە توێژەران ئەمیر و سۆندەرپاندیان (Amir and Sonderpandia) پێیان وایە ڕێژەی پەسەندکراو لە تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ بریتیە لە 60% .[1]

## چوارەم/ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

ئامرازە ئامارییەکانی، هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەلاَیەتییەکان ((SPSS، (Statistical Package for Social Science) لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە بۆ شیکاری داتا و زانیارییەکان. ئامرازەکانیش بریتین لەمانە:

[1] - لیث سلمان الربیعي، عوامل جذب الطلبة الاجانب في استهداف الجامعة للاسواق الدولیة، دراسة تحلیلیة لاتجاهات الطلبة الوافدین في جامعة البترا، کلیة العلوم والمالیة، عمان, 2007، ص 8

1- **ناوەندی ژمێرەیی** (Mean) [1] **بۆ دەرهێنانی ناوەندی تەمەن و باری ئابووری.**

2- **لادانی پێوەری** (Standard Deviation) [2] **بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهایەکان لە ناوەند.**

3- **هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان** (Sperman Correlation Coefficientr) [3] **بۆ دەرهێنانی پەیوەستی نێوان تەوەرەکان.**

4- **ناوەندی سەنگکراو** (Weighted average) [4] **بۆ دەرهێنانی هێزی بڕگەکان.**

5- **هاوکێشەی پەیوەستی پیرسۆن** (Pearson Correlation Coefficient) [5] **بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.**

6- **تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونە** (t-test Two Sample) [6] **بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.**

7- **شیکردنەوەی جیاکاری فرە گۆڕاوەکان (التباین)** (One Way ANOVA) [7] **بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.**

8- **ئەلفا کرۆنباخ** (Cronbache Alpha) [8]**: بۆ دەرهێنانی هەماهەنگی ناوخۆیی (الاتساق الداخلی). بۆ جێگیری فۆرمی توێژینەوەکە.**

## پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە

1- **بواری شوێنی**: **مەبەست ئەو شوێنەیە کە توێژینەوەکەی تیا ئەنجامدراوە، بریتیە لە (8) گەڕەك لە شاری هەولێر ئەوانیش گەڕەکەکانی ( بەهاری کۆن، کورانی عەینکاوە، تەیراوە، شۆڕش، ئازادی، نووسەران، خانزادی نوێ، شاری خەونەکان).**

2- **بواری کاتی: مەبەست ئەو کاتەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پەیوەستە بە دیاریکردنی ئەو ماوەیەی کە توێژەرەکە پێویستی پێیەتی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە مەیدانیەکە، لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دروست لەسەر بابەتی**

---

[1] - اعتماد محمد علام، مقدمة في الاحصائي الاجتماعي، مكتبة الانجلو المصرية، بدون سنة طبع، ص131.

[2] - كامل محمد الغربي، اساليب البحث العلمي في العلوم الانسانية والاجتماعية، ط1، دار الثقافة، عمان، 2006، ص192.

[3] - بهاء الدين تركية، الاحصاء الاجتماعي، ط1، دار الاهالي، دمشق، 2002، ص 206.

[4] - عثمان علي اميمن و بدرية علي السامرائي، الاختبار النفسي، اسسه و معالجته الاحصائية، مطابع عصر الجماهير، 2001، ص ص 182-184.

[5] - سماح سالم سالم، البحث الاجتماعي، ط1، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2012، ص 288.

[6] - محمود السيد ابو النيل، الاحصاء النفسي والاجتماعي والتربوي، دار النهضة العربية، بيروت، 1987، ص231.

[7] - باسم محمد ولي المنيزل واخرون، الاحصاء التربوي، دار المسيرة، عمان، 2006، ص 67.

[8] - ليث سلمان الربيعي، سەرچاوەی پێشوو، ل 8.

**توێژینەوەکەی. دەربارەی بواری ماوەیی توێژینەوەکەمان هەشت مانگی خایاندووە، کە لە 1/ 2/ 2015 تا 1/ 10/ 2015.**

3- **بواری مرۆیی: بریتیە لە خێزانەکانی شاری هەولێر، هەموو ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە نیشتەجێی شاری هەولێرن و هەموو ئەندامەکانی ناو هەر خێزانێك بەبێ جیاوازی.**

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی شەشەم/ خستنە ڕوو شیکردنەوەی ئە نجامەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم/ خستنەڕووی زانیارییەگشتییەکانی توێژینەوەکە**

**دووەم/ خستنەڕووی زانیارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە**

1- **پەیوەندی پێگەی ژن بە تەوەرەکانی توێژینەوەکە**

2- **جیاوازی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر**

3- **بەڵگەی جیاوازی پێگەی ژن لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە**

4- **پەیوەندی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە پێگەی ژن**

5- **پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ**

6- **پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشداری کردنی ژن لە کاری سیاسی**

7- **پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و خوێندنی ژن**

## بەشی شەشەم / خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوە و خستنە ڕووی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوە مەیدانییەکە دەستمان کەوتووە، بە پشت بەستن بە ئامرازە ئامارییەکان و لە چوارچێوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پێویستە گفتوگۆ لەسەر تایبەتمەندییەکانی لێتوێژراوان، پەیوەندی کارە مەیدانییەکە بە بابەتی توێژینەوەکە، باسی پێگەی ژن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و لەناو خێزانەکاندا بکەین.

### یەکەم/ خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوەکە

دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی لێتوێژراوان، کارێکی گرنگ و بە بایەخە بۆ هەموو توێژینەوەیەکی زانستی، چونکە یارمەتی توێژەر دەدات لە ناسینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی لە ڕووی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی خوێندەواری، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنی لە دایکبوون، پیشە، باری ئابووری، باری کۆمەڵایەتی...).ئەم تایبەتمەندیانەش بەپێی پێویستیان لە هەر توێژینەوەکدا دەگۆڕێت، واتا مەرج نیە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی باسکران لە هەموو توێژینەوەیەك پێویست بێت. لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر گۆڕاوەکانی ڕەگەز، تەمەن، پیشە، پلەی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابووری و شوێنی نیشتەجێبوون کراوەتەوە.

### 1- ڕەگەز

ڕەگەز بە گۆڕاوێکی هەرە گرنگ دادەنرێت لەم توێژینەوەیەدا، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەو بۆچوونی هەردوو ڕەگەزەکە گرنگی تایبەتیان لەسەر بابەتەکە هەیە. هەم تێڕوانینی خودی ژن بۆ بابەتە پەیوەندیدارەکان بەخۆی، هەم تێڕوانینی پیاو بۆ پێگەی ژن.

خشتەی (2)

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مێ | 200 | 50 |
| نێر | 200 | 50 |
| کۆی گشتی | 400 | ٪100 |

لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی (٪50) ی ئەندامانی نموونەکە لە ڕەگەزی مێن، بەهەمان شێوە لە (٪50) لە ڕەگەزی نێرن.

## 2- تەمەن

تەمەن گۆڕاوێکی دیکەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەیە، ئەویش گرنگی و تایبەتی خۆی لە توێژینەوەکەدا هەیە. چونکە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر جۆری بیرکردنەوەی جیلی کۆن و نوێ داناوە.

**خشتەی (3)**

**تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو**

| تەمەنەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| 29 – 19 | 109 | 27.3 |
| 40 – 30 | 111 | 27.8 |
| 51 – 41 | 110 | 27.5 |
| 62 – 52 | 50 | 12.5 |
| 73 – 63 | 20 | 5.0 |
| **کۆی گشتی** | 400 | %100 |
| ناوەندی ژمێرەیی = 39.37 لادانی پێوەری = 12.766 | | |

زانیارییە بەدەستهاتووەکانی خشتەی سەرەوە دەرریخستووە کە، زۆرترین ژمارەی تەمەن لە ئاستەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەنێوان (30 – 40) ساڵە، بە ڕێژەی (27.8%)، ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (41 – 51) ساڵە بە ڕێژەی (27.5%)، ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (19 – 29) ساڵە، بە ڕێژەی (27.3%)، ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (52 – 62) ساڵە، بە ڕێژەی (12.5%)، ئەو کەسانەی تەمەنیان لە (63) و بەسەرەوەیە بەڕێژەی (5.0%)، کە کەمترین ڕێژەیە لە ئاستەکانی نموونەی توێژینەوەکە. ناوەندی ژمێرەیی تەمەنی لێتوێژراوان بریتییە لە (39.37 ساڵ بە لادانی پێوەری (12.766).

## 3- پیشە

پیشە بە گۆڕاوێکی فەرهەنگی گرنگ دادەنرێت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتیش لەم توێژینەوەیەدا، کە دەستنیشانی پێگەی ژن دەکات لەنێو خێزان و کۆمەڵگەدا. هەموو تاکە کەسێك لەبەرامبەر ڕاپەڕاندنی پیشەیەکدا دەبێتە خاوەنی پێگەیەك لەنێو گروپێکدا یاخود لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا بەگشتی، لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا بەرزی و نزمی پێگە دەوەستێتە سەر ئەو پیشەیەی کە کەسەکە وەئەستۆی گرتووە، واتا چەند پیشەکە گرنگ بێت و کاریگەری هەبێت و

ببێتە هۆی ئەوەی کەسەکە ڕۆڵی باشتر و زیاتر بگێڕێت، ئەوەندەش پێگەکەی بەرزتر دەبێت. لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە سەرتاپاگیرانەی لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیاوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی بە کۆمەڵگەی خۆشمانەوە ڕوویانداوە، کارو پیشەکانیش دابەشکراون و هەر تاکە کەسێك لەچوارچێوەی سیستەمی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگەکەیدا چەند ئەرك و پیشەیەکی پێ سپێردراوە.

**خشتەی (4)**

**پیشەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| پیشە | ڕەگەز | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| قوتابی | 5 | 10 | 15 | 3.75 |
| مامۆستا | 29 | 39 | 68 | 17.0 |
| فەرمانبەر | 30 | 50 | 80 | 20.0 |
| پارێزەر | 2 | 3 | 5 | 1.25 |
| پزیشك | 3 | 4 | 7 | 1.75 |
| ئەندازیار | 2 | 7 | 9 | 2.25 |
| مامۆستای زانکۆ | 0 | 4 | 4 | 1.0 |
| خانە نشین | 6 | 8 | 14 | 3.5 |
| کاسب | 0 | 75 | 75 | 18.75 |
| ژنی ماڵەوە | 123 | 0 | 123 | 61.5 |
| کۆی گشتی | 200 | 200 | 400 | ٪100 |

بەپێی زانیارییە دەستکەوتووەکان ژنانی ماڵەوە بەرزترین ڕێژەی نموونەکە پێکدەهێنن بە ڕێژەی (٪61.5)، هەروەها کاسبی پیشەیەکی دیکەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەیە تایبەتە بە ڕەگەزی نێر و لە خشتەکەدا ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، کە (٪18.75)، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتی ئەوەیە، پیشەی مێینەکان ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵەوەو بەخێو کردنی منال و جێبەجێکردنی فرمانی نێرینەکانە، بێگومان ئەم جۆرە ئەرکانەش لە ماڵەوە جێبەجێدەکرێن، هەروەها پیشەی نێرینەکانیش لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە کاسبی کردن دەبێت لە دەرەوەی ماڵ، واتا ئەرکی ئابووری و دابینکردنی بژێوی خێزان، بەتەنها دەبێتە کاری پیاوان. لە خشتەی (4) یش دەرکەوتووە کە، ئەم دووپیشەیە ڕێژەی بەرزیان بە دەستهێناوە، ئەگەر ئەم زانیاریانە بەراورد بکەین لەگەڵ توێژینەوەکەی (تەلار ئەحمەد مستەفا) کە لەسەر خێزانەکانی شاری سلێمانی لەساڵی

(2009) ئەنجامی داوە، لەکۆی (176) ژن، تەنها (47) ژنیماڵەوەن و لەکۆی (224) پیاو، (63) یان بە پیشەی کاسبی خەریکن.

ڕێژەی (20٪) ی نموونەی توێژینەوەکە فەرمانبەرن، هەروەها ڕێژەیەکی دیکەی بەرز لە نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە پیشەی مامۆستایەتی کە بەڕێژەی (17٪) دێت، قوتابی بە ڕێژەی (3.75٪)، خانەنشین (3.5٪) نموونەکە پێکدێنێت، ئەندازیارەکان بەڕێژەی (2.25%)، پیشەی پزیشکی بە ڕێژەی (1.75٪)، پیشەی پارێزەری بە ڕێژەی (1.25%) هاتووە. مامۆستای زانکۆش بە ڕێژەی (1.0%) هەموویان لە ڕەگەزی نێرن و نزمترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنێت.

## 4- پلەی خوێندەواری

پلەی خوێندەواری یاخود ئاستی ڕۆشنبیری بە تایبەتمەندییەکی هەرە گرنگی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئەژمار دەکرێت، لەبەرئەوەی ئاستی خوێندەواری بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە دیاریکردنی پێگەی ژن،

خشتەی (5)

پلەی خوێندەواری ئەندامانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| پلەی خوێندەواری | ڕەگەز | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| نەخوێندەوار | 41 | 22 | 63 | 15.8 |
| دەزانێ بخوێنێ و بنوسێ | 24 | 11 | 35 | 8.8 |
| سەرەتایی | 20 | 18 | 38 | 9.5 |
| ناوەندی | 27 | 28 | 55 | 13.8 |
| ئامادەیی | 16 | 33 | 49 | 12.3 |
| دبلۆم | 34 | 31 | 65 | 16.3 |
| بەکالۆریۆس | 33 | 48 | 81 | 20.3 |
| خوێندنی باڵا | 5 | 9 | 14 | 3.5 |
| کۆی گشتی | 200 | 200 | 400 | %100 |

زانیارییەکانی خشتەی (5) دەریدەخەن کە ڕێژەی نەخوێندەواری (15.8٪)، ڕێژەی ئەوانەی بە تەنها دەزانن بخوێننەوەو بنووسن (8.8٪)، بڕوانامەی سەرەتایی بە ڕێژەی (9.5٪)، بڕوانامەی ناوەندی ڕێژەی (13.8٪) ی نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت، لە (12.3٪) ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین, هەروەها ئەو تاکانەی خاوەنی بڕوانامەی

دبلۆمن بە ڕێژەی (16.3٪)، زۆرترینی لێتوێژراوان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، بە ڕێژەی (20.3٪)، بەڵام خوێندنی باڵا نزمترین ڕێژەی بەرکەوتووە، واتا ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی باڵان وەك، ماستەر و دکتۆرا ڕێژەی (3.5٪) نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت، وەك لە خشەتەکەدا دیارە نەخوێندەواری لەنێو ژناندا بەرزترین ڕێژەی هەیە و تا پلەی خوێندەواری لەنموونەی توێژینەوەکەدا بەرزتر بێتەوە ڕێژەی ژنان نزمتر دەبێتەوە.

## 5- باری کۆمەڵایەتی

باری کۆمەڵایەتی گۆڕاوێکی دیکەی نموونەی توێژینەوەکەمانە، بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکە لەسەر خێزانەکانی شاری هەولێر ئەنجام دراوە، بۆیە ئەوانەی ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەن.

**خشتەی (6)**

**باری کۆمەڵایەتی نموونەکە ڕووندەکاتەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خێزاندار | 316 | 79.0 |
| سەڵت | 61 | 15.3 |
| جیابووەوە | 5 | 1.3 |
| تاك مردوو | 18 | 4.5 |
| کۆی گشتی | 400 | %100 |

هەولێرنامەی کتێب

وەك لە خشتەکە دەرکەوتووە ئەوانەی ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە ڕێژەی (79.0٪) پێکدەهێنن، سەڵت بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (15.3٪)، هەروەها ئەو تاکە کەسانەی هاوسەرەکانیان لە ژیاندا نەماون بە ڕێژەی (4.5٪). ئەو کەسانەی کە لە هاوسەرەکانیان جیابونەتەوە نزمترین ڕێژەیان بەرکەوتووە کە (1.3٪) ە.

## 6- باری ئابووری

ئاستی ئابووری خێزان بە گۆڕاوێکی سەرەکی دادەنرێت، لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگی پێدەدرێت، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی لەسەر خێزان ئەنجام دەدرێن. لەبەر ئەوەی باری ئابووری بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی خێزان و ئەندامانی خێزان، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە دیاردەی چینایەتی تیایاندا باوە.

خشتەی (7)

باری ئابووری نموونەکە شیدەکاتەوە

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | 118 | 29.5 |
| ناوەند | 178 | 44.5 |
| خراپ | 104 | 26.0 |
| کۆی گشتی | 400 | %100.0 |

زانیارییە وەدەستهاتووەکانی خشتەی (7) دەریدەخەن بەرزترین ڕێژەی باری ئابووری خێزانەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی مامناوەندە، بە ڕێژەی (44.5٪). بەپلەی دووەم ئەو خێزانانە دێن کە باری ئابوورییان باشە بە ڕێژەی (29.5٪). خێزانە هەژارەکانیش بە ڕێژەی (26.0٪) هاتووە.

## 7-شوێنی نیشتەجێبوون

شوێنی نیشتەجێبوون پەیوەندییەکی زۆری بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان و خێزانەکانەوە هەیە، بەهۆی بوونی وردە کولتووری جیاواز لە گەڕەکان. بەتایبەتی گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان و مامناوەندەکان جیاوازیان لەگەڵ گەڕەکە هەژار نشینەکان هەیە.

خشتەی (8)

شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | % |
|---|---|---|
| گەڕەکی هەژار | 150 | 37.5 |
| گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 37.5 |
| گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 25.0 |
| کۆی گشتی | 400 | %100 |

لە خشتەی (8) دەرکەوتووە، ڕێژەی (37.5٪) ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دانیشتووی گەڕەکە هەژارەکانی ناو شارن، هەروەها دانیشتوانی گەڕەکە مامناوەندەکانیش لە نموونەی توێژینەوەکەماندا،ڕێژەی(37.5٪)بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکان نیشتەجێن، بە ڕێژەی (25.0٪).

## دووەم/ شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە:

لەم باسەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکان دەخەینە ڕوو، پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەو ئەنجامانە دەکەین بە پشت بەستن بە توێژینەوە هاوشێوەکان و ڕێبازەکانی فێمینیزمی کە لە بەشی دووەم ئاماژەی پێکراوە.

### 1- پەیوەندی پێگەی ژن بە تەوەرەکانی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی تەندورست پەیوەندی بە خێزانی تەندورستەوە هەیە، خێزانیش ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی تاکی تەندورستدا دەگێڕێت، یەکێك لەو تاکە کەسانە ڕەگەزی مێینەیە کە کارەکتەرێکی چالاك و ئەکتیڤە لە بنیادنان و ڕێکخستنی خێزاندا. پلەو پایەی ژن لەناو خێزاندا کاریگەری بەرچاوی لە دروستی و ئارامی خێزاندا هەیە، بەرزی پێگەی ژنیش پەیوەندی بە چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە یاخود چەن گۆڕاوێکەوە هەیە کە بێگومان لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. بە نموونە، تەمەن بەتایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە گۆڕاوێکی گرنگ دادەنرێت لە بەرزی پێگەی ژندا، چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا پیر و بەتەمەنەکان دەکرێنە چەق و سەنتەری بڕیارەکان و بە پیرۆز سەیر دەکرێن. یاخود ژنانی بنەماڵەو دایك و خوشك و هاوسەرانی ئاغا و سەرۆك عەشیرەت و پیاو ماقوڵان، پێگەیەکی بەرزتریان لە ژنانی دیکە هەیە. بەپێچەوانەی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و مۆدێرنەکان کە، پێگەی ئافرەت بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ژنەکە، گرنگی پیشەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا، چالاکی لە پیشەکەیدا، ئەو ڕۆڵەی کە لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت، زیرەکی و لێهاتوویی...هتد، دیاریدەکرێت.

ژیانی کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵ پەیوەندییەکی بەهێزی بە پێگەی مرۆڤەوە هەیە، کارکردن و جۆری کارەکەشی بەهەمان شێوە لە دیاریکردنی پلە و پایەکەی ڕۆڵ دەگێڕێت، ئەمانەش پەیوەستن بە ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی خوێندەوارییەکەی. لە لایەکە دیکەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سیاسەت و کارکردن لە بواری سیاسیدا بۆتە ئامرازێکی گرنگ تا لە ڕێگەیەوە مرۆڤ بتوانێت پەرە بە لێهاتوویی و شارەزایی خۆی بدات و بەهۆیەوە ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت و پێگەی خۆی بەرزتر بکاتەوە.

ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە لە گۆشە نیگای ئەم بابەتانەوە بڕوانینە پێگەی ژن و دەستنیشانی بکەین، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ڕووی ئامارییەوە پەیوەندییە نێوخۆییەکانی تەوەرەکان، وە بەگشتی پەیوەندی نێوان تەوەرەکان شیبکەینەوە ، هەریەك لەو تەوەرانەش کاریگەری لەسەر بابەتەکە هەیە و جێگەی گرنگی پێدانن. لە خشتەی (17) و (18) دا، هەردوو جۆری پەیوەندییەکە خراوەتە ڕوو.

خشتەی (9)

پەیوەنییە ناوخۆیەکانی تەوەرەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| | (1) | (2) | (3) | (4) |
|---|---|---|---|---|
| (1) بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری کۆمەڵایەتی | 1 | $0.604^{**}$ | $0.621^{**}$ | $0.410^{**}$ |
| (2) بڕگەی تایبەت بەکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ | $0.604^{**}$ | 1 | $0.564^{**}$ | $0.348^{**}$ |
| (3) بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری سیاسی | $0.621^{**}$ | $0.564^{**}$ | 1 | $0.335^{**}$ |
| (4) بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری خوێندن | $0.410^{**}$ | $0.348^{**}$ | $0.335^{**}$ | 1 |

وەك لە خشتەکە دیارە پەیوەندی نێوان تەوەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ تەوەری کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ بەهاکەی بریتیە لە (0.604)، هەر سەبارەت بە تەوەری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە تەوەری سیاسی، بەهاکەی بریتیە لە (0.621)، وە لەگەڵ تەوەری تایبەت بە خوێندنیش بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (0.410)، پەیوەندی نێوان تەوەری کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ لەگەڵ تەوەری سیاسی و خوێندندا بریتیە لە (0.564) و (0.348). هەروەها پەیوەندی تەوەری سیاسی لەگەڵ تەوەری خوێندندا بریتیە لە (0.335). هەموو بەها دەرهاتووەکانی خشتەی (9) لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە، پەیوەندییەکی بەرز لەنێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکەدا هەیە، بە ئاستی باوەڕی (0.01).

خشتەی (10)

پەیوەندی تەوەرەکان بەکۆی گشتی ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەکان | نرخی پەیوەست | ئاماژە |
|---|---|---|
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری کۆمەڵایەتی | $0.918^{**}$ | ئاماژە دارە |
| بڕگەی تایبەت بەکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ | $0.815^{**}$ | ئاماژە دارە |
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری سیاسی | $0.774^{**}$ | ئاماژە دارە |
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری خوێندن | $0.562^{**}$ | ئاماژە دارە |

وەك لەخشتەکە دەرکەوتووە، نرخی پەیوەستی بڕگەکانی تەوەری کۆمەڵایەتی بریتیە لە (0.918) نرخی پەیوەستی بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ (0.815) یە، بەهای پەیوەستی تەوەرەکانی سیاسی و خوێندنیش بریتین لە (0.774) و (0.526) ئەم ئەنجامانەش ئاماژەن بۆ بوونی پەیوەستێکی بەرزی تەوەرەکان لەسەر ئاستی گشتی توێژینەوە مەیدانییەکە، بە ئاستی باوەڕی (0.01).

## 2- جیاوازی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر

دیاریکردنی پێگەی ژن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەیە، لەبەرئەوەی جیاوازییەکی بەرچاو لە گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر لە رووی ئابووری، خزمەتگوزاری، جۆری خانوو، شێوازی ژیانی خێزانەکان، پەیوەندی کۆمەلأیەتی و کارلێکی کۆمەلأیەتی نێوان خێزانەکان وتاکەکانی دانیشتووی ئەم گەڕەکانە بەدیدەکرێت.

هەریەك لە چینە کۆمەلأیەتییەکانی هەژار و دەوڵەمەند و مامناوەندەکان، وردە کولتووری تایبەت بەخۆیان هەیە، لە بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا بە ناچاری کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتوورەکەوە، بە نموونە، لە گەڕەکە دەولەمەند نشینەکان و مامناوەندەکان ژنان کاتی دەستبەتاڵیان لە کافتریاو شوێنە گشتییەکانی ئەم گەڕەکانە بەسەر دەبەن و پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکانیان لەم جۆرە شوێنانە ئاڵ وگۆڕ دەکەن، بەلأم لە گەڕەکە هەژار نشینەکان ژنان بەزۆری لەبەر دەرگای ماڵەکان کۆدەبنەوەو کاتی دەسبەتاڵیان لە کۆلأنە تەنگ و تەسکەکان و سەردانیکردنی خزم و کەسانیان بەسەردەبەن، هەروەها لەڕووی پۆشینی جل و بەرگەوە ژنانی گەڕەکە هەژارەکان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری داب و نەریت و ئایینەوە، واتا ئەو جۆرە جل و بەرگانە دەپۆشن کە لە ئایینی ئیسلام ڕێگە پێدراوە و لە نێو داب و نەریتی کوردەواریدا بە پەسەند دەزانرێ، بە پێچەوانەی ژنانی دانیشتووی گەڕەکە دەوڵەمەند و مامناوەندەکان کە، جل و بەرگی مۆدێرن دەپۆشن و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتووری ڕۆژئاواوە. سەرەڕای ئەم جیاوازیانەو چەندانی دیکەش کە لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکاندا بەدیدەکرێت، هەر بۆیەپێگەی ژنیش لەهەموو گەڕەکەکاندا وەکو یەك نیە بەڵکو جیاوازی هەیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە توێژینەوە مەیدانییەکە دەستمان کەوتووە، ئەوە دەردەخەن جیاوازی بەدیدەکرێت، بیرو بۆچوونی لێتوێژراوان لەهەموو گەڕەکەکان، لەڕووی تەوەرەکانی کۆمەلأیەتی، کارکردنی ژن، خوێندن، بەشداری ژن لە کاری سیاسیدا، لەیەکەوە دورە. واتا ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوویانداوە لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و...، لەلای خۆیانەوە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی چینی ناوەند و دەوڵەمەندەکان، ئەم گۆڕانانەش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو تێڕوانینی خەڵکەکە بۆ پێگەی ژن دروست کردووە. وەك لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (11)**

**جیاوازی پێگەی ژن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە بە پێی ناوەندە ژمێرەیی گشت پرسیارەکان**

| گەڕەکەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی F* واتا داری |
|---|---|---|---|---|
| گەڕەکی هەژار | 150 | 2.086 | 0.380 | 35.597 واتادارە |
| گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 2.377 | 0.353 | |
| گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 2.426 | 0.336 | |
| کۆ | 400 | 2.280 | 0.389 | |

**زانیارییە وەدەستهاتووەکانی خشتەی (11) ئەوە ڕووندەکاتەوە، ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی لێتوێژراوان لە گەڕەکە هەژار نشینەکان، بریتیە لە (2.086) بە لادانی پێوەری (0.380). بەڵام لە گەڕەکە مامناوەندەکان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامەکان بریتیە لە (2.377) بە لادانی پێوەری (0.353)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی وەڵامەکان لە گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان بریتیە لە (2.426) بە لادانی پێوەری (0.336) بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (35.579) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (3.018) واتا جیاوازییەکی زۆر هەیە، ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن، وەڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەموو گەڕەکەکاندا وەکو یەك نیە، ئەمە بەشێوەیەکی گشتیە لەسەر ئاستی فۆڕمەکە و کۆی گشتی پرسیارەکان، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی هەر یەك لە تەوەرەکانی فۆڕمەکەش، جیاوازی لە وەڵامی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدیدەکرێت. لە خشتەی (12) وەڵامی بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە.**

**خشتەی (12)**

**جیاوازی بڕگەکانی تەوەری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە**

| | | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی F واتا داری |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری کۆمەڵایەتی | گەڕەکی هەژار | 150 | 1.988 | 0.388 | 37.807 واتادارە |
| | گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 2.297 | 0.381 | |
| | گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 2.359 | 0.347 | |
| | کۆ | 400 | 2.197 | 0.409 | |

* F=F-test by (one way ANOVA)

وەك لە خشتەی (12) دیارە، ناوەندی ژمێرەیی بۆ بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری کۆمەڵایەتی لە گەڕەکە هەژارەکان بریتیە لە (1.988) بە لادانی پێوەری (0.388). وە لە گەڕەکە مامناوەندەکان بریتیە لە (2.297) بە لادانی پێوەری (0.381). هەروەها لە گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان بریتیە لە (2.359) بە لادانی پێوەری (0.347). زانیارییەکانی خشتەکە ئاماژە بەوە دەدەن کە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە وەڵامی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، چونکە بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (37.807). گەورەترە لە بەهای خشتەیی (3.018).

تەوەرێکی دیکە لە فۆڕمی توێژینەوەکە تایبەت بوو بە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ، لە خشتەی ژمارە (13) جیاوازی وەڵامەکانی ئەم تەوەرە ڕوونکراوەتەوە،

خشتەی (13)

جیاوازی بڕگەکانی تەوەری کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە

| | | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی F واتا داری |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەی تایبەت بەکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ | گەڕەکی هەژار | 150 | 1.873 | 0.664 | 20.177 واتادارە |
| | گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 2.282 | 0.633 | |
| | گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 2.320 | 0.645 | |
| | کۆ | 400 | 2.138 | 0.678 | |

وەك لە خشتەی (13) دیارە، ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی خێزانەکانی دانیشتووی گەڕەکە هەژارەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ بریتیە لە (1.873) بە لادانی پێوەری (0.664)، هەروەها ناوەندە ژمێرەیی وەڵامەکانی گەڕەکە مامناوەندەکان بریتیە لە (2.282) بە لادانی پێوەری (0.633)، وە ناوەندی ژمێرەیی گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان بریتیە لە (2.320) بە لادانی پێوەری (0.645). بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (20.177) بە بەراورد بە بەهای خشتەیی (3.018). لەم تەوەرەشدا جیاوازییەکی زۆر هەیە بەڵام کەمترە لە تەوەری کۆمەڵایەتی.

لە بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری سیاسیشدا جیاوازی هەیە لە وەڵامەکانی لێتوێژراوان، بەڵام لە جیاوازی هەردوو تەوەرەکەی پێشووتر کەمترە، وەك لە خشتەی ژمارە (14) ڕوون بوەتەوە.

خشتەی (14)

**جیاوازی بڕگەکانی تەوەری سیاسی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە**

| | | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی F واتا داری |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری سیاسی | گەڕەکی هەژار | 150 | 1.797 | 0.581 | 15.451 واتادارە |
| | گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 2.092 | 0.610 | |
| | گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 2.196 | 0.627 | |
| | کۆ | 400 | 2.008 | 0.625 | |

**وەك لە خشتەی (14) دەرکەوتووە، ناوەندی ژمێرەیی بۆ وەڵامەکانی تەوەری سیاسی لە گەڕەکە هەژار نشینەکان بریتیە لە (1.791) بە لادانی پێوەری (0.581)، وە ناوەندی ژمێرەیی بۆ گەڕەکە مامناوەندەکان بریتیە لە (2.092) بە لادانی پێوەری (0.610)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان بریتیە لە (2.196) بە لادانی پێوەری (0.627). بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (15.451) بە بەراورد بە بەهای خشتەیی (3.018).**

**تەوەری کۆتایی لە فۆڕمی توێژینەوەکە تایبەت بوو بە تەوەری خوێندن، زانیارییەکانی ئەم تەوەرە لە خشتەی ژمارە (16) دا ڕوونکراوەتەوە،**

خشتەی (15)

**جیاوازی بڕگەکانی تەوەری خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ڕووندەکاتەوە**

| | | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی F واتا داری |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکانی تایبەت بەتەوەری خوێندن | گەڕەکی هەژار | 150 | 2.770 | 0.462 | 5.367 واتادارە |
| | گەڕەکی مام ناوەند | 150 | 2.890 | 0.246 | |
| | گەڕەکی دەوڵەمەند | 100 | 2.877 | 0.244 | |
| | کۆ | 400 | 2.842 | 0.347 | |

**لەم خشتەیە دەرکەوتووە کە، ناوەندی ژمێرەیی بۆ وەڵامەکانی تەوەری لە گەرەکە هەژار نشینەکان بریتیە لە (2.770) بە لادانی پێوەری (0.462)، وە ناوەندی ژمێرەیی بۆ گەڕەکە مامناوەندەکان بریتیە لە (2.890) بە لادانی پێوەری (0.246)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان بریتیە لە (2.877) بە لادانی پێوەری (0.244). بەهای دەرهاتوو بریتیە لە**

(5.367) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (3.018). لەم تەوەرەدا جیاوازییەکە زۆر لە تەوەرەکانی دیکە کەمترە.

## 3- بەڵگەی جیاوازی پێگەی ژن لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

بەمەبەستی زانینی کاریگەری گۆڕاوەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، تەمەن، پیشە، پلەی خوێندەواری) ،لەسەر پێگەی ژن لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە، بە خستنە ڕووی یەك گریمانەی سفری ($H_0$) کە گریمانەی ئەوە دەکات کە هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان گۆڕاوەکاندا نییە، لە بەرامبەر گریمانەی جێگرەوە ($H_1$) گریمانەی ئەوە دەکات جیاوازی مەعنەوی لە نێوان گۆڕاوەکاندا هەیە.

### ا- خستنە ڕووی بەڵگەی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوی دوانیی وەکو (ڕەگەز) پشتی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بەستووە بۆ دوونموونەی قەبارە لێکچوو. لەخشتەی (16) ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی (16)

ڕوونکردنەوەی جیاوازی بۆچوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەستکردن بەپێگەی ژن بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| تەوەرەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) ی | | ئاستی ئاماری بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی ٪5 | |
| کۆی تەوەرەکان | نێر | 200 | 2.26 | 0.38 | 0.96 | 1.96 | واتادار نیە |
| | مێ | 200 | 2.29 | 0.39 | | | |

لە خشتەی (16) دەردەکەوێ کە بەهای (ت) دەرهێنراو بۆ گۆڕاوی ڕەگەز بچووکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.97) بە ئاستی باوەڕی (0.05) نمرەی ئازادی (398)، جیاوازی نیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بریتیە لە (2.26) و ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بریتیە لە (2.29) جیاوازییەکە ناگاتە ئاستی ئاماری بەڵگەدار. ئەم

ئەنجامەش قبوولی گریمانەی جێگرەوەی ($H_0$) دەکات کە دەڵێت، جیاوازی مەعنەوی نیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

### ب- بەڵگەی جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندەواری:

خشتەی (17)

بەڵگەی جیاوازی لە تەوەرەکانی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندەواری.

| گۆڕاوەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی دوجاکان | بەهای (ف) F دەرهێنراو | بەهای (ف) F خشتەیی ٪5 | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | لە نێوان گروپەکان | 8.49 | 47 | 0.18 | 1.22 | 1.398 | واتادار نیە |
| | لە ناو گروپەکان | 51.89 | 352 | 0.14 | | | |
| | کۆ | 60.38 | 399 | | | | |
| پیشە | لە نێوان گروپەکان | 17.65 | 12 | 1.47 | 13.32 | 1.777 | واتادارە |
| | لە ناو گروپەکان | 42.73 | 387 | 0.11 | | | |
| | کۆ | 60.38 | 399 | | | | |
| پلەی خوێندەواری | لە نێوان گروپەکان | 19.79 | 7 | 2.82 | 27.30 | 2.033 | واتادارە |
| | لە ناو گروپەکان | 40.59 | 392 | 0.10 | | | |
| | کۆ | 60.38 | 399 | | | | |

بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوە سێیانی و چوارینەییەکانی وەکو تەمەن و پیشەو ئاستی خوێندەواری پشتمان بەستوە بە شیکردنەوەی جیاوازی یەکانە (One way ANOVA). خشتەی (17) ئەنجامەکانی شیکردنەوەی جیاوازیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بە پێی گۆڕاوی تەمەن بۆ گشت تەوەرەکان، گریمانەی سفری ($H_0$) قبول دەکات،چونکە ئاماژە بە نەبوونی جیاوازی دەکات، کە تیایدا بەهای (ف) ی درهێنراو بۆ گۆڕاوی تەمەن بریتیە لە (1.22) بچووکترە لە بەهای خشتەیی (1.398) بەئاستی باوەڕی (0.05). بەڵام گۆڕاوی پیشە و پلەی خوێندەواری لە گشت تەوەرەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن. گریمانەی جێگرەوە ($H_1$) قبول دەکات، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوی پیشە و پلەی خوێندەواری کە

تیایدا بەهای (ف) ی دەرهێنراو بۆ گۆڕاوی پیشە بریتیە لە (13.32) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.777) بە ئاستی باوەڕی (0.05). بەهای (ف) دەرهێنراو بۆ گۆڕاوی پلەی خوێندەواری بریتیە لە (27.30) گەورەترە لەبەهای خشتەیی (2.033) بەئاستی باوەڕی (0.05).

## 4- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە پێگەی ژن

ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکە، کە بە چەندین قۆناغی مێژوویی- کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت، لەهەر قۆناغێکیشدا شەقل و سیمای تایبەت بە قۆناغەکە دەردەکەون. لە سالآنی سەدەی ڕابوردوودا، یاساکانی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا دەوری باڵیان هەبوو، کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی لە سایەی پەیوەندییە دەرەبەگییەکان بەڕێوە دەچوو. خێزانەکان نەوەکانیان لەسەر بنەماکانی سیستەمی باوکسالاری پەروەردە دەکرد، ئەم سیستەمە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداری، یاساکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی گۆمەڵگا بەگشتی ڕوودەدات نەك لە ژیانی تاکە کەسێك یاخود کۆمەڵە کەسێك، بگرە ئەو وەرچەرخانەیە کە تەواوی بنیادی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. مەرج نیە هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەمانای پێشکەوتن و بۆ سەرەوە ڕۆیشتن بێت، دەشێ هەندێ جار گۆڕانەکە کۆمەڵگە بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. خۆشبەختانە ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان ڕوویداوە، کۆمەڵگەی کوردی بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر بردووە.

هەولێرنامەی کتێب

خشتەی (18)

پەیوەندی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە پێگەی ژن ڕووندەکاتەوە.

| ژ | بڕگەکانی تەوەری کۆمەڵایەتی | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|
| 1 | ژن دەبێت ماڵدار بێت و پیاویش بژێوی خێزان دابین بکات. | 1.91* |
| 2 | ژن دەبێت زیاتر لەپیاوان ڕێز لە هاوسەرەکانیان بگرن، چونکە پیاوان خەرجی ماڵ دابین دەکەن. | 1.97 |
| 3 | پیاوان نابێت کارەکانی ناوماڵ بکەن چونکە لە ئەستۆی ژنانە. | 1.96 |
| 4 | ئاساییە ژن شۆفێری بکات. | 2.78 |
| 5 | ئاساییە ژن سەفەر بکات بۆ هەر کوێیەك حەزی لێیەتی. | 1.56 |
| 6 | ئاساییە ژن هاوڕێکانی بێنێتەوە ماڵەوە. | 1.81 |
| 7 | ژن دەبێت ژینگەیەکی ئارام بۆ مێردەکەی بڕەخسێنێت، تا بتوانێت لە دەرەوە بە ئارامی کار بکات. | 1.29 |
| 8 | ژن ڕای هەیە لە بڕیاردان. | 2.79 |
| 9 | پیاو بڕیار دەدات لە چ گەڕەکێك نیشتەجێبن. | 2.42 |
| 10 | گۆڕینی خانوو بە ڕای پیاو دەبێت. | 2.48 |
| 11 | کڕینی کەل و پەلی ناوماڵ بەڕای پیاو دەبێت. | 2.88 |
| 12 | هەر کاتێك ژن پێویستی بێت دەتوانێت بچێت بۆ بازاڕ، بێ ئەوەی مەرج بێت پرس بەپیاو بکات. | 1.87 |
| 13 | ژن بەپێی یاساو شەرع میرات وەردەگرێت. | 2.78 |
| 14 | کێشە نیە کە تەنها منداڵی کچتان ببێت. | 2.76 |
| 15 | هەست دەکەیت ئەو بڕوایە بۆ خەڵك دروستبووە کە، ژنیش وەکو پیاو دەتوانێت ئەرکە جیاوازەکان ڕاپەڕێنێت. | 2.49 |
| 16 | ژن بڕیار دەدات چ جۆرە جل و بەرگێك بپۆشێت. | 1.94 |
| 17 | ڕەزامەندی کچ و کوڕ بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر مەرجێکی سەرەکییە | 2.55 |
| 18 | پیاو هاوکاری ژنە لە چاودێریکردنی منداڵ لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە | 2.07 |
| 19 | دایك زیاتر باڵا دەستە. | 1.35 |
| | کۆی گشتی | 2.19 |

* جێگەی ئاماژە بۆکردنە پرسیارەکان وەڵامەکانیان سیانین بۆیە ناوەندی سەنگکراو بۆیان بەو شێوەیە دەبێت (3–2.34) گرنگی هەیە. (2.33–1.67) ئاستی ناوەندە. (1–1.66) گرنگی نیە. لە پرسیارە نێگەتیڤەکان پێچەوانە دەبێتەوە.

هەر لە کۆنەوەو لەناو خێزانەکانی کوردەواریدا هەمیشە ماڵداری بە پیشەیەکی سەرەکی ژنان دانراوە، ماڵداریش بە دوو مانا لێکدراوەتەوە، یەکەمیان بەو مانایەی کە دەبێت ژن دەست بە خەرجی ماڵەوە بگرێت و ئەو پارەیەی لەلایەن مێردەکەیەوە بۆ بژێوی خێزانەکە پەیدا دەکرێت، تەنها بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی خێزان سەرف بکرێت، ئەوەی پەیوەندی بە پێداویستییە لاوەکییەکان یاخود پێداویستی تایبەتی ئافرەتەکەوە هەیە فەرامۆش بکرێت و گرنگی پێنەدرێت.دووەمیان بەو مانایە دێت، پێویستە ژن ئیش و کارەکانی ماڵەوە بە باشی ئەنجام بدات و خزمەتی ماڵ و مێرد و منداڵەکانی بکات، زۆر لە ماڵ نەچێتە دەرەوە و تا مێردەکەی لە دەرەوە دەگەڕێتەوە ئەو هەموو کارەکانی ماڵەوەی ڕاپەڕاندبێت. ئەم تێڕوانینە بۆ ژن لە زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکاندا بەم شێوەیە بوو. لە ئێستاشدا ئەم بیرو بۆچوونانە تاڕادەیەك گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەمەش لە وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە بڕگەی تایبەت بەم بابەتە دەرکەوتووە، کە بەهاکەی بریتیە لە (1.91).

یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی خێزان، بریتیە لە ئەرکی ئابووری، واتا بەڕێوەبردنی ماڵ و دابینکردنی خەرجی ماڵ. ئەم ئەرکەش لەناو خێزانەکاندا بە پیاوان سپێردرابوو، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ژن نەیتوانیوە ئەم ئەرکە جێبەجیٚ بکات، بەڵکو کارەکان لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتیدا بەوشێوەیە دابەشکرابوون، پیاوان کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەکان بوون، لەبەرامبەردا ژنان پاسیڤ و بیٚ کاریگەربوون، تەنها کارەکانی ناو ماڵیان ڕادەپەڕاند. هەر لەبەر ئەوە بوو دەبوو ژنەکان زۆر ڕێز لە هاوسەرەکانیان بگرن، بیٚ ئەوەی گرنگی بەوە بدرێت کە دەبێت پیاویش بەهەمان شێوە ڕێزی هاوسەرەکەی بگرێت. لەو بڕگەیەی کە تایبەتە بەوەی دەبێت ژن زیاتر لە پیاوان ڕێز لە هاوسەرەکانیان بگرن، چونکە پیاوان خەرجی ماڵ دابین دەکەن، هێزی بڕگەکە بریتیە لە (1.97) هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە نابێت پیاوان ئیشی ناو ماڵ بکەن چونکە لە ئەستۆی ژنانە، بەهای دەرهاتوو بریتیە لە (1.96)، واتا ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی پێیان وایە ژن کارەکانی ماڵەوە و پیاویش کارەکانی دەرەوە ئەنجام بدەن، بەهەمان شێوە لەناو خێزانەکاندا گۆڕانیان بەسەر داهاتووە و ژنیش دەتوانێت لە دەرەوەی ماڵ کاربکات و بەشداری لە دابینکردنی داهاتی خێزاندا بکات، ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ یەکێك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (سعد یاسین عباس الحیالی) کە پێی وایە بە پیشەسازیبوون کاریگەری لەسەر پێگەی ژن هەیە و وایکردووە ژنیش بتوانێت لە دەرەوە کار بکات و لە بەرامبەریشدا پیاوەکان لە کاری ماڵەوەو پەروەردەکردنی منداڵدا یارمەتی هاوسەرەکانیان بدەن.

هەر لە چواچێوەی تەوەری کۆمەڵایەتیدا و لە بڕگەی تایبەت بەوەی کە ئاساییە ژن شوفێری بکات لە بەهاکەی زۆر بەرزە بریتیە لە (2.78)، لەناو زۆربەی زۆری خێزانەکاندا ئاسایی بوو ژنەکان ئوتومبێلی تایبەتی خۆیان هەبێت و بۆ هاتوچۆی ڕۆژانەیان بەکاریبێنن. ئەگەر بۆ ڕابووردوویەکی نزیکی کۆمەڵگەکەمان بگەڕێینەوە، بە تاك و تەرا ئوتۆمبێلێکمان دەدیت کە شۆفێرەکەی ژن بێت. بێگومان ئەمەش هۆکاری زۆری هەبوو، لەوانە خراپی باری ئابووری خەڵك، کەمی کارکردنی ژنان لە دەرەوە، داب و نەریتەکان و تێڕوانینە ئایینییەکان، ئەمانە هەموویان وایان کردبوو شۆفێریکردنی ژنان بە کولتووری ئێمە نامۆ بێت، بەڵام لە ئێستادا زۆر ئاساییە ژن ئوتومبێل لێخوڕێت و بۆتە بەشێك لە کولتووری گەلەکەمان.

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیادا ڕوویانداوەو لەلای خۆیانەوە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ژیانی ئافرەتدا هەبووە و تا ڕادەیەك تێڕوانینی پیاو و خودی ژنیشی بەرامبەر بەخۆی گۆڕیوە، لە چوارچێوەیدا هەندێ لە مافەکانی ژن بەرجەستە بووە، بەڵام لە هەندێ لایەنی دیکەوە هێشتا ئافرەتان لە چەندین ماف بێبەشن وەك، سەفەر کردن. لەو پرسیارەی کە ئاساییە ژن سەفەر بکات بۆ هەر کوێیەك حەزی لێیەتی.کە مەبەست لێی سەفەر کردنە لە ناوەخۆ و بۆ دەرەوەی وڵات. هێزەکەی بریتیە لە (1.56) ئەو ئەنجامەش لە ڕووی ئامارییەوە گرنگی نیە. ئەمە بەتەنها پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە نیە بەڵکو لەلایەنی یاساییشەوە دانی پێدا نەنراوە، لە ڕووی یاساییەوە ژن ناتوانێت بە تەنها بێ ڕەزامەندی باوك، برا و مێرد، سەفەری دەرەوەی وڵات بکات. هەروەها لەو پرسیارەی کە دەڵێت ئاساییە ژن هاوڕێکانی بێنێتەوە ماڵەوە. هێزەکەی بریتیە لە (1.81).

دروستکردنی کەش و هەوایەکی ئارام لە ناو خێزاندا یەکێکی دیکەیە لەو ئەرکانەی لەسەر شانی ژنان بوو، دەبوایە ژنان لە ماڵەوە بە شێوەیەك خزمەتی پیاوەکان بکەن، ببێتە جێی ڕەزامەندییان. بۆ ئەوەی بتوانن ئیش و کاری دەرەوەیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامدەن، کە گەڕانەوە ماڵەوە، لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئارامییەکی تەواو بکەن. بەڵام ئێستا ڕوانگاکان بۆ ئەم بابەتە گۆڕاون، ژنیش ناتوانێت بەتەنها ئەو ژینگە ئارامە دروست بکات، ئەویش سەرقاڵی ئیش و کاری خۆیەتی، ئەویش بەشدارە لە دروستکردن و دابینکردنی پێداویستییە خێزانییەکان، بۆیە لە ئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکە دەرکەوتووە کە بەهاکەی بریتیە لە (1.29).

ژن دەتوانێت بەشداری لە بڕیاردانی خێزانیدا بکات، لەلایەن لێتوێژراوانەوە بە کێشی (2.79) خەملێنراوە. پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ دروستی خێزان و ئاڵ و گۆڕ کردنی بیر و ڕاکان، بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشە خێزانییەکان و دەستەبەر کردنی ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی خێزان. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و

کولتوورییانەی ڕوویانداوە، بۆتە هۆی ئەوەی ئاستی هۆشیاری هاوسەرەکانیش بەرزتر بێتەوەو ژنیش هەست بە کەسێتی خۆی بکات و وەك کەسێکی کاراتر دەرکەوێت لە بڕیاردان و پێگەیەکی پتەوتر لە خێزاندا بە دەست بێنێت. ئەمەش دەسەڵاتی لەدەستی پیاوان کەمتر کردوەتەوە و لە ئەنجامدا ناتوانێت بەتەنها و یەك لایەنە بڕیار لەسەر پێداویستییە خێزانییەکان بدات، بەڵکو بە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ ژندا ئەم کارانە جێبەجێدەکات. بە نموونە، لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان بە کێشی (2.42) هاتووە، هەروەها لە گۆڕینی خانوودا بە کێشی (2.48) و لە کڕینی کەل و پەلەکانی ناو ماڵیش بە کێشی (2.88) ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم ئەنجامانەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (تەلار ئەحمەد مستەفا) کە لەسەر خێزانەکانی شاری سلێمانی ئەنجامی داوە، وە توێژینەوەکەی (نصرت اله علیرضایی) کە لە شاری تاران ئەنجامی داوە یەکدەگرێتەوە. کە پێیان وایە ژن دەتوانێت بەشداری لە بڕیاردان بکات لەناو خێزاندا. لەگەڵ ئەمەشدا ژن ناتوانێت زۆر بە ئازادی بڕیار لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی خێزانیدا بدات، بەتایبەتی هەندێ بابەتی تایبەت بە خۆی بۆ نموونە، سەفەر کردن هەروەك لە بڕگەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێدا، وە چوونە دەرەوەی لە ماڵەوە بەمەبەستی بازاڕکردن، کە بەبێ ڕاوێژکردن بە پیاوەکانی ماڵەوە بۆی ناکرێت. لە توێژینەوە مەیدانییەکە دەرکەوتووە، بە کێشی (1.87) ئەمەش بەهۆی ئەوەیە هێشتا سیستمی باوکسالاری لەناو خێزانەکاندا پەیڕەو دەکرێت، بە تایبەتی لە گەڕەکە هەژار نشینەکان، سروشتی ئەم سیستەمەش بەشێوەی هەرەمییە و دەسەڵات و فەرمانەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاراستە دەکرێن، باوکیش لە لووتکەی هەرەمەکە دایە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە بڕیاردان هەیە، بۆیە ژن ناتوانێت لە زۆر کاتدا ئازاد بێت لە بڕیاردان بەبێ پرس و ڕاوێژ کردن بە پیاوەکانی ماڵەوە. لە لایەکی دیکەوە شێوازی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆن و تەقلیدی بە شێوەیەکە مێیینەکان لێڕاهاتوون بەبێ پرس و ڕاوێژی نێرینەکان نەتوانن هیچ بکەن و بۆ هیچ شوێنێك بڕۆن، بەو پێیەی پیاو عەقڵانی ترە و دروست تر بڕیار دەدەت.

هەموو ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوەن و لە دەرەوەی ماڵ کارناکەن، بۆ سەرچاوەو داهاتی ئابوورییان پشت بە پیاوانی بنەماڵەکەیان دەبەستن، بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستییە تایبەتییەکانیان چاویان لە دەستی ئەوانە، هەر خێزانێکیش بە شێوەیەك داهاتی مێیینەکان دابین دەکات. بەشێوەی مانگانە یاخود ڕۆژانە بڕێك پارە بە ژنەکە دەدرێت بۆ خۆی، یاخود لە هەندێ خێزانی دیکەدا خەرجی مانگانەی هەموو خێزانەکە بە ژنەکە دەدرێت، ئەویش لە میانەیەوە پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی پڕ دەکاتەوە. لە هەندێ خێزانیشدا هیچ بڕە پارەیەك بۆ ژن خەرج ناکرێت، جا بەهۆی نەبوونییەوە بێت یاخود بەهۆی بیرکردنەوەی پیاو سالارانەو دان نەنان بە ماف و جیاوگەکانی ژنان و سەیرکردنیان وەکو بوونەوەری ناتەواو و پلە دوو. لەبەر ئەوەیە زۆر جار

میرات دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەستکەوتنی پارە بۆ ئەو ژنانە، وەرگرتنی میراتیش بە پێی یاسا لە دەستوری عێراقی و کوردستانیش ڕێکخراوە، ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام، لەم ئایینەشدا بەشی ژن بە نیو هێندەی پیاو خەملێندراوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان ئەوە نیە ئەو نیو بەشەی ژن لە ڕوانگەی ئایینەوە شیبکەینەوە، بەڵکو لەنێو خێزانەکانی کوردەواریدا وا باوبوو کاتێك میراتەکە دابەش دەکرا دەبوایە لەکاتی دانیشتنەکە خوشك ئەو نیو بەشەش وەرنەگرێت و ببیدات بە برایەکانی، یاخود لە هەندێك خێزاندا هەر ڕێگە بە ژنەکان نەدەدرا ئامادەی دانیشتنەکە بن، کوڕەکانی بنەماڵە میراتەکەیان لەنێوان خۆیان دابەش دەکرد. ئەمە وەکو نەریتێکی لێهاتبوو ئەگەر یەکێك بەشەکەی خۆی وەرگرتبایە و یان سوربا لەسەر داواکردنی، لەوانەبوو لەگەڵ برایەکانی تووشی کێشە بێت و بۆ هەتاهەتایە پەیوەندییان بپچڕابا. بەکێشی (2.78) هاتووە، ئەم بۆچوون و بیرکردنەوانە گۆڕاون و ئەو نەریتە بەرەو کاڵ بوونەوە چووە، ئێستا ژنەکان بۆیان هەیە ئەو هێندە پارەو سامانەی کە لەدوای مردنی باوکیان بۆیان دەمێنێتەوە بەپێی یاسا و ئایین وەریبگرن.

لەناو خێزانەکانی کوردیدا، هەمیشە هەوڵی زۆری وەچە خستنەوە دراوە، بە تایبەتی منداڵی کوڕ. ئەوەش چەند ئامانجێکی لەپشتەوە بووە وەك، کوڕەکان لە ئیش و کاری دەرەوە یارمەتی باوکیان بدەن و لەگەڵ باوکیان بەشداری بکەن لە دابینکردنی خەرجی ماڵەوە. یاخود بۆ ناو و ناوبانگی بنەماڵە بووە، یان وەك تاکە سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی عەشیرت. بۆیە ئەگەر لە خێزانێکدا تەنها کچیان هەبوایە، پیاوەکە ژنی دووەمی دەهێنا یان سێیەم و زیاتر. بەڵام بەهۆی وەرچەرخانی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجیاو بە پیشەسازی بوونەوە، چیتر خێزان و کۆمەڵگە پێویستی بە هێز و بازووی پیاو نەما بۆ کارکردن، بەهۆیەوە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە کەمتر بوونەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری تەندورستییەوە لە ڕێگەی پشکنینی پزیشکی و چارەسەری گونجاوی بابەتەکە بە شێوەیەکی زانستیانە، توانراوە کۆنترۆڵی ئەم کێشەیە بکرێت، هەر بۆیە لەو پرسیارەی کە دەڵێت کێشە نیە تەنها منداڵی کچتان ببێت، بە کێشی (2.76) هاتووە. هەروەها لەو پرسیارەی کە، ژنیش وەکو پیاو دەتوانێت ئەرکە جیاوازەکان ڕاپەڕێنێت. بە کێشی (2.49) هاتووە.

کورد بەر لە هەزاران ساڵ لەم ناوچەیەی ئێستایدا ژیاوەو خاوەنی کولتوور و نەریت و ئایینی تایبەت بە خۆی بووە، بەهۆیانەوە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی بە هەردوو لایەنی مادی و مەعنەوییەوە ڕێکخراوەو کۆنترۆڵ کراوە. دواتر وەکو پرۆسەیەکی ئاسایی هەموو کۆمەڵگەکان، تێکەڵاوی شارستانیەتەکانی دیکەی دەوروبەری بووەو بەهۆیەوە ڕەگەز و توخمی کولتووری

گەلانی دەورووبەری وەرگرتووە، هەروەکو ڕەگەز و توخمی کولتووری کوردیش تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو گەلانە بووە. بەم دواییانەش بەهۆی ئاسانتر بوونی گواستنەوەو گەیاندن و کەمبوونەوەی بەربەستەکانی گەیشتن بە ڕۆژئاواو وولاتانی دوورەوە توخمەکانی کولتووری مادی لە ڕۆژئاواوە خێراتر دێنە ناو کولتوورەکەمانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە کوردستاندا ئایین هێشتا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەق و بەهێز پەیڕەو و پرۆگرامەکانی بەسەر خەڵکی کوردستان پراکتیزە دەبێت. بۆیە جۆرە تێکەڵاوییەك لە شێوازی پۆشینی جل و بەرگی ئافرەتانی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی بەدیدەکرێت، لەو پرسیارەش کە ژن خۆی بڕیار لەسەر پۆشینی جل و بەرگی خۆی دەدات، بە کێشی (1.94) هاتووە، کەواتە ژنان تا ڕادەیەك بە ئارەزووی خۆیان جل و بەرگ دەپۆشن، جۆرا و جۆری جلەکانیش بۆ ئەو فاکتەرانە دەگەڕێتەوە کە باسکران، شێوازی پەروەردەو پێگەیاندنی خێزانیش دەورێکی گرنگی لەچۆنیەتی بیر کردنەوەی تاکدا هەیە، زۆربەی خێزانەکانیش بەگوێرەی بنەماکانی ئایینی ئیسلام کچەکانیان پەروەردە دەکەن، بۆیە ئافرەتەکان نە دەتوانن بەشێوازی ڕۆژئاوایی تەواو و نە بەشێوازی ئیسلامی تەواو دەرکەون.

بنەمای دروستبوونی خێزان لە ژن و پیاوەوە دەست پێدەکات، ئەم دوو ڕەگەزە بە هاوبەشی بۆ بنیاد نانی خێزانێکی تەندورست و ڕێکوپێك یەك لە یەکتر گرنگتر و پڕ بایەخترن. بۆ بناغە دانانی خێزانێکی کارا و ئەکتیڤ هەڵبژاردنی کچ و کوڕ بۆ یەکتری بەپێی کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش کە بە ڕەزامەندی کوڕ و کچ و ڕادەی لێك نزیکی و لەیەکتر گەیشتن دەبێت. ئەمانە بە هەنگاوەکانی سەرەتا دادەنرێن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا، بۆ ئەوەی دروستبوونی خێزانەکە لەسەر بناغەیەکی توند و تۆڵ بێت و هەڵەی تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر هاوسەرەکان لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵنەبژێردرێن لەوانەیە هەر لەسەرەتادا تووشی کۆمەڵێك کێشە ببن و لەدوایدا چارەسەر کردنیان کارێکی زەحمەت بێت، ئەمەش کاردانەوە لەسەر پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەکان دروست دەکات. جاران داب و نەریتەکان لە کۆمەڵگەدا ڕێگر بوون لەبەردەم تاکدا بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر بەشێوەیەکی ئازاد و بە ڕەزامەندی خۆی، بەتایبەتی کچ ئەم ئازادییەی زۆر کەم بوو. باوك بەتەنها بڕیاری لەسەر هاوسەرگیری منداڵەکانی دەدا و کەس بۆی نەبوو دەست بخاتە کاروباریەوە. بەڵام ئەم داب و نەریتانە بەرەو لەناوچوونن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ڕەزامەندی کچ و کوڕ بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت لە هەڵبژاردنی یەکتریدا، ئەمەش دوای ئەو وەرچەرخانە دێت کە بەسەر کۆمەڵگە داهاتووە و لە ئەنجامدا ئاستی هۆشیاری خەڵك سەبارەت بەم مەسەلانە بەرز بووەتەوە. لەو پرسیارەی ڕەزامەندی کچ و کوڕ بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر مەرجێکی سەرەکیە، بە کێشی (2.55) هاتووە.

یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی خێزان وەچە خستنەوە و دروستکردنی نەوەی نوێیە، پەروەردەو چاودێریکردنی ئەم نەوەیە تازەیەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دایکەکەیە، ئەمەش بۆ زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوکەکەش ڕۆڵی خۆی لەم پرۆسەیەدا هەیە، چونکە دایك بەتەنها ناتوانێت ئەم ئەرکە بە تێر و تەسەلی جێبەجێ بکات. بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندورست پێویستە دایك و باوك بەیەکەوە بەشداری لەم ئەرکەدا بکەن. بەڵام لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکان بە کۆمەڵگەی خۆشمانەوە، هاوکاری کردنی پیاوان بۆ هاوسەرەکانیان لە بەخێوکردنی منداڵ، بە کارێکی نەشیاو سەیر دەکرا و باو نەبوو. لە پرسیارەی پیاو هاوکاری ژنە لە چاودێریکردنی منداڵ لەسەرەتای لە دایکبوونییەوە، بە کێشی (2.07) هاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە تاڕادەیەك تێڕوانینەکان بۆ ئەم بابەتە گۆڕاون.

ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی ڕوویانداوە، وە بەتایبەتی لەناو خێزانەکان کە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك و ڕەوشی ژناندا هەبووە، لە ئەنجامیدا ژنان پلەو پایەیان لەناو خێزاندا بەرزتر بۆتەوەو هەندێك لە مافەکانیان بەرجەستە بووە، بەڵام لە زۆربەی خێزانەکاندا هێشتا پیاو باڵا دەستە. لەو پرسیارەی لە خێزاندا دایك زیاتر باڵا دەستە بە کێشی (1.35) هاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵگەی کوردی ڕوویانداوە بە تایبەتی لە خێزانەکان، کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ژنان داناوە، لە ئەنجامدا پلەو پایەی ژن لەناو خێزان لە جاران بەرزتر بۆتەوە، بەناوەندی ژمێرەیی (2.19) و لادانی پێوەری (0.409).

## 5- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وکارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ

کارکردنی ژن لە کوردستاندا مێژوویەکی دورودرێژی نیە و لە چەند ساڵێکی کەم تێپەڕ ناکات. ئەگەرچی ژنی کورد هەمیشە ماندوو بووە و لە لادێکاندا لەگەڵ پیاواندا بەشداری لە کاری کێڵگەدا کردووە. بەڵام ئیش کردن بەو مانایەی کە لە بەرامبەردا حەقدەستێك وەربگرێت و لە کارگەیەك یان دەزگایەکی فەرمی بێت، زۆر کەمبووە. بێگومان ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە لەوانە، داب و نەریتەکان، سیستمی پیاو سالاری، نەخوێندنی ژنان، کەمی پێداویستییەکان بەهۆی کەمی بەرهەمەوە، زۆری ژمارەی منداڵ، پەیوەست بوونی ژنان بە ماڵەوە. بەڵام بەهۆی نەمان و کەمبوونەوەی ئەم هۆکارانە، کە لە ئەنجامی گۆڕانی پێکهاتەو بنیادی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی هاتە کایەوە. پێویستی بەوەکرد ئافرەت لەدەرەوە کار بکات. هەر بۆیە لە دید و بیری خەڵکیشەوە بووە شتێکی ئاسایی. ئەنجامەکانی تایبەت بەم تەوەرە لەخشتەی (19) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (19)

پەیوەندی پێگەی ژن بە کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ ڕووندەکاتەوە.

| ژ | بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|
| 1 | لەخێزانی ئێوەدا بەباش دەزانرێت ژن کارێك بکات لەدەرەوەی ماڵ. | 2.34 |
| 2 | لەخێزانی ئێوەدا ژن دەبێت کارێك لەدەرەوە بکات هەتا ئەگەر پێویستیشی بە پارە نەبێت. | 2.13 |
| 3 | لەخێزانی ئێوەدا ژن دەبێت کاربکات ئەگەر منداڵی بچووکیشی هەبێت. | 1.72 |
| 4 | لەخێزانی ئێوەداپیاو دەبێت یارمەتی ژن بدات تا بتوانێت کاتەکانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ کارەکانی دەرەوەو ماڵەوەی. | 2.10 |
| 5 | لەخێزانی ئێوەدا ژن خۆی بڕیار دەدات کار بکات لە دەزگایەکی حکومی یان ئەهلی. | 1.83 |
| 6 | لەخێزانی ئێوەدا ژن تەنها لە هەلومەرجە ناچارییەکاندا وەکو، خراپی ڕەوشی ئابوری، نەبوونی منداڵ، پەککەوتوویی مێرد دەبێت لەدەرەوە کار بکات | 2.28 |
| 7 | لەخێزانی ئێوەدا ژن خۆی بڕیار دەدات چ لەو پارەیە دەکات کە بەدەستی دەکەوێت | 2.55 |
| | کۆی گشتی | 2.13 |

ئەنجامی وەدەستهاتوو لەو پرسیارەی کە دەڵێت بەباش دەزانرێت ژن کارێك بکات لەدەرەوەی ماڵ. بە کێشی (2.34) هاتووە.

دوای ئەوەی ئافرەتان لەو ماڵەی کە وەکو زیندانییەك ژیانیان تیادا بەسەر دەبرد، هاتنە دەرەوەو لە ناوەندە جیاجیاکاندا دەستیان بە کارکردن کرد، لەسەرەتادا زۆرێك لە خێزانەکان لەو باوەڕە دابوون کە پێویستییان بە داهاتی ژنەکانیان نیە و پێویست ناکات کاربکەن. بەڵام ئەم بۆچوونەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، لەم پرسیارەشدا کە دەڵێت، ژن دەبێت کارێك بکات ئەگەر پێویستیشی بە پارە نەبێت. بەکێشی (2.13) هاتووە.

هەروەها لەو پرسیارەی ژن دەبێ کار بکات ئەگەر منداڵی بچووکیشی هەبێت. بە کێشی (1.72) هاتووە، واتا ئێستا ئەرکی پێگەیاندنی منداڵ بەتەنیا لە ئەستۆی دایکەکە نیە، بەڵکو دایەنگە و باخچەی ساوایانیش بەشداری لەم پڕۆسەیەدا دەکەن، ئەمەش وایکردووە دایەنگەو باخچەی زیاتر لەلایەن خەڵك و حکومەت بکرێنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆی ئەوەی پیاوانیش لە ماڵەوە یارمەتی هاوسەرەکانیان بدەن. ئەوەش لە ئەنجامی ئەو پرسیارە بە کێشی (2.10) هاتووە. کەواتە دابەشکردنی کار شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، ئەو شێوە تەقلیدی و

باوەی جاران، ژن ئیشیماڵەوە و پیاویش ئیشی دەرەوە بکات، نەماوە. بەمەش ژن دەتوانێت ڕۆڵی زیاتر و باشتر بگێڕێت و پێگەی بەرزتر بێتەوە لەناو خێزان بە تایبەتی و لە کۆمەڵگەدا بە گشتی. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (فریال بهجت عزیز) و توێژینەوەکەی (سعد یاسین عباس الحیالی) یەکدەگرێتەوە کە پێیان وایە کارکردنی ئافرەت دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پێگەکەی و دەبێتە هۆی ئەوەی ژنیش بەشداری لە پەیدا کردنی خەرجی خێزاندا بکات و پیاوانیش لە کارەکانی ماڵەوە هاوکاری هاوسەرەکانیان بدەن، بەمەش دیدی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە ژنان ئیجابی تر دەبێت.

کارکردنیش هەمیشە لە کەرتی گشتی یان لە کەرتی تایبەتی دەبێت، کەرتی گشتی هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت دەگرێتەوە، بەڵام کەرتی تایبەتی پێکهاتووە لە، کۆمپانیاکان و هەموو ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە کە لەلایەن سەرمایەدارانەوە دامەزراون و سەرپەرشتی دەکرێن. ئەوەی تێبینی کرابوو ژنان زیاتر لە دەزگا حکومیەکان کاریان دەکرد، لەبەر ئەوەی بوونی کەرتی تایبەت لە کوردستان مێژووەکی کورتی هەیە، هەروەها کارکردنی ژنیش بە هەمان شێوە، ئەو بڕگەیەش بە کێشی (1.83) لە لایەن خێزانەکان خەمڵێنراوە. هەروەها لەو پرسیارەی کە دەڵێت، ژن تەنها لە هەلومەرجە ناچارییەکاندا وەکو، خراپی ڕەوشی ئابوری، نەبوونی منداڵ، پەککەوتوویی مێرد دەبێت لەدەرەوە کار بکات. بە کێشی (2.28) هاتووە.

## 6- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشداری ژن لە کاری سیاسی

سیاسەت بە فاکتەرێکی هەرە گرنگ دادەنرێت لە بەرز بوونەوەی پێگەی تاك و خێزاندا، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی بە دەست کێشەی نەتەوەییەوە دەناڵێنن و بابەتی نەتەوەو دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە مەسەلە گرنگەکانن. چونکە لەم کۆمەڵگەیانەدا کاری سیاسی گرنگی زۆری بۆ ژیانی خەڵك هەیە، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان. کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست کێشەی نەتەوەو نەبوونی دەوڵەتی قەومی دەناڵێنێ، سیاسەت ڕەنگە وێستگەیەکی ئەکتیڤ و گرنگ بێت بۆ ئەوەی لە میانەیەوە گۆڕانکاری دروست بکەی، بارودۆخی ژنانیش پێویستی بە گۆڕانکاری و سەر لەنوێ بنیاد نانەوەیە، پێویستە ژن خۆی بگۆڕی و تێڕوانینی ئەوانی دیکەش بەرامبەر بەخۆی بگۆڕێت. ئەمەش پێویستی بە بەشداریکردنێکی چەندایەتی و چۆنایەتی دەبێت بۆ سیاسەت..بۆیە تەوەرێکمان تایبەت کرد بە تەوەری سیاسی و بڕگەکانیش لە پێنج پرسیار پێکهاتووە و لە خشتەی (21) شیکراونەتەوە.

خشتەی (20)

بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسیدا ڕوونده‌کاتەوە.

| ژ | بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری سیاسی | ناوەندی سەنگکراو |
| --- | --- | --- |
| 1 | لەخێزانی ئێوەدا ئاساییە ژن لە بۆنە جیاوازەکان و ئاهەنگە گشتییەکان ئامادە بێت | 1.95 |
| 2 | لەخێزانی ئێوەدا زۆر ئاساییە ژن ئەندام بێت لە ڕێکخراوێکی پیشەیی یان سیاسی. | 1.59 |
| 3 | لەخێزانی ئێوەدا پیاو ڕای خۆی ناسەپێنێت کە دەبێت دەنگ بەچ لایەنێکی سیاسی یان کاندیدێك بدرێت. | 2.67 |
| 4 | لەخێزانی ئێوەدا ئاساییە ژن خۆی کاندید بکات بۆ پۆستێکی حکومی. | 1.94 |
| 5 | لەخێزانی ئێوەدا نابێت ژن بچێتە بواری سیاسەتەوە، چونکە لەهەڵسوڕاندنی کاری سیاسی سەرکەوتوو نابێت. | 1.88 |
| | کۆی گشتی | 2.00 |

نزیکەی سەدەیەکە کورد لە خەباتێکی سیاسی بێ وچاندایە، بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سیاسیە. بەهۆی ئەمەوە چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون، هەر لەبەر ئەمەشە بۆنەو ئاهەنگی سیاسی و نەتەوەی لە کوردستان زۆر ئەنجامدەدرێن، بەشداریکردنی ژن لەم ئاهەنگ و بۆنە گشتیانەدا بە مافێکی سەرەتایی هەژمار دەکرێت. ئەم پرسیارە بە کێشی (1.95) هاتووە.

جیهانی نوێ، جیهانێکی دیموکراسییە، سیستەمێکی نموونەییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو دەزگاکانی دەوڵەت، سیستەمی نوێنەرایەتی و ڕاوێژە. لەم سیستەمەشدا دەبێت هەمووان بکەر و کاریگەر بن و لە ئەنجام و دەستکەوتەکانی سوود مەند بن. ئەم سیستەمە سیستەمی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی کردنی خەڵکە لە حکومەت و پەرلەماندا، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك بە ئازادی نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت. لە کوردستانیش ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوە دەچێت و ژنانیش بە ئازادی نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەم برگەیەش بە کێشی (2.67) هاتووە، لەڕووی ئامارییەوە ڕێژەیەکی بەرزە.

لە گۆڕەپانی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەشداریکردنی ژن لە سیاسەتدا زۆر نزمە، ئەگەرچی کوردستان لە پێش و پاش ڕاپەڕیندا ژنان کەم و زۆر هاتوونەتە مەیدانەکەو لە چالاکییەکانی ناو شاردا بەشدارییان کردووە و لە دوای ڕاپەڕینیش هەلی زیاتریان بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاوتر بێنە ناو بوارەکەو کار

بکەن، وە کوردستان لەدوای ڕاپەڕین لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە و پێوەرەکانی کولتووری پیاو سالاری کەمتر پێڕەو دەکرێن، هەروەها ڕێکخراوی پیشەیی و حزبی زۆر دامەزراون بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی بانگەشەی یەکسانی ژن وپیاو دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش ئەندامبوونی ژن لە حزبێك یان ڕێکخراوێك ئاسایی نیە، لە توێژینەوە مەیدانییەکە دەرکەوتووە کە بە کێشی (1.59) هاتووە، ئەم ڕێژەیە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگی نیە. ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (**طاهر حسو میر الزیباری**) کە پێی وایە ئافرەتانی کوردستان بە ڕێژەیەکی کەم بەشداری لە سیاسەتدا دەکەن. ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، ڕەنگە لەهەموویان کاریگەرتر ئەوە بێت کە، کاری سیاسی بۆ ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبووە بە کولتوور، هێشتا پێوەرەکانی سیستەمی پیاوسالاری لەو بوارەدا کاریان پێدەکرێت.

لە نۆڕمەکانی کولتووری پیاوسالاریدا، سیاسەت کارێکی پیاوانەیە و ژن نابێ توخنی ئەو ئەرکانە بکەوێ کە بۆ ئەو دیارینەکراون و لە سنوری چالاکییەکانی ئەودا نین. لەو سیستەمەدا ئەو ئەرکانەی بە ژن سپێردراون، ئەرکی خزمەتگوزارین و خزمەت بەوانی دی دەگەیەنن، وە ئەو ئەرکانەی پەیوەندییان بە سۆز و هەستەکانەوە هەیە و هەموو ئەو ئەرکانەی کە ژن ئاراستەی ناوەوەی ماڵ دەکەن. بەڵام ئەم سیستەمە لە هەر کۆمەڵگەیەك بە ڕادەو پلەی جیاواز پەیڕەو دەکرێت. لە کۆمەڵگەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلە و ڕێژەی بڵندتر پیادە دەکرێت. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا ڕەنگە هەر مەحاڵ بێت ژن بچێتە ناو سیاسەتەوە، چونکە پێیان وایە ژن لە ڕاپەراندنی ئیشو کاری سیاسیدا سەرکەوتوو نەبێت، ئەم پرسیارە بە کێشی (1.88) هاتووە. سیاسەت کارێکی گشتییەو ئەرکێکی بێلایەنە، واتا ژن و پیاو دەتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن، هەردووکیان وەکو یەك لەبەردەم گریمانەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیدا لە پیادە کردنی ئەو ئەرکەدا دەوەستن. ژنان وەکو پیاوان دەتوانن دەتوانن کاری سیاسی بکەن، پیاوانیش وەکو ژنان دەتوانن ئیشی ماڵەوە بکەن، هەموو ئەو ئیش و کارانەی کە لە ماڵەوە و لە دەرەوە ئەنجامدەدرێن، کاری گشتینە و هەردوو ڕەگەزەکە دەتوانن جێبەجێیان بکەن. هەروەها ژن دەتوانێت هەموو پۆستە حکومییەکان وەربگرێت و بەسەر کەوتوویی بەڕێوەی ببات، ئەوەش بەکێشی (1.94) هاتووە.

## 7- پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و خوێندنی ژن

خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستی، دەسکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پلە و پایە و پێگەی باشتر بەدوای خۆیدا دێنێت. مرۆڤ هەر بەتەنها بۆ مەبەستی فێربوون و وەرگرتنی زانست و زانیاری هەوڵی خوێندن نادات، بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامە و وەرگرتنی پسپۆڕیشە لە بوارێك لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوەی

بڕوانامەیەکی دیاریکراوی هەبێت، هەلی کارکردن و دامەزراندن و وەرگرتنی پۆستی زیاتر دەبێت. بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان هەبوونی بڕوانامە زۆر پێویست بووە، بۆ سیستەمی بیرۆکراسی لە دەزگاکانی حکومەتدا بەمەبەستی وەرگرتنی پۆست و بەرز بوونەوەی پلەو پایە. لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕیزبەندی تاکدا هەیە. چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تێکەڵە، لەلایەك پاشماوەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی تیادا ماوە کە ڕیزبەندی تاك لەسەر چەند بنەمایەکی تایبەت بە سیستەمی دەرەبەگایەتییە و لە لایەکی تریشەوە ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییانەی لە دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتی لە پاش ساڵی (2003ز) ی ڕوویانداوە، وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشکەوتنی زیاتر و داهێنانی زیاتر لە دنیای سەرمایەداریدا بێنە کایەوە. بۆیە تادێت مرۆڤ پێویستی بە زانیاری زیاتر و توانای مادی زۆرتر دەبێت، بێگومان ئەمانەش هەمووی بەهۆی خوێندن و لە ڕێگای بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستییەوە دەبێت.

کۆمەڵگە تاکەکانی ئاراستە دەکات و ئاستێکی هۆشیاری و مەعریفییان پێ دەبەخشێت و جۆرێك بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ دروست دەکات کە چ ڕێگایەك هەڵبژێرن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی پێش ڕاپەڕینی (1991ز) ی لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆری نەخوێندەوار هەبوون بەتایبەتی لەنێو ئافرەتاندا. بەهۆی زاڵبوونی مەعریفەیەکی میللی لە کۆمەڵگەدا، کە ئاراستەی تاکەکان بەرەو زانست و خوێندن و فێربوون نەبوو، بە پێچەوانەوە خوێندن و بڕوانامە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو نەك هەر بۆ ژنان بەڵکو بۆ پیاوانیش. سەبارەت بە خوێندنی ژنانیش بارودۆخەکە بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی پیاوسالاری ئەوەندەی تر ئاڵۆز بوو. هەر لەبەر ئەمەش فەرمانبەر و پیاوانی حکوومەت زۆر کەمبوون. خێزانەکان لەسەر بەرهەمی کاری ڕۆژانەیان دەژیان. بەڵام لە دوای ڕاپەڕین بە گشتی و لە دوای (2003ز) ەوە بە تایبەتی، گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە عێراق و کوردستان ڕوویاندا، جۆری پیشەی لە کوردستان گۆڕی. هەلی دامەزراندن و کارکردن لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی بۆ خەڵکی ڕەخسا، ئەمانەش پێویستییان بە ئاستی خوێندەواری بەرز و بڕوانامە هەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان هانی کچ و کوڕەکانیان بدەن بۆ خوێندن.

هەواڵنامەی کێژ

خشتەی (21)

پەیوەندی خوێندن بە پێگەی ژن ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگەکانی تایبەت بە تەوەری خوێندن | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|
| 1 | لەخێزانی ئێوەداپێویستە کچ بخوێنێت وەکو کوڕ. | 2.96 |
| 2 | لەخێزانی ئێوەدا بەباش دەزانرێت کچەکان خوێندن تەواو بکەن. | 2.90 |
| 3 | لەخێزانی ئێوەدا ئەگەر بتوانن منداڵێك بنێرین بۆ قوتابخانەی تایبەت، جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچدا ناکرێت | 2.90 |
| 4 | لەخێزانی ئێوەدا ژنی خوێندەوار ڕاوبۆچونەکانی بەهەند وەردەگیرێن و زیاتر دانی پێدادەنرێت. | 2.63 |
| 5 | زۆر لە پیاوەکان شانازی بەوە دەکەن کاتێك کچەکانیان بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست دێنێت یان پێگەیەکی بەرزی هەبێت. | 2.89 |
| 6 | ئەگەر کچ بەر لەتەواوکردنی خوێندن هاوسەرگیری بکات، واباشترە واز لە خوێندنەکەی بێنێت و خۆی بۆ کاری ماڵەوەو مێردەکەی تەرخان بکات. | 2.69 |
| 7 | کچ پێویستی بەخوێندن نیە، چونکە دواڕۆژی هەر هاوسەرگیرییە. | 2.90 |
| | کۆی گشتی | 2.84 |

لەو پرسیارەی پێویستە کچ بخوێنێت وەکو کوڕ. بە کێشی (2.96) هاتووە، ئەمەش لەڕووی ئامارییەوە بەهایەکی زۆر بەرزە، دەتوانین بڵێین جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا بۆ پرۆسەی خوێندن نەماوە. ئەم بارودۆخەش یارمەتی ژن دەدات کە ڕۆڵی زیاتر لەناو خێزاندا بگێڕێت و کاریگەر تر بێت نەك کارتێکراو، لە ئەنجامدا پێگە و پلە وپایەشی بەرزتر بێتەوە.

جاران هەندێك لە خێزانەکان کە کچەکانیان لەبەر خوێندن دادەنا تەنها بە مەبەستی ئەوەبوو فێری خوێندن و نووسین بن. بەڵام ئێستا کچەکان لە خوێندن بەردەوام دەبن تا دەگەنە قۆناغی زانکۆ و وەرگرتنی بڕوانامە. لەو پرسیارەشدا، بە باش دەزانرێت کچەکان خوێندن تەواو بکەن. بەکێشی (2.90) ئاماژەی بۆ کراوە، واتا کچەکان هەر بە مەبەستی خوێنەواربوون لە خوێندنگاکان دانانرێن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە خوێندنەکە تەواو بکەن و بڕوانامە وەربگرن.

لەدوای ڕاپەرین لە کوردستان چەندین قوتابخانەی نێو دەوڵەتی و قوتابخانەی تایبەتی کرانەوە، لەسەرەتادا ژمارەیان کەمبوو، ژمارەیەکی کەمی خەڵکیش منداڵەکانیان لەم جۆرە قوتابخانانە دادەنا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خوێندنی بە پارە وەکو نەریتێکی لێهاتووە لەناو

خێزانە دەوڵەمەندەکان و مامناوەندەکان، کە منداڵەکانیان بەبێ جیاوازی لە خوێندنی تایبەت دادەنێن. ئەو پرسیارەش بە کێشی (2.90) لە لایەن لێتوێژراوانەوە خەملێنراوە.

خوێندن هەر تەنها بۆ مەبەستی فێر بوون و نووسین نیە، بگرە چەندین ئامانجی دیکەی لە پشتەوەیە، ئەویش دامەزراندن و کارکردن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ بەرجەستەبوونی جۆرێك لە ئازادی لە ئەنجامی سەربەخۆی ئابووریدا. کاتێك ژن دەبێتە خاوەن بڕوانامە و بەهۆیەوە کارێکی دەست دەکەوێت و دەبێتە خاوەن مووچە و داهاتی تایبەتی خۆی، جگە لەوەی پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی پڕدەکاتەوە و پشت بە پیاوانی بنەماڵەکەی نابەستێت. دەتوانێت بەشداری لە دابینکردنی داهاتی خێزانەکەشی بکات. بەمەش ڕاوبۆچوونەکانی بە هەند وەردەگیرێن و زیاتر دانی پێدادەنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی بەخۆی زیاتر بێت و لە ئەنجامدا پێگەشی بەرز بێتەوە.، بەکێشی (2.63).

تەواوکردنی خوێندن و کارکردنی ژنان، مانای بەشداریکردنیانە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەمەش نەك هەر سوودی بۆخۆی و خێزانەکەی دەبێت، بگرە کاریگەری ئەرێنی بۆ سەر کۆمەڵگەش دەبێت. دەتوانن لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، بەمەش دەبنە جێگای شانازی کەس و کار و خێزانەکانیان، ئەوەش بە کێشی (2.89) هاتووە.

لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکاندا، ئەوکچانەی قوتابی بوون و دەیانخوێند، دوای تەواو کردنی خوێندن ئینجا بیریان لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکردەوە. تەنانەت ئەوانەی پەیوەندی خۆشەویستیشیان هەبوو، نەدەکرا بخوێنن و بچنە ژیانی هاوسەریشەوە، لە هەموو قوتابخانە ئامادەییەکان و زانکۆش قوتابییەکت نەدەدۆزیەوە ژیانی هاوسەری پێکهێنابێت. بۆیە دیاردەی هاوسەرگیری پێش وەختە تەنها لەناو توێژی نەخوێندەوارەکان هەبوو، ئەو پرسیارە بە کێشی (2.69) لە ڕوانگەی ئەندامانی توێژینەوەکە ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم ئەنجامە لەبەر دوو هۆکارە یەکەمیان، گرنگیدان بە خوێندنی کچان. دووەمیان، سەرهەڵدانی دیاردەی هاوسەرگیری پێش وەختە لە نێو قوتابیان، لە چوارچێوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەندێك لەمافەکانی ژنان و ئازادی و سەربەخۆیی بەرجەستە بوو بەتایبەتی مافی خوێندن، لەلایەکی دیکەشەوە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و هاتنی بەلێشاوی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان بۆ کوردستان، وایکرد کچان و کوڕان بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر بکەن و یەکتر بناسن، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی لە لایەنی مادی ڕوویانداوە، بەڵام پێشکەوتنی مەعنەوی بەو پلەو ئاستی مادی نیە، بۆیە هەر پەیوەندییەکی کچ و کوڕ دەبێت لە چوارچێوەی خێزانداری و بە پرۆسەی هاوسەرگیری کۆتای بێت. بۆیە کچەکان دوای هاوسەگیریش لە خوێندن بەردەوام دەبن. گرنگی خوێندن لە ژیانی مرۆڤدا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وەکو پێداویستییەکی لێهاتووە لەناو کۆمەڵگەی کوردی و بگرە بۆتە کولتوور، نەخوێندەواری خەریکە دەبێتە نەنگییەکی کۆمەڵایەتی و ئەو قسەیەی کە دەڵێ کچ پێویستی بە خوێندن نیە چونکە دوا ڕۆژی هەر هاوسەرگیرییە، هیچ شوێنەوارێکی بەسەر بیرکردنەوەی خەڵکیدا نەماوە. بەکێشی (2.90) هاتووە.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەی لە کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (1991) بەتایبەتی لەدوای ساڵی (2003ز) ی ڕوویانداوە، بۆتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ سەر چینی جیاواز، ئەوانیش چینەکانی دەوڵەمەند، ناوەند و هەژار.پێگەی ژن لە چینی دەوڵەمەند و ناوەند بەرزترە لە ژنانی چینی هەژار.

2. جیاوازی هەیە لە بەرزبوونەوەی پێگەی ژن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر, لە گەڕەکە دەوڵەمەندو ناوەندەکان نزیکەی وەکو یەکە، لە گەڕەکە هەژارنشینەکان پێگەی ژن نزمترە.

3. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە بۆ پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن. بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ پێگەی ژن بەپێی گۆڕاوی پیشە و پلەی خوێندەواری .

4. کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغی گواستنەوە دایە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی، دەرەبەگایەتی و داخراوەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوەو سەرمایەدارییەوە. لە قۆناغی سەرمایەداریدا بەهۆی پێشکەوتنی لە ڕادەبەدەری تەکنۆلۆجیاو فراوانبوونی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان و زۆربوونی پیشەسازی و کارگە و کارخانەکان، پێویستی کۆمەڵگە بۆ هێزی بازوو و مەچەکی پیاو کەمتر دەبێتەوە, سەرەنجام پێگەی ژن و پیاو تا ئاستێکی باش هاوسەنگ دەبێت.

5. دابەشکردنی کار شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، ئەو شێوە تەقلیدی و باوەی جاران ژن ئیشی ماڵەوەو پیاو ئیشی دەرەوە بکات، نەماوە. بەمەش ژن پێگەی بەرزتر بۆتەوە.

6. لە کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (1991) ڕێکخراوی پیشەیی و حزبی زۆر دامەزراون، بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی بانگەشەی یەکسانی ژن و پیاو دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش ڕێژەی بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسیدا زۆر کەمە، ئەگەرچی خەڵکیش درکی بەو ڕاستییە کردووە کە ژنیش دەتوانێت کاروباری سیاسی هەڵسوڕێنێت، بەڵام هێشتا زۆر ئاسایی نیە ببێتە ئەندامی حزبێك یان ڕێکخراوێکی پیشەیی، لەبەرامبەردا ژنان ئازادییەکی تەواویان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پەرلەمان و حکومەتدا هەیە، هەروەها ژن دەتوانێت خۆی بۆ پۆستی حکومی کاندید بکات

7. لە کوردستان خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی وەکو پێداویستییەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچ بۆ پرۆسەی خوێندن نەماوە. کچان هەر بۆ مەبەستی خوێندەوار بوون لەبەر خوێندن دانانرێن،بەڵکو بۆ ئەوەیە خوێندنەکە

تەواو بکەن و بڕوانامە وەربگرن. خوێندنی کچان بۆتە جێی شانازی بنەماڵە و خێزانەکانیان و گرنگی پێدانی زیاتر بە ڕاوبۆچوونەکانیان.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

1- پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە پرسی ژنان، هەڵسن بە هۆشیار کردنەوەی ژنان و ئاشنا کردنیان بە مافەکانیان لە ڕێگەی پرۆگرامێکی تایبەتەوە، کە تیایدا کۆڕ و سیمیناری تایبەت لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ژنان ساز بکرێت بە تایبەتی لە گەڕەکە هەژار نشینەکان.

2- پێویستە حکومەت خزمەتگوزاری زیاتر بە گەڕەکە هەژار نشینەکان بگەیەنێت، لە ڕێگەی کردنەوەی خوێندنگای نەهێشتنی نەخوێندەواری و هاندانی ژنانی نەخوێندەوار بۆ گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن و کار ئاسانی بۆیان.

3- کردنەوەی بنکەی ڕۆشنبیری لەهەر گەڕەکێك بەتایبەتی لە گەڕەکە هەژار نشینەکان, بۆ ئەوەی ژنان لەکاتی دەستبەتاڵیان ڕوو لەم شوێنانە بکەن و گرنگی زیاتر بە لایەنی زانستی مەعریفی خۆیان بدەن.

